حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# پزیشکیی میللی

## توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە لە شاری سلێمانی

نامەیەکە خوێندکار
**خەڵات محسن جلال**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستر لە کۆمەڵناسی/ ئەنثرۆپۆلۆجیادا

بە سەرپەرشتی
**د. جوان بختیار بهاءالدین**

٢٧٢٢کوردی ١٤٤٣ کۆچی ٢٠٢٢زایینی

**بڕیاری سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیەی خوێندکار (**خەلات محسن جلال**) بە ناونیشانی (**پزیشکیی میللی توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجییە لە شاری سلێمانی**)، بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە (کۆمەڵناسی – ئەنترۆپۆلۆجی)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. جوان إحسان فوزي بهاء الدين

پلەی زانستی: مامۆستا

**ڕێکەوت** ١٧/٤/٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. أمير ضياء الدين محمد

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

**ڕێکەوت** ١٧/٤/٢٠٢٢

**ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (خەلات محسن جلال) بە ناونیشانی (**پزیشکیی میللی _ توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجییە لە شاری سلێمانی**)، خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە (کۆمەڵناسی_ئەنترۆپۆلۆجییا)دا، پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: د. نجاة محمد فرج
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٢/٦/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. نوری یاسین هرزانی
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ١/ ٦/ ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. عبدالله خورشید عبدالله
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ١/٦/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. جوانە جتیار بهاءالدین
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١/ ٦/ ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی _ پەسەندکرا

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ٢٦/ ٧/ ٢٠٢٢

پێشکەشە بە:

- ✓ تاجی سەر و هیوای ژیانم "دایک و باوک"م
- ✓ هاوسەری ئازیزم "زانا"
- ✓ ڕۆشنایی چاوەکانم "دێرا و دیەن"
- ✓ خوشکەکانم: "لەنجە، سارا، سەحەر"

**سوپاس و پێزانین:**

- ✓ سوپاس بۆ خودای بێهاوتا ..
- ✓ سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (د. جوان بختیار بهاءالدين).
- ✓ سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێزان (د. عبدالله خورشید عبدالله، د. نوری یاسین هەرزانی)، ئەوان بوون زیاتر ئەنثرۆپۆلۆجیایان لەلا خۆشەویست کردم و، هەرگیز ماندووبوون و دڵسۆزییەکانیانم لە یاد ناچێت.
- ✓ سوپاس بۆ یارمەتییەکانی مامۆستا کامەران سیوەیلی و کاک ڕێبوار ئەحمەد
- ✓ گەلێک سوپاس بۆ کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان/ لقی سلێمانی، بە تایبەت بەڕێزان مامۆستا قەییوم عەبدولکەریم و کاک جەلال، گەر هاوکارییەکانی ئەوان نەبا، ئەم توێژینەوەیە بە پایان نەدەگەشت.
- ✓ سوپاسی سەرجەم ئەو پزیشکە میللییانە دەکەم، کە زۆر لێبووردوانە ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان.

# پێڕست


| بابەت | ژ.لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێڕستی بابەتەکان** | |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| پێشکەشە | ج |
| سوپاس و پێزانین | د |
| پێڕستی بابەتەکان | هـ |
| **پێشەکی** | ١ |
| **بەشی یەکەم**<br>**ڕەگەزەکان و میتۆدی توێژینەوە** | ٥_١٨ |
| **باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوە** | ٦ |
| ١. بابەتی توێژینەوە | ٦ |
| ٢. گرنگی توێژینەوە | ٧ |
| ٣. ئامانجی توێژینەوە | ٨ |
| ٤. گرفتەکانی توێژەر | ٩ |
| باسی دووەم: میتۆد و کۆمەلگەی توێژینەوە | ١٠ |
| ١. میتۆدەکانی توێژینەوە | ١٠ |
| ٢. کۆمەڵگەی توێژینەوە | ١٣ |
| ٣. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | ١٦ |
| ٤. بوارەکانی توێژینەوە | ١٧ |
| **بەشی دووەم**<br>**مێژووی پزیشکیی میللی و ڕووکارەکانی** | ٢٠_٦٥ |
| باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی پزیشکیی میللی | ٢٠ |
| ١. سەرهەڵدان و مێژووی پزیشکیی میللی | ٢١ |
| ٢. پزیشکیی میللی و پزیشکی نوێ | ٣٣ |
| **باسی دووەم: ڕووکارەکانی پزیشکیی میللی** | ٤٤ |
| ١. پزیشکیی میللی وەک پیشەیەکی بۆماوەیی | ٤٤ |
| ٢. پزیشکیی میللی وەک بەشێک لە کلتووری کۆمەڵگە | ٤٩ |
| ٣. پزیشکیی میللی وەک چارەسەرێک بۆ لایەنی دەروونی | ٥٤ |
| ٤. پزیشکیی میللی لەڕووی ئایینییەوە | ٥٧ |

| | |
|---|---|
| ٦٧_٩٨ | **بەشی سێیەم<br>ڕەهەندەکانی چارەسەری میللی** |
| ٦٧ | باسی یەکەم: زانیاری دەربارەی نەخۆشەکان و هۆکارەکانی وەرگرتنی چارەسەر |
| ٦٧ | ١. زانیاریی دەربارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی پزیشکی میللی دەکەن |
| ٦٩ | ٢. هۆکارەکانی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ لای پزیشکی میللی |
| ٧٥ | باسی دووەم: چارەسەری میللی و نەخۆشییە باوەکان |
| ٧٥ | ١. نەخۆش و چارەسەری میللی |
| ٨٥ | ٢. دیارترین ئەو نەخۆشیانەی چارەسەری میللییان بۆ دەکرێت |
| ١٠١_١١٧ | **بەشی چوارەم<br>ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە** |
| ١٠١ | **باسی یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە** |
| ١٠٤ | **باسی دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە** |
| ١٠٤ | ١. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە |
| ١٠٥ | ٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە |
| ١٠٦ | لیستی سەرچاوەکان |
| ١٠٦ | یەکەم: لیستی سەرچاوە کوردییەکان |
| ١٠٧ | دووەم: لیستی سەرچاوە عەرەبییەکان |
| ١١٣ | سێیەم: لیستی سەرچاوە ئینگلیزی و فەرەنسییەکان |
| ١١٤ | چوارەم: لیستی چاوپێکەوتنەکان |
| ١١٦ | پێنجەم: گۆڤار و ماڵپەڕەکان |
| ١١٨ | شەشەم: توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا |
| ١٢٠ | حەوتەم: پاشکۆ |
| | پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی (الملخص) |
| | پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی (summary) |

# پێشەکی

هەموو کۆمەڵگەیەک خاوەنی کلتوری تایبەت بەخۆیەتی، کلتور بەشێوازی ژیانی گەلێک یاخود کۆمەڵگەیەک دادەنرێت و، کۆمەڵگە بەهۆی کلتورەکەیەوە دەناسرێت، ئەویش کۆی شێوازەکانی ڕەفتار و هونەر و بیروباوەڕ و دابونەریت و سەرجەم بەرهەمی کار و فیکری مرۆیی و چالاکی فکریی و هونەرییە، یاخود گەشەی ئەقڵ و ڕۆشنبیربوونە، هەروەک ئاشکرایە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کلتور و کۆمەڵگەدا هەیە، ئەو خاسێتانەی دەبنە بنەما بۆ کۆمەڵگەیەک هەمان ئەو خاسێتانەن کلتور بەرهەم دێنن، هەر لەبەرئەمەیە کلتور جێی بایەخ و گرنگی پێدانی سەرجەم بەش و لقەکانی ئەنثرۆپۆلۆجیایە*، تەنانەت هەندێک بەسیستمێکی سەربەخۆی لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا**، دادەنێن.

---

* ئەنثرۆپۆلۆجیا لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانییەوە هاتووە، (أنثروبوس) واتە مرۆڤ (لوجوس) واتە زانست، بەم شێوەیە ئەنثرۆپۆلۆجیا بەمانای زانستی لێکۆڵینەوەیە لە مرۆڤ.

بەواتایەکی تر ئەنثرۆپۆلۆجیا لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە لە مرۆڤ لەڕووی سروشتی و جەستەیی و مێژوویی و دێرینی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە.

هەروەها ئەنثرۆپۆلۆجستی ئەمریکی فرانز پواز دەڵێت " ئەنثرۆپۆلۆجی توێژینەوەیە لەمرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بابەتی توێژینەوەکەی کۆی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەگرێتەوە". بڕوانە:

- عيسى الشماس: مدخل الى علم الإنسان (الانثربولوجيا)، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2004، ص13.
- محمود روح الاميني، مبانی انسان شناسی، ت:محسن ثلاثی، تهران، علمی، ١٣٨١، ص٢.
- ايكه هولتكرانس، قاموس مصطلحات اثنولوجيا و الفولكور، ت: محمد جوهرى و حسن الشامى، الهيئة العامة لقصور الثقافة. مصر، بدون سنة الطبع، ص50.

** بونیادی کۆمەڵایەتی لە تۆڕێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە و ئەندامانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، لەگەڵ ئەوەی پێناسەی جۆراو جۆر بۆ ئەم چەمکە کراوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن؛ بونیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێک توخم و یەکەی کۆمەڵایەتی پێکدێت وەک سیستمەکان، دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان، سیستمە کلتوورییەکان و پێکهاتە سومبولیەکان. بڕوانە:

- مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و: عبدالله خورشید و ئەوانی تر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢١٣.

هاوكات تەندروستیەكی باش بەیەكێك لەلایەنە گرنگ و هەستیارەكانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، بێگومان بوونی تەندروستی و لەشساغی بەبێ بوونی پزیشك، سەرپێناكەوێت و ڕەگ و ڕیشەی كاریگەر داناكوتێت، لەبەرئەوە بایەخی ئەنترۆپۆلۆجیەكان بەبواری تەندروستی و ناساغی و پەیوەندیان بە كلتوری باوی كۆمەڵگەوە، بەشێوەیەكی ڕێژەیی بابەتێكی نوێیە، هۆكاری ئەمەش بڵاوبونەوەی دێرزەمانی بیری هەندێك لە فەیلەسوفان و بیروباوەڕی خەڵكی بووە، بەوەی بابەتی تەندروستی و ناساغی دیاردەیەكی جیهانی هاوبەشە، ئەمەش بووبەهۆی ئەوەی ئەم بابەتی پزیشكییە بەشێوەیەكی گشتی؛ دۆزێكی لۆكاڵی یان كلتوری وەربگرێت، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیستەوە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا زیاتر بایەخ و گرنگیاندا بەبابەتی پزیشكی و لایەنی تەندروستی و پەیوەندیان بە كلتور و تەرز و جۆرەكانی لەنێو چەقی كۆمەڵگەدا.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆجیە دەربارەی پزیشكیی میللی[*]، كەماوەی سەدان ساڵە ناسراوە و بەربڵاوە، هاوكات ئێستاشی لەگەڵ بێت پیادە دەكرێت، لەكاتێكدا كەسانی سەرقاڵ بەم پیشەیەوە بەشداریەكی زۆریان لە باشتركردنی تەندروستی مرۆڤایەتیدا كردووە، بەتایبەتی ئەو كەسانەی هەستاون بە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری چاودێری سەرەتایی، ئەمەش بابەتێكی زیندووە و بەكارهێنانی شێوازێكی چارەسەرییە كە خەڵكی لەكاتی دووچاربوونیان بە نەخۆشی ڕەچاوی دەكەن، شایانی باسە ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی هەیە لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیای (پزیشكی و كلتوری و دەرونی)[**].

---

[*] پزیشكی میللی مەبەست لێی هەموو جۆرێكی چارەسەرە لە كۆن و ئێستادا لەناو میللەتاندا بەكاردەهێنرێت و بەدەرە لەبەكارهێنانی دەرمان و ماددەی كیمیایی، لەم توێژینەوەیەدا ئەوانە وەرگیراون كە مۆڵەتی پزیشكیان هەیە بۆ پێشكەشكردنی ئەو شێوازە لە چارەسەركردن، هاوكات لە ناوەڕۆكی توێژینەوەكەشدا ڕوونكردنەوەی زیاتری لەسەر دراوە.

[**] **یەكەم**: ئەنثرپولۆجیای پزیشكی لقێكە لە لقەكانی ئەنثرۆپۆلۆجیا كەلە بنەماكانی پەروەردەی تەندروستی دەكۆڵێتەوە و، بەندە لەسەر ئەو بەهایانەی كەپێدراوی كۆمەڵایەتیان هەیە وەك ژیان، نەخۆشی. مردن، هاوكات تێڕوانین بۆ ئەم چەمكانەش بەگوێرەی بارودۆخی مێژوویی لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر جیاوازە؛ چونكە ئەو چەمكانە پەیوەندیان بە كلتوور و مێژوو شارستانی و تایبەتمەندی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراوەوە هەیە. ئاشكرایە پەروەردەی تەندروستی پەیوەستە بە پەروەردەی گشتی و تێڕوانینی كۆمەڵگە بۆ چەمكەكانی ژیان و نەخۆشی و مردن و

ئێستا لەسەرتاسەری جیهاندا بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەڵمانیا و ئەمریکا کەنەدا، گەڕانەوەیەکی خێرا بەرەو چارەسەر بە بەرهەمە سرووشتییەکانی دەستپێکردووە وەک ڕووەکە پزیشکییەکان و هەنگوین و گیانەوەرەکانی نێو دەریا! جا یان ڕاستەخۆ سوودیان لێدەبینرێت یان دەکرێت بە درەمان و وەک چارەسەر دەدرێن بە نەخۆش، ئەڵبەتە خاڵی گرنگ و بەهێز لە گەڕانەوە بۆ بەرهەمە سرووشتییەکان ئەوەیە؛ جگە لەوەی بە ئاسانی دەستدەکەون و کاریگەری لاوەکیان نیە و لە نرخیشدا زۆر لە دەرمانە کیمیاییەکان هەرزانترن.

وەک ئاشکرایە ماوەی دوو ساڵە سەرجەم جیهان بەدەست ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەناڵێنێت و، چەندین ڕێگا بۆ چارسەر گیراوەتەبەر، لەزۆر هەواڵ و سایتە ئەلیکترۆنییەکان پێشنیازی جۆراوجۆر خراوەتەڕوو، یەکێک لەو هەواڵانە ئاژانسی (بلومبێرگ) لە ٢٠٢٠/٢/١٦ بڵاوی کردوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا حکومەتی پەکین دەستیان بە تاقیکردنەوەی چارەسەرێکی میللی کردووە لەسەر توشبوانی کۆرۆنا، ئەو چارەسەرە تەمەنی زیاتر لە سێ هەزار ساڵە. (وانگ هیشینگ) سەرۆکی لیژنەی تەندرووستی نیشتمانی چین لە هەرێمی هوبی مۆڵگەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە؛ ڕایگەیاند: "ئێستا نەخۆشخانەکانی هەرێمەکە تێکەڵەیەکی چارەسەری میللی چینی و دەرمانی ڕۆژئاوایی بەکاردەهێنن بۆ چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا، وتیشی ئەو جۆرە چارەسەرە ئەنجامی باشی هەبووە و ئاماژەی بەوە کرد باشترین پسپۆڕی

---

تەندروستی و تێکڕای ڕەهەندە دەرونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیەکان، هەروەها پەیوەستە بە بارودۆخی بەها بەربڵاوەکان و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سروشتی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی.

**دووەم**: ئەنثرۆپۆلۆجیای کلتووری ئەم لقەی ئەنثرۆپۆلۆجیا لێکۆلینەوە لەو ڕەفتار و کارانەی مرۆڤ دەکات کە هەڵقوڵاوی کلتوورەکەیەتی. بەواتایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لەمرۆڤ لەچوارچێوەی ئەو کلتوورەی کەتیایدا دەژی.

**سێیەم**: ئەنثرۆپۆلۆجیای دەروونی ئەم لقەی ئەنثرۆپۆلۆجیا بە کلتوورو کەسێتی ناسراوە و، تیایدا گرنگی دەدرێت بە لێکۆڵینەوە لە شێوە جیاوازەکانی کەسێتی و ئەو بنەمایانەی کەسێتی لەسەر بونیاد دەنرێت، لە کۆمەڵگە و کلتوورە جیاوازەکاندا. بڕوانە:

_ محمد صفوح الاخرس، الانثروبولوجيا و تنمية المجتمعات المحلية، ط1، مكتبة الاسد، دمشق، 2001، ص110.

_ ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 1985، ص25 و 76.

چارەسەری میللی چینی ڕەوانەی هەرێمەکەیان کراوە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی تووشبوانی کۆرۆنا".[1]

کەواتە هەرچەندە تێکڕای جیهان لەبواری پزیشکیدا هەنگاوی باشی نابێت، بەڵام پێویستی و گەڕانەوە بۆ چارەسەرە میللییەکان بەردەوامە و ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆرینەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕووی ئامێر و دەرمانەوە، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی گیادەرمانە و چارەسەری سروشتی.

ئەم توێژینەوەیە دابەشدەبێت بۆ چوار بەشی سەرەکی، لە **بەشی یەکەمدا** باس لە ڕەگەز و میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کراوە.

لە **بەشی دووەمیشدا** تیشکخراوەتەسەر مێژووی پزیشکیی میللی و ڕووکارەکانی، ئەم بەشە خۆی لە دوو باسدا دەبینێتەوە ئەوانیش؛ سەرهەڵدان و مێژووی پزیشکیی میللی و بەراوردی لەگەڵ پزیشکی نوێدا، هاوکات پزیشکیی میللی لە چەند ڕوویەکەوە خراوەتەڕوو، ئەوانیش؛ پزیشکیی میللی وەک پیشەیەکی بۆ ماوەیی، پزیشکیی میللی وەک بەشێک لە کلتوری کۆمەڵگە، پزیشکیی میللی وەک چارەسەرێک بۆ لایەنی دەروونی، پزیشکیی میللی لەڕووی ئایینییەوە.

هەرچی **بەشی سێیەمی** توێژینەوەکەیە، لە دوو باسدا ڕەهەندەکانی چارەسەری میللی، دەخاتەڕوو، لە باسی یەکەمدا زانیاری دەربارەی نەخۆشەکان و هۆکاری وەرگرتنی چارەسەر لەلای پزیشکی میللی خراوەتەڕوو، لە باسی دووەمیشدا باس لە نەخۆشیی و چارەسەری میللی دەکات لەگەڵ دیارترینی ئەو نەخۆشییانەی کە چارەسەری میللییان بۆ دەکرێت.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە **بەشی چوارەم** و کۆتاییەوە هەیە، ئەوا تیایدا تیشکخراوەتەسەر ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ. لە کۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی، خراوەتەڕوو.

---

[1] ئەم هەواڵە لە سایتی www.gksat.tv وە، وەرگیراوە، لە ٢٠٢٠/٢/١٦ بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی یەکەم

# ڕەگەزەکان و میتۆدی توێژینەوە

## باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

1 . بابەتی توێژینەوەکە

2 . گرنگی توێژینەوەکە

3 . ئامانجی توێژینەوە

4 . گرفتەکانی توێژەر

## باسی دووەم: میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

1 . میتۆدەکانی توێژینەوەکە

2 . کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

3 . ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

4 . بوارەکانی توێژینەوەکە

# بەشی یەکەم
# ڕەگەزەکان و میتۆدی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە
### ١.بابەتی توێژینەوەکە

بابەتی توێژینەوە بەیەکێک لەڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوە دادەنرێت، دەرئەنجامی هەستکردنە بە ناڕوونی بابەتێک، کێشەیەک، پرسێک، دیاردەیەک لای توێژەر، ئەو هەستە پاڵ بە توێژەرەوە دەنێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو ناڕوونیە، هاوکات دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە لەگرنگترین قۆناغەکانی توێژینەوەی زانستیە، بەگوێرەی ئەوەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەموو کردار و هەنگاوەکانی توێژینەوەکە هەیە[1].

لەگەڵ ئەوەشدا دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە کارێکی ئاسان نییە، بەجۆرێک توێژەرانی زانستی جەخت لەوە دەکەنەوە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە و دیاریکردنی، لەوانەیە قورستربێت لەدۆزینەوەی چارەسەر بۆی، بەپێی ئەوەی ئەم دیاریکردن و هەڵبژاردنە بواری زۆر لەخۆ دەگرێت، وەک جۆری توێژینەوەکە کە توێژەرەکە ئەنجامی دەدات، سروشتی میتۆدی پەیڕەوکراو، پلانی توێژینەوە و ئامرازەکانی، هەروەها جۆری ئەو زانیاریانەی کە توێژەر بەدەستیان دێنێت[2].

بابەتی توێژینەوە هەڵوێستی توێژەرە بەرامبەر دیاردەیەک، کێشە و گرفتێک یاخود پرسیارێک کە پێویستی بە مشتومڕ و بەدواداچوون و وەڵام و تاوتوێکردن و لێکدانەوەی زیاتر هەیە، ئەمەش پێویستی بەهەوڵی بێوچانی توێژەر هەیە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیار و ڕاستیە زانستیەکان. بابەتی ئەم توێژینەوەیەش توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجیە دەربارەی (پزیشکیی میللی لەشاری سلێمانی) تیایدا هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەدەین:

---

[1] محمد شفيق، البحث العلمی الاسس- الاعداد- المکتب الجامعی الحديث، الاسکندرية، مصر، 2008، ص17.

[2] عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعی، ط3، مکتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، 1971، ص139.

1. لەپزیشکی میللیدا چۆن نەخۆشەکان دیاریدەکرێن و شێوازی چارەسەریەکان چۆنن؟
2. خەڵکی زیاتر بۆ چ جۆرە نەخۆشیەک پەنا دەبەنەبەر پزیشکیی میللی ؟
3. چ هۆکارێک وا دەکات نەخۆش سەردانی پزیشکیی میللی بکات؟
4. زۆرترین ئەو خەڵکانەی سەردانی پزیشکیی میللی دەکەن لە چ ئاستێکی تەمەندان؟
5. ئایا ئەمە پیشەیەکی بۆماوەیی و خێزانییە یاخود پیشەیەکی تاکە کەسیە؟
6. ئایا ئەو چارەسەریانەی پێشکەشدەکرێن لەسەر بنەمای ئەزموونە یاخود لەسەر بنەمای زانستیە؟

## ٢.گرنگی توێژینەوەکە

توێژینەوەکان لە هەر بوار و لایەنێکدا بن گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە و بۆ خزمەتکردنە بەزانست و ڕەوتی ژیانی مرۆڤەکان، گرنگی توێژینەوە لەکەمی توێژینەوە دەربارەی بابەتێک، یاخود زیادکردنی زانیاری نوێ بۆ بابەتێک سەرچاوە دەگرێت[1].

دەتوانین بڵێین گرنگی توێژینەوە، گرنگی تیۆری و گرنگی پراکتیکییە، مەبەست لە گرنگی تیۆری کەڵەکەبوونی زانیاری و مەعریفەی زانستییە لەبواری زانستەکە خۆیدا، لەکاتێکدا گرنگی پراکتیکی جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی هەر گرفت و بابەتێکە کە توێژینەوەکەی لەپێناودا نوسراوە[2].

## گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

1) لەژیانی مرۆڤدا هیچ شتێک هێندەی تەندروستی گرنگ نییە، لایەنی تەندروستی مرۆڤ هەر لەمنداڵی تا دەگاتە مردن ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، لەبەرئەوە توێژینەوەکە لێرەدا مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەم لایەنەی ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵکە دەربارەی بابەتە تەندروستییەکان.

2) گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە لەوەدایە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانیاری لەبواری ئەنثرۆپۆلۆجیادا، لەبەرئەوە بەگوێرەی توانا هەوڵمانداوە شتێکی نوێ بەزمانی

---

[1] سهيل رزق دياب، مناهج البحث العلمي، (بدون الطبع)، فلسطين، 2003، ص39.

[2] محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، کتێبخانەی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٠٦.

کوردی بخەینە کتێبخانەی کوردییەوە، هەرچەندە بابەتەکە یەکێکە لەبابەتە دێرینەکان، بەڵام ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت یەکەم توێژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆجیە بەزمانی کوردی دەربارەی پزیشکیی میللی ئەنجام بدرێت.

3) بابەتێکی سەرەکی ئەنثرۆپۆلۆجیا توێژینەوەیە لە داب و نەریتەکان، پزیشکیی میللی و ئەو چارەسەریانەی بەکاریدەهێنن بووە بە یەکێک لە کلتورە گرنگەکان؛ زۆرینەی خەڵکی لە کۆمەڵگەدا ڕەچاوی دەکەن و زۆربەشیان وەک بیر و باوەڕێک پشتی پێدەبەستن.

4) لەڕووی مێژووییەوە بابەتێکی دێرینە و گەلێک کۆمەڵگا و وڵاتانی جیهان پێش ٥٠٠٠ ساڵ لەمەو پێش، بەتایبەت لای میسرییە کۆنەکان، پەیڕەو کراوە و، ئێستاشی لەگەڵ بێت بە بابەتێکی زیندوو ناسراوە و، نەک لای خەڵکی نامۆ نییە؛ بەڵکو زۆرینە لەبری پزیشکی فەرمی پەنای بۆ دەبەن.[1]

5) یەکێک لە گرنگترین ئەو پرەنسیپانەی مرۆڤ بۆ تەندرووستییەکی باش ڕەچاوی دەکات، بابەتی بەکارهێنانی دەرمانی سرووشتی و دوورکەوتنەوەیەتی لە ماددەی کیمیایی؛ کەوابو بوونی بابەتێکی وەها؛ بایەخ بەو لایەنە بدات گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە و لای زۆرێک لە خەڵکی پەسەندکراوە.

6) چارەسەرە میللییەکان؛ لەچارەسەری نەخۆشییەکاندا بەشدارن، ئەم توێژینەوەیە ئاشناکردنی ئەو چارەسەرانەیە بە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

7) سوودگەیاندە بە ژینگەی سرووشتی کوردستان لەمیانەی ئەو گیاسرووشتیانەی کە تێیدایە و، دەکرێت چەندین دەرمانی لێدروست بکرێت.

8) ئاشکراکردنی کاری چارەسەرکارە میللییەکانە لە پێشکەشکردنی چارەسەرەکانیان بە نەخۆش.

## ٣.ئامانجی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەک ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، لەڕاستیدا توێژینەوەکان لەپێناو ئامانجەکاندا ئەنجام دەدرێن، ئامانجەکانیش ئەو بارودۆخانەیە کە توێژەر هەوڵدەدات

[1] منظمة الصحة العالمية: استراتيجية منظمة الصحة العالمية في الطب التقليدي (الشعبي)، منشورات منظمة الصحة العالمية 2014-2023، ص ١٦

پێیان بگات[1]. پەیوەندیەکی بەهێزیش لە نێوان ئامانج و بابەتی توێژینەوەدا هەیە، بەجۆرێک دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوە یەکێکە لە هۆکارە یارمەتیدەرەکان بۆ دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە[2].

**ئامانج لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەمانەی خوارەوە:**

1) خستنەڕووی پیادەکردنی پزیشکیی میللی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

2) خستنەڕووی جۆری نەخۆشییەکان و شێوازی چارەسەرکردنیانە.

3) دەرخستنی ئەو نەخۆشیانەی بەڕێژەیەکی زیاتر لە نەخۆشییەکانی تر پەنا دەبەنە بەر پزیشکیی میللی .

4) دیاریکردنی ئەو تەمەنانەی کە زۆرتر سەردانی پزیشکیی میللی دەکەن.

5) خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی وا لە نەخۆش دەکات سەردانی پزیشکیی میللی بکات.

## ٤.گرفتەکانی توێژەر:

1) کەمی سەرچاوە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە.

2) پێنەدانی زانیاری لەلایەن ئەندامان و نمونەی توێژینەوەکە.

3) شاردنەوە و دەرنەخستنی هەندێک لە زانیاریەکان لە لایەن هەندێک لە پزیشکە میللییەکانەوە.

4) نەبوون و تۆمارکردنی زانیاری لەلایەن بەرێوەبەرایەتی تەندروستی ئەمە ئەرکی توێژەری قورسترکرد.*

---

1 فیصل السالم و توفیق فرح، قاموس التحلیل الاجتماعی، (د-ط)، لبنان، 1980، ص87.

(2) عبدالباسط محمد حسن، مصدر نفسه، ص142

* پێویست بوو لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئاماری ئەو چارەسەرکارانە هەبێت کە مۆڵەتیان هەیە، بەڵام دوای زیاتر لە دوو مانگ هاتوچۆم بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هیچ ئامارێکیان سەبارەت بەو پیشەیە لانەبوو، دواتر ئامارەکانم لەڕێگەی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستانەوە/ لقی سلێمانی دەستکەوت، لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەدا وێنەی نووسراوەکەمان خستووەتەڕوو.

## باسی دووەم: میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوە

### ١.میتۆدەکانی توێژینەوە

میتۆد؛ کۆمەڵە ڕێسایەکە، هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی ئەقڵ بەڕێوەدەبات بۆ خستنەڕووی ئەنجامێکی دیاریکراو لە سەرجەم بوارە زانستییەکاندا، یاسا و ڕێساکانیشی بەگوێرەی بوارەکان لەیەک جیاوازن[1]. یاخود پلانێکە بۆ فێربوون و، ئامانجی گشتی و تایبەتی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەت و ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە، هاوکات لەپرۆسەی سەرنجدان و وردبوونەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە بەدەستهێنان و کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و شیکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە[2].

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بەمیتۆدی ئەنثرۆپۆلۆجی لەگەڵ سود وەرگرتن لەچەند میتۆدێکی دیکەی وەک میتۆدی مێژوویی و بەراوردکاری و ئەثنۆگرافی.

### یەکەم: میتۆدی ئەنثرۆپۆلۆجی

میتۆدی ئەنثرۆپۆلۆجی واتە وەصفی واقع وەک ئەوەی کە هەیە، ئەویش بە بەدەستهێنانی چەندین بەڵگە و گەواهی دەبێت کە لە واقعی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدایە. ئەم میتۆدە توێژینەوەی ڕێڕەوی گەشەکردنی مرۆڤایەتییە لە دوو لایەنەوە؛ لایەنی بایۆلۆجی و لایەنی کلتوری، هەروەها چەندین یاسا و بنەمای لەخۆگرتووە، کە دەسەڵاتی بەسەر ئەو گەشەکردنەدا هەیە کە لە نێوان لایەنە سروشتییە جیاوازەکانی مرۆڤ و داب و نەریتی گەلانی ڕابردوو ئێستاشدا هەیە[3].

هاوکات میتۆدی ئەنثرۆپۆلۆجی میتۆدێکی گشتگیرە لەتوێژینەوەی مرۆڤدا تەنها بەتوێژینەوەی لایەنێک یان دیاردەیەک لە دیاردە ئاڵۆزەکانی ژیانی مرۆڤ ناوەستێ بەڵکو توێژینەوە دەکات لە لایەنی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و لەڕابردووی دوور یان نزیک،

---

[1] فتحیە محمد ابراهیم و مصطفی حمدی الشنوانی، مدخل الی مناهج البحث فی علم الانسان " الانثروبولوجیا "، دار المریخ للنشر، الریاض، السعودیە، 1988، ص110.

[2] محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

[3] محمد بن صالح العساف، المدخل الی البحث فی العلوم السلوکیة، مکتبة العبیکان، الریاض، 2010، ص201.

یاخود ئێستا، پشتدەبەستێت بەتێبینیکردن بەشێوەیەکی کردەیی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە، هەروەها شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بەشێوەیەکی چڕ و ورد[1].

دەتوانین بڵێین ئەم میتۆدە لەتوێژینەوەی مەیدانیدا ناسراوە بەتوێژینەوەی کێڵگەیی، بەیەکێک لەتایبەتمەندیەکانی ئەنثرۆپۆلۆجیای کلتوری دائەنرێت کەئامانج لێی خستنەڕووی کلتوری ناوخۆیی و یان کلتورەکانی دیکەیە لەنزیکەوە، کەوا لە توێژەر دەکات چەند زانیاریەکی گرنگ دەستبخات کە پەیوەندیەکی گرنگی بەتایبەتمەندی و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکات، لەمیانەی زانیاریەکانیشەوە توێژەر دەتوانێت بەشێوەیەکی ورد شیکاری بۆ بابەتەکە بکات.

لەم توێژینەوەیەدا؛ بۆ توێژینەوەی پزیشکیی میللی و شێوازی چارەسەرییەکان و ئەو ڕەوش و کلتورەی کە خەڵکی بەرێوە دەبات لەچارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیاندا، ئەم میتۆدە بەکارهاتووە.

## دووەم: میتۆدی مێژوویی

یەکێکە لەو میتۆدانەی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ناتوانرێت توێژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆجی توێژینەوەیەکی تەواو سەرکەوتوو بێت بەبێ پشتبەستن بەمێژوو بەو مانایەی تێگەیشتنی هەر دیاردەیەک لەکاتێکی دیاریکراودا پێویستە بیگەڕێنینەوە بۆ ڕابردوو گۆڕانکاریی و فراوانبوونی بەپێی کات بخەینەڕوو[2].

دەتوانین بڵێین میتۆدی مێژوویی هاوکاریمان دەکات لە دۆزینەوە و دەرخستنی لایەنی سروشتی مرۆیی لە ڕابردوودا، هەروەها چۆن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هزری کۆمەڵایەتی و کلتور و ژیانی مرۆڤ ڕێچکەی گەشەکردنیان گرتۆتەبەر، هاوکات ئەم میتۆدە لەژیانی هاوچەرخدا بەکاردەهێنرێت؛ چونکە ژیانی ئێستا درێژکراوەی ژیانی ڕابردووە، توێژینەوەکانیش تەواو کامڵ نابن بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو ژیانە ڕابردووە[3].

---

(1) عبدالحمید لطفی، الانثروبولوجیة الاجتماعیة، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٨٤، ص49.

(2) فاروق احمد مصطفی و محمد عباس ابراهیم، المناهج الانثروبولوجیة و تطبیقاتها المیدانیة، دار المعرفة الجامعیة الاسکندریة، مصر، 2010، ص54.

(3) معن خلیل عمر، الموضوعیة والتحلیل فی البحث الاجتماعی، دار الافاق الجدیدة، بیروت، 1983، ص47-48.

شایانی باسە لەم توێژینەوەیەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مێژووەی کە پزیشکیی میللی  پێدا تێپەڕیووە، ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوە و کتێب و خەڵکی بەتەمەن و شارەزا لە بوارەکەدا.

## سێیەم: میتۆدی بەراوردکاریی

ئەم میتۆدە جەختدەکاتەوە لەسەر بەراوردکردنی لایەنە لەیەکچوو جیاوازەکانی نێوان دیاردەیەک بەمەبەستی دەرخستنی ئەو هۆکارانە یان ئەو بارودۆخانەی  ڕۆڵیان هەبووە لەڕوودانی ئەو دیاردەیەدا. ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ئەو گەشەکردن و گۆڕانکارییانەی کە لەو دیاردەیەدا ڕووی داوە، هاوکات لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە توێژەر هەڵدەستێت بە پۆلێنکردنێکی وورد بۆ کلتور لەکۆمەڵگەی گشتی توێژینەوەدا[1].

لەڕاستیدا هەرچی گوتاری تیۆریی و تایبەتمەندی یەک کلتور و سیستم و کلتورە لاوەکییەکانی هەر یەک لە نەتەوە و شارستانییەکان هەیە، بە دەوری میتۆدی بەراوردکارییدا دەخولێتەوە و بەگوێرەی ئەم میتۆدە دەڕۆن، هەروەها چەندین بەراوردکاری دیکە هەن کە لە نێوان کاتە جیاوازەکان و diachronic لۆکاڵی و جیهانی و شەکلیی و ئەرکی و ئامارییدا، پشت بە هەمان میتۆد دەبەستێت و بەبێ بوونی میتۆدی بەراوردکاری دەرەنجامێکی باش نادات بەدەستەوە، هاوکات لە میانەی هەریەک لەم جۆرە جیاوازانەی خودی میتۆدەکەوە؛ ئەو سرووشت و ئامانجانەی توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، دەرەنجامێکی جیاواز دەدات بەدەستەوە.[2]

بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی بەراوردکردنی پزیشکی میللییە بە پزیشکی نوێ یان فەرمی.

## چوارەم: میتۆدی ئەثنۆگرافی

ئەم میتۆدە؛ لە توێژینەوەی پەسنیدا (الوصفي) بەکاردەهێنرێت، بۆ پەسنکردنی ژیانی کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک، یان خستنەڕووی تایبەتمەندییە کلتورییەکان، لەڕێگەی ئەم

---

([1]) قراءات معاصرة في نظرية علم الاجتماع، ت: مصطفى خلف عبدالجواد، مراجعة الترجمة: محمد الجوهري، مركز البحوث والدراسات الاجتماعية، كلية الاداب – جامعة القاهرة، 2002، ص86. (pdf) (من دون اسم الكاتب).

[2] محمد حسن غامري: المناهج الأنثروبولوجية، ط1، المركز العربي للنشر والتوزيع – الإسكندرية، ص 57

میتۆدەوە وەصفی بابەتە کلتوریەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکرێت. میتۆدی ئەثنۆگرافی لە ڕێگەی بینین بە بەشداری؛ چەندین بەڵگە و گەواهی دەخاتەڕوو، کەوا لەتوێژەر دەخوازێت بەشێوەیەکی کردەیی و مەیدانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا بژی و جەخت بکاتەوە لەسەر زانیاری تەواوەتی لەژیانی تایبەتی خەڵکدا[1].

هەروەها میتۆدی ئەثنوگرافی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و وەصفیە بۆ دابونەریت و عورفی کۆمەڵایەتی و چالاکی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو، جیاوازی نییە کۆمەڵێکی سەرەتای بن یان هاوچەرخو پێشکەوتوو، بەواتایەکی تر میتۆدی وەصفکردنی شێوازی ژیان و کلتوری گەلانێکە کەلای کۆمەڵێکی دیاریکراو یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەمیانەی کاتێکی دیاریکراودا بوونی هەیە[2].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم میتۆدە بە میتۆدێکی دەرخەرو پراکتیکی لە توێژینەوەی زانستیدا دادەنرێت لەبواری ئەثنۆلۆجیو ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتیو کلتوری، هەروەها لە زانستی کۆمەڵناسیشدا بەکاردەهێنرێت هەروەک چۆن قوتابخانەی شیکاگۆ پەیڕەویان کردووە.[3]

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئەثنوگرافی بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵ لەلای ئەو تاکانەی ئینتیمایان بۆ ئەو چارەسەرییانە هەیە کە پزیشکیی میللی پێیان دەبەخشێت.

## ٢.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ گشت ئەو کەس و دیاردانەی بابەتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، هەروەها هەموو ئەو ڕەگەز و توخمانەش لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندیان بەبابەتی توێژینەوەکەوە هەیە و لەخەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن[4].

---

(1) زیتون کمال، تصمیم البحوث الکیفیة و معالجة بیاناتها الکترونیة، عالم الکتب، القاهرة، 2006، ص306.

(2) حسین فهیم، قصة الانثروبولوجیا: فصول فی تاریخ علم الانسان، عالم المعرفة، الکویت، 1986، ص14.

3 Jean copans, lenquete ethnologique de terrain, paris – Nathan, 1998. P25.

(4) سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٢٥

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیەلە **شاری سلێمانی**، لە ساڵی ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە بنیات نراوە. ئیبراهیم پاشا شارەکەی بە ناوی باوکییەوە، سلێمان پاشا، ناوناوە. سلێمانی جگەلەوەی دەبێتە پایتەختی میرنشینی بابان، لەهەمان کاتدا دەبێتە مەڵبەندێکی بازرگانی و ڕۆشنبیری ناوچەکە. زاراوەی سۆرانی لە ناوچەکەدا پەرە دەستێنێ و دەبێتە زمانی خوێندن و نووسین بە جۆرێک زاراوەی گۆرانی لە ناوچەکەدا بەرەو کەمبوون و نەمان دەچێت. پاش ڕووخانی میرنشینی بابان لەساڵی (١٨٥١ز) لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم، شاری سلێمانی دەخرێتە سەر کۆماری ئێراقی ئەمڕۆ. لە ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ شاری سلێمانی پایتەختی دەوڵەتەکەی مەلیک مەحموود بووە.[1]

بەرلەوەی بنەماڵەی بابانییەکان بیر لە درووستکردنی شاری سلێمانی بکەنەوە، ئەمارەتەکەیان لەگوندی (قەڵاچوالان) بوو، لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئەمارەتەکە، جموجوڵی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی شارستانی لەناوچەکەدا دەستی پێکرد. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی باباندا ململانێ و توندوتیژیی لەنێوان فارسەکان و عوسمانییەکاندا هەبوو، شوێنی جوگرافیای قەڵاچوالانیش لەبەر نزیکی لە سنووری ئێرانەوە شوێنک بوو، ببوە مەترسی شەڕ و پێکدادانی نێوان لەشکری فارس و عوسمانییەکان؛ لەبەرەئەوە هەریەک لە "نادر شا و سوڵتان مەحمودی یەکەم" لە هەوڵی ئەوەدابوون ئەمارەتی بابان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، هاوکات کێشمەکێشی ناوخۆیی لەنێو بنەماڵەی بابانییەکان و ئەمارەتە کوردییەکاندا بۆ کورسی و دەستەڵات ئەوەندەی دیکە مەترسی لەسەر ناوچەکە دروست کردبوو، ئەمەش وایکرد مەحمود پاشای بابان ساڵی (1781)ی زاینی بیری لەوەکردەوە ناوەندی بەڕێوەبردنی سیاسی لە قەڵاچوالانەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆیە سەرای حکومەتی لە نزیک گوندی مەڵکەندی دروستکرد، دواتر ئیبراهیم پاشای بابان لەساڵی (1783)دا فەرمانڕەوایی ئەمارەتەکەی گرتە ئەستۆ و دەستیکرد بە دروستکردنی شاری سلێمانی، هەتا لە ساڵی (1784)دا کۆتایی هات بە دروستکردنی شاری سلێمانی، لەهەمان ساڵدا بابانییەکان پایتەختی ئەمارەتەکەیان گواستەوە سلێمانی.

---

[1] مەسعود مەحمود حەسەن: شاری سلێمانی( 1988-2003) "توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، نامەیەکی ماستەرە، پێشکەشی بە (بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی)ی کراوە، ٢٠١٨، (بڵاونەکراوەتەوە) ل ٣٧_٤٢.

لەساڵنامەی (1955)ی سلێمانیدا کە لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاوکراوەتەوە هاتووە کە: "ئیبراهیم پاشای بابان خۆی حوکمداری شاری قەڵاچوالان بووە، لەبەر ناخۆشی و تەنگی شوێنەکە و ترسی هێرشی دوژمن بەتایبەتی لە نادر شای حوکمداری ئێران کە گەلێ جار ویستویەتی هەڵمەت بەرێتە سەری و دەستبەسەری بکات، بەناچاری شاروشوێنی هەڵسوڕانی کاروباری وڵاتەکەی گواستەوە ئەم شوێنەی کە ئێستا شاری سلێمانییە".[1]

شاری سلێمانی لەپاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ەوە فراوانبوون و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و، ئێستا وەک یەکێک لە شارە هێمن و خاوێنەکان لە عێراق بەناوبانگە. بەو هۆیەوە لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردووە و بووە بە پەناگەی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە خوارووی عێراق و ناوچەکانی ناوەڕاستەوە ڕوو دەکەنە ئەو شارە.

سلێمانی زانکۆیەکی گەورەی هەیە کە بە زانکۆی سلێمانی ناسراوە. بە دووریی ٦٠ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە، بەنداوی دووکان هەیە کە یەکێکە لە بەنداوە گەورەکانی عێراق. سلێمانی بە هاوینەهەوارەکانی وەک هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا، سەرچنار، بەنداوی دووکان، سەرتەکی بەمۆ، کونەماسی، ئەزمڕ و قەرەداغ و چەندین هاوینەهەواری دڵڕفێنی دیکەش، بەناوبانگە. ئەم شارە لە ڕێڕەوی دامەزراندن و پەرەسەندن و پێداچەسپاندنی خۆیدا لە کۆڕی شارستانێتی و پێشڕەویدا کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەر و شاعیری باشی بۆ مێژوو هێشتۆتەوە. لەوانە (نالی، مەحوی، پیرەمێرد، گۆران، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سالم، کوردی، حەمدی، زێوەر، بێخود، شێخ نوری شێخ صاڵح، ئەمین زەکی بەگ، فایەق بێکەس، تۆفیق وەهبی، وەلی دێوانە، کاک ئەحمەدی شێخ.. هتد) و سەدان نووسەر و شاعیری تریش.[2]

شاری سلێمانی بە ڕای زورێک لە خەڵکی کوردستان بە شاری ڕۆشنبیریی کوردستان دەناسرێت. ئەوان وا دەزانن کە ئەو بەرفراوانییەش بۆ دەوری بابان و دامەزراندنی شار و ماوەیەکیش لە ساڵانی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، کە هەموو

---

(1) ئاراس حمه صالح: مولانا خالد النقشبندي وجهوده العلمية، نقله إلى العربية: زانا ناجي، (بحث منشور في مجلة جامعة السليمانية، عدد 11، 2018، ص 8_15

2 ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی ٢٠٠ ساڵ، چاپی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ل ٥٠٣

مەلا و زاناکان شاعیر و نووسەر بوون و، ڕۆڵی مزگەوت و حوجرەش کەم نەبووە لەو بوارەدا، سێ کوچکەی بابان، نالی و سالم و کوردی قوتابحانەی شیعری بابان درووستدەکەن و ئەگەر ئەو قوتابخانەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گەلێک دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردیدا نەمابێت، ئەوا فۆرمی ئەدەبیاتی کوردی ئەمڕۆ هەر بەرەوپێشچوونی فۆرمی ئەو ئەدەبەیە، ئەو زارەی پێی دەنووسرێت هەر ئەو زارەیە، زۆربەی گەورەنووسەرانی ئەو سەردەمە [کە پێشتر ئاماژەمان پێدان] و چەندین نووسەر و شاعیری دوای ساڵی پەنجاکان، بوون بە بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخ لە کوردستاندا. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ چەند هونەرمەندی بەناوبانگی تر لە سلێمانی هەڵکەوتن کە ڕۆڵیان بوە لە شەپۆلی نوێی ئەدەبی کوردیدا، لەوانە: مەریوان وریا قانع، بەختیار عەلی، بەرزان هەستیار، گۆران بابە عەلی، زمناکۆ بورهان قانع، محەممەد موکری، قوبادی جەلی زادە و چەند ناوێکی تر. ئەم بوارە بەرفراوانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت سلێمانی تێیدا پێشەنگە و هەمیشە ئەو نووسەر و شاعیرانە ڕۆڵی بەرچاویان لە بزوتنەوەی کوردایەتیشدا هەبووە و بوونەتە داینەمۆی شۆڕشەکان، یەکێکی تر لە ئەو شتانەی کە سلێمانی بە شاری ڕۆشنبیری ناساندوە ئەوەیە کە یەکەم چاپخانە کە لە کوردستان کەوتبێتەکار لە سلێمانی بوە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرچووبێت هەر لەسلێمانی بووە.[1]

### ٣.ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

**1) سەرنجدان بە بەشداریکردن:** یەکێکە لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، هەڵدەستێ بە چاودێری و بینین و چاوپێکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە، هاوکات مانەوەیە لەمەیدانی توێژینەوەکە بەمەبەستی تێبینیکردنێکی وردی ژیانی ڕۆژانەی ناو ئەو خەڵکە، کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام ئەدرێت[(2)].

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم سایتە بکەن: https://ckb.m.wikipedia.org/ کە لە ٢ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

[(2)] فتحيه محمد ابراهيم و مصطفى حمدى الشنوانى، مصدر سابق، ص185.

توێژەر ئەم ئامڕازەی بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری واقعی و مەیدانی، بەکارهێناوە، سەبارەت بە جۆری نەخۆشیەکان، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردنی پزیشکە میللیەکان لەگەڵ نەخۆشەکاندا و شێوازی پێشکەشکردنی چارەسەرەکان.

**2) چاوپێکەوتن:** چاوپێکەوتن ئاماژەیە بە گفتوگۆی نێوان توێژەر و بەشدار لەچاوپێکەوتنەکەدا، توێژەر هەوڵدەدات کۆی داتا و زانیاریەکان لەسەر ڕودا و ڕەفتار و ئاڕاستەکان و ڕاستیە دیاریکراوەکان کۆبکاتەوە[1]. هاوکات لەماوەی چاوپێکەوتنەکەدا پێویستە توێژەر گوێگرێک و تێبینیکارێکی باش بێت گوێ بگرێت لەهەموو وشەیەک کە دەوترێت لەهەمانکاتدا تێبینی هەموو ئاماژە و جوڵەیەکی دەستی و ئەندامەکانی جەستە بکات[2].

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ خاوەن پیشە (پزیشکە میللییەکان) و خەڵک (نەخۆش)، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری دەربارەی هۆکاری وەرگرتنی چارەسەرە میللیەکان لای نەخۆش، هاوکات دەرخستنی ئەو چارەسەرانەی لەلایەن پزیشکە میللیەکانەوە بۆ نەخۆشەکان بەکاردەهێنرێت، ئەنجامداوە.

**3)** ئاماری کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان بۆ ئەو کەسانەی مۆڵەتیان هەیە (مۆڵەتی پزیشکیی میللی )، (فرۆشتنی گیا و دەرمانی سرووشتی).

## ٤.بوارەکانی توێژینەوەکە

دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوە یەکێکە لەڕەگەزە میتۆدیەکان، لەزۆربەی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا وەک بابەت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکان، بوارەکانیش دیاریدەکرێن[3]. بوارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

---

[1] موفق الحمداني و آخرون، مناهج البحث العلمي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، اردن، 2006، ص226.

[2] محمد عبده محجوب، طرق ومناهج البحث السوسيوانثروبولوجي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 2005، ص55.

[3] إحسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعي، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2005، ص65.

بواری جوگرافی: مەبەست لێی سنوری جوگرافیای ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە، کە شاری سلێمانی دەگرێتەوە.
بواری مرۆیی: خاوەن پیشە (پزیشکیی میللی ) و نەخۆشەکانن.
بواری مێژوویی: واتە کاتی دەستپێکردنی توێژینەوەکە و کاتی تەواوبوونی توێژینەوەکەیە. ٢٠٢٠/١٠/١٨ _ ١٤/ ٧/ ٢٠٢١.

# بەشی دووەم

# مێژووی پزیشکیی میللی و ڕووکارەکانی

## باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی پزیشکیی میللی

1 . سەرهەڵدان و مێژووی پزیشکیی میللی

2 . پزیشکیی میللی و پزیشکی نوێ

## باسی دووەم: ڕووکارەکانی پزیشکیی میللی

1 . پزیشکیی میللی  وەک پیشەیەکی بۆماوەیی

2 . پزیشکیی میللی  وەک بەشێک لە کلتوری کۆمەڵگە

3 . پزیشکیی میللی  وەک چارەسەرێک بۆ لایەنی دەروونی

4 . پزیشکیی میللی  لەڕووی ئایینییەوە

# بەشی دووەم: مێژووی پزیشکیی میللی* و ڕووکارەکانی

## باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی پزیشکیی میللی

لەم باسەدا بە دوورودرێژی تیشک دەخەینە سەر مێژووی کاری پزیشکیی هەتا دەگاتە سەرهەڵدانی پزیشکیی میللی، هاوکات باس لە هەریەک لە پزیشکیی میللی و پزیشکیی نوێ دەکەین و بەراورد لە نێوانیاندا دەخەینەڕوو، ئەمە سەرباری باسکردن لە ڕووکارەکانی پزیشکیی میللی لەڕووی بۆماوەیی و کلتوری کۆمەڵگە و لایەنی دەروونی و ئایینییەوە.

---

* پزیشکی میللی بە پزیشکی نەریتی (التقليدي) و جێگرەوە (البديل) و تەواوکاریی (التكميلي) یان پزیشکی گیایی (الأعشاب)، ناودەبرێت.

1) بۆیە پێیدەوترێت تەقلیدی؛ چونکە لە شێوازەکانی پزیشکی نەریتی چینی و ئایۆرڤیدای هیندی و پزیشکی یۆنانی یان عەرەبی نەریتییەوە، وەرگیرواە.

2) مەبەستیش لە پزیشکی جێگرەوە: هەموو ئەو ڕێگە چارەسەریانەیە کە دەرمانی کیمیایی درووستکراوی تێدا بەکارناهێنرێت. بۆیە لە ڕۆژئاوا ناوهێنانی پزیشکی جێگرەوە وەک ناوێکی نوێ لە شوێنی پزیشکی میللی بەکاردێت، بەکارهێنانی گیادەرمان و کەڵەشاخ و داخکردن یان سووتاندنیش، دەچنە ژێر ناوی پزیشکی جێگرەوەوە. بڕوانە:

**_ منظمة الصحة العالمية، المصدر السابق، ص 25_26.**

3) هەرچی پزیشکی تەواوکارییە: لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەخۆش بێهیوا بووە لە چارەسەرکردنی پزیشکی زانستی یاخود نایەوێت دەرمانی کیمیایی یان درووستکراو بەکاربهێنێت، ناچار پەنا دەباتە بەر چارەسەرە سرووشتییەکان، ئەمەش بە پێی کلتوورەکان جیاوازن، بۆیە ئەوەی لە کلتوورێکدا بە چارەسەرێکی سەرەکی دادەنرێت، دەکرێت لە کلتوورێکی دیکەدا بەو چەشنە نەبێت. بڕوانە:

**_ ضحى بنت محود بابللي: الطب البديل، ط1، الرياض – مملكة العربية السعودية 2007، ص16.**

4) مەبەست لە پزیشکی گیاییش: چارەسەرێکی سرووشتییە و لەسەر بنەمای بەکارهێنانی گژوگیا و گەڵا و گووڵ و ڕەگ و ڕیشەی ڕووەکەکان وەستاوە، دەکرێن بە گیا دەرمانە و هەندێک جاریش لە شێوەی گولاج یان دەنکە حەب، درووستدەکرێن، ئامانجیش لە درووستکردنی ئەم دەرمانانە بەکارهێنانیانە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان. بڕوانە:

- لطرش أمينة، الأعشاب الطبية-ممارسات وتصورات مقاربة أنثروبولوجية – قسطنطينية، رسالة الماجستير: المقدمة من جامعة منتوري – قسطنطينية، قسم علم الاجتماع 2011 (غير المنشورة)، ص78.

## ١.سەرهەڵدان و مێژووی پزیشکیی میللی

لەدێر زەمانەوە لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، کاتێ مرۆڤ لە دارستان و تاریکی ئەشکەوتەکاندا ئازاری زۆری بۆ هێناوە بانگی لە فریادڕەسێک کردووە چارەسەری بکات، بۆ ئەمەش پشتی بەهێزە غەیبی و نادیارەکان بەستووە، مێژوونوسان و زانایان و توێژەران ڕای جیاجیان هەیە هەندێک دەڵێن هەر لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ، پزیشکیش بوونی هەبووە، هەندێکیش دەڵێن پزیشکی پرۆسەیەکی نوێیە، بەڵام زۆربەشیان پێیانوایە سەرجەم ئامڕازو شێوازی چارەسەری سەرەتایی بەرئەنجامی ئەو هەوڵە یەک لەدوای یەکانەیە کەلەمیانەی (ئەزموون و هەڵەو پشت بەستن بەو شارەزابوونەی لەڕێگەی چەندبارە بەکارهێنانی چارەسەرێک) پێی هەستاون[1].

بۆیە سەرەتای سەرهەڵدانی مەعریفەی پزیشکی لەو هەوڵ و ئەزموونانەوە سەریهەڵداوە، کە لەبواری تەندروستی و نەخۆشیدا هاتوەتەکایەوە، بەئەندازەیەک چارەسەرکارەکان (المعالجون) بەشێوەیەکی ڕێکخراو پەیوەندیان لەنێوان هۆکاری نەخۆشی و شێوازی چارەسەرکردنەکە گرێداوە[2].

نەخۆشی بەشێک لە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی لە مانا و دەلالەتەکانی لە پەیوەندی نێوان نەخۆشی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، بەوەش نەخۆشی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتیدا یەکدەگرێت، مرۆڤی سەرەتا هەوڵی ڕزگاربوونی داوە لەو نەخۆشییەی دووچاری بووە یان دووچاری دێت  یاخود بە برینداری پەکی دەکەوێت، بۆ ئەمەش توانی ئەوەی لە خاک یان خۆڵ و ڕووەک یان پاشەڕۆی گیانەوەر، دەستی دەکەوێت، هەوڵبدات بەکاری بهێنێت، کە ئەمە سەرەتای کاری پزیشکی و چارەسەر بووە[3].

هەروەک ئۆگەست کۆنت لە یاسای سێ قۆناغەکەدا باس لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا کە قۆناغی (حسية/هەستي)یە، بە بنەمایەکی سەرەکی و سەرەتایی داناوە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە تیایدا هیچ کارێک پشت بە هۆ و ئەنجام نابەستێت؛ چونکە مەعریفەکان خودین، دواتر مرۆڤ هەوڵیداوە لە

[1] راجي عباس التكريتي، الإسناد الطبي في الجيوش العربية الإسلامية، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ص ١٧.

[2] حازم البكري، العقاقير الشعبية والأدوية العطارية، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨١، ص ١٠٥.

[3] المصدر نفسه، ص ١٠٥

دیاردەکات تێبگات بۆئەوەی ئاسایشی خۆی بەدەستبێنێت، باشترین ڕێگەش بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش خۆگونجاندنی بووە لەگەڵ سرووشتەکەی، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین سەرەتای کاری پزیشکی و چارەسەر، سوود وەرگرتن بووە لەوەی لە دەوروبەری مرۆڤ خۆیدا بووە، ئەمەش هەتا ئەم ڕۆژگارە کاری لەسەر دەکرێت.

دواتر ئەم مەعریفە پزیشکییە بەچەند قۆناغ و ماوەیەکدا تێپەڕی، کە یەکەم قۆناغی خۆی لە جاد و چاوبەستکردن (الشعوذة) و سرووت و بیروباوەڕە جیاوازەکان، دەبینییەوە. بەو مانایەی سیحر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا جێگەی زۆر لایەنی یاسایی پزیشکی دەگرێتەوە و لەبری ئەوان کاری دەکرد، بۆ ئەو نەخۆشیانەش پەیرەو دەکرا، کە هۆیەکەی نەزانراو بوو. لە کۆمەڵێک شێوازی فیکری و مومارەسەی پزیشکیدا ڕیتمێکی پزیشکی بۆ مرۆڤ ئامادەکراوە، پەیوەندی بەو نەخۆشییەوە هەبووە کە تووشی بووە[1].

جادوو قۆناغێکە لەو قۆناغانەی کە پزیشکیی میللی پێدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە قۆناغی سیحر و جادوو، قۆناغێک بووبێت و کۆتایی هاتبێت؛ بەڵکو سیحر حەقیقەتێکە تا هەنووکەش لە زۆر کۆمەڵگادا بوونی هەیە، هەرچەندە لە ئێستادا بەکارهێنانی بەو شێوە بڵاوەی ئەو دەمەی کۆمەڵگە بەراییەکان نییە. هاوکات لەم قۆناغەدا مەعریفەی مرۆڤ لەسەر گومان درووست بووە، کاتێک مرۆڤ گومان لە شتێک دەکات هەوڵدەدات لێی تێبگات، بەڵام هەرکات هۆکارەکانیان نەدەزانی، دەیانگەڕاندەوە بۆ هێزە میتافیزیکییەکان/پشت سرووشت.

هەرچی قۆناغی دواترە خۆی لە ئایین و تەوتەم و نزا و پاڕانەوەی ئایینیدا بینیوە، تا ئەوەی بەگوێرەی تێپەڕبوونی کات و قۆناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی شێوازی چارەسەرییەکان بۆ نەخۆشی گۆڕاوە، تا ئەوەی سوودی زۆریان لە گژوگیا و ڕووەکی سروشتی لە دروستکردنی دەرماندا بینیوە و ئەوەشی پیادەی ئەم چارەسەریانە دەکات، بە پزیشکیی میللی ناویان ناوە. هاوکات هەتا ئەمڕۆش کۆمەڵگە تەقلیدییەکان پشتی پێدەبەستن و ڕەچاوی ئەو بنەمایە دەکەن، کە مزگێنی چاکبوونەوەی لە هەگبەدا هەڵگرتووە، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەری لاوەکی لەسەر ئەندامەکانی جەستە هەبێت، ڕەچەتە گەلێکی زۆریش لەلای ئەم کۆمەڵگایانە هەیە و لە شێوەی هەتوان و گیراوە و

---

[1] آمنة صبري مراد، لمحات من تاريخ الطب القديم، مطبعة الكيلاني الصغير، مكتبة النصر الحديثة، ١٩٦٦، ص ٢٤.

هەندێ جاریش کرداری نەشتەرگەری بەشێوەی ساکار و سەرەتایی لەو دەمەدا بەئەنجام گەیشتووە. ئەمەش لای هەندێک کلتور و کۆمەڵگەی شارستانی، ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە، وەک فیرعەونەکان، یۆنانیەکان، چینیەکان، هیندییە سوورەکان، ڕۆمانیەکان، عەرەبەکان و دانیشتوانی دوورگەی کینیای نوێ، کە بەشێکی گەورەیان لەکاری پزیشکیی میللی لەلا کەڵەکەبووە[1].

دەتوانین بڵێین چارەسەرکردن بە ڕووەک و گژوگیا پزیشکییەکان بە درێژایی مێژوو ئەوەمان بۆ دەخاتە بەرچاو، کە مرۆڤ کارلێکی لەگەڵ چوارچێوەی کۆمەڵگەکەی کردووە؛ بۆیە زۆرێک لەو دەستنووسانەی لە گۆڕستانی فیرعەونەکاندا نووسراون چەندان ڕاز و نهێنی دەربارەی گیادەرمانە تێدا تۆمارکراوە و، هەمان شتیش لای هیندیە کۆنەکان و یۆنانییە کۆنەکان بەدی دەکرێت.[2]

دەکرێت بڵێین مرۆڤ لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی تیایدا ژیاوە، توانیویەتی پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر بکات، بابەتی نەخۆشی و چارەسەرکردنی ئازارەکانیشی، یەکێک بووە لە پێداویستییەکانی ژیان، بۆیە مرۆڤ هەوڵیداوە عەقڵ و مەعریفەی زیاتر بەکاربهێنێت، هەروەها سوود لەو شتانە وەربگرێت کە لە دەوروپشتییەتی، ئەمەش بە چەندین ئەزموون و تاقیکردنەوە پێی گەشتووە.

لەسەردەمی یەکەمی پێش زایندا کتێبی (تحفة المزارع الالهية/ Diving Husbandman's classic) نووسرایەوە کە لە سێسەدو شەست و چوار بەش پێکهاتبوو، ناوی دووسەد و پەنجاو دوو دەرمانی گیایی لەخۆگرتبوو. هەروەها لە کیشوەری ئەوروپا پزیشکی بەناوبانگی گریکەکان (**دیسکۆریدس**/Discorides) کتێبێکی بەنێوی (المواد الطبية) نووسی؛ کە باس لە نزیکەی شەشسەد گیا و ڕووەکی پزیشکی دەکات، بۆ ماوەی هەزار و حەوتسەد ساڵ لەبواری چارەسەر بە دەرمانی گیایی و ڕووەکیدا، سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەورووپییەکان بوو، هاوکات بۆ چەندین زمانی جیهانیش وەرگێڕدراوە، لەوانە زمانەکانی ئەنگلۆسەکسۆنی، فارسی، عیبری.[3]

---

[1] شاكر مصطفي سليم، قاموس الأنثربولوجيا، ط ١، ١٩٩٨١، جامعة الكويت، ص٣٦١-٣٦٢.

[2] فوزي العنتيل: بين الفولكلور والثقافة الشعبية، ط 1، القاهرة _ الهيئة المصرية للكتاب، 1899، ص 188_191.

[3] جەلال کەریم ئۆمەر: چارەسەر بە دەرمانی گیایی لە نێوان مێژووی دوێنێ و پێویستی ئەمڕۆدا، (بەبێ شوێن و نۆبەی چاپ)، سلێمانی ٢٠١٤، ل ١٦

دەتوانین بڵێین گیادەرمانە بە کۆنترین چارەسەری میللی دادەنرێت؛ کە هەر لە دروستبوونی مرۆڤەوە هەتا ئەمڕۆ، کاری لەسەر دەکرێت وەک چارەسەری نەخۆشییەکان بەکاردەهێنرێت.

لەبەرئەوە لە هەردوو سەدەی چوارەم و پێنجەمی پێش زایندا لە شارستانییەتی یۆنان، زۆرێک لە زانایانی ناودار: (**ئەبیقورات، ثیۆفراستۆس، دیسقوریدس، بلینیوس** ..) چەندان کتێب و نووسراوی گیادەرمانەیان نووسیوە. تەنانەت دوای ئەوان زانایانی موسوڵمانی چەشنی (**ڕازی و ئیبن سینا*** ..) بابەتی نووسینیان بەشێوەیەکی فراوان لە بواری گیادەرمانە برەو پێداوە، بەهەمان چەشن زۆرێک لە قەشەکانی ئەوروپا لە چەرخەکانی پێشوودا پیشەی چارەسەرکردن بە گیادەرمانە و چاندنی ئەو دەرمانانەی کە بەسوودن بۆ چارەسەریی بۆخۆیانیان قۆرخ کردبوو، لەبەرئەوە لەم ڕێگەیەوە داهاتێکی زۆریان بۆ کەنیسە و خودی خۆشیان پەیدا دەکرد، بە ناوبانگترین ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە، قەشە (**هیلدیکارت**) کە خاوەنی چەندین کتێبە لەوانە: (الفیزیکا physica) کە بە بەرهەمێکی بەناوبانگی ئەم نووسەرە دادەنرێت لە بورای پزیشکی و گیادەرمانەدا. یەکێکی دیکە لەم بوارەدا کە بە دامەزرێنەری زانستی بۆ ماوەیی دادەنرێت (مینديل Mendel)ە هەستاوە بە تاقیکردنەوە لەسەر ڕووەکی بازلیا، هەروەها لە بواری نەخۆشییە بۆماییەکانیشدا خزمەتێکی گەلێک گەورەی بە مرۆڤایەتی کرد، بۆیە لە دوای سەدەی دوازدەوە هێندە کتێب دەربارەی چارەسەر بە گژوگیا و چارەسەرە میللییەکان لە ئەوروپادا دانرا، کە هیچ ماڵێک نەبوو کتێبێکی لەو چەشنەی تێدا نەبووبێت.(1)

---

* ئیبن سینا: ئەبو عەلی حسینی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سینا، فەیلەسووف و پزیشک بووە و بە شێخی ڕەئیس ناوی دەرچووە، لە ئیسلامدا بە ڕێکخەری فەلسەفە و زانست دادەنرێت وەک ئەوەی ئەرستۆ لە یۆناندا بەهەما چەشنە.ساڵی (٣٧٠ک) لەیەکێک لە گوندەکانی بوخارا لەدایک بووە، دواتر لە هەمەدان وەک وەزیر کاری کردووە، ساڵی (٤٢٨ک مردووە). زیاتر لە ١٠٠ کتێبی نووسیوە، لەوانە: الشفاء، الإشارات، القانون في الطب، کە دواتر بۆ زمانی لاتینی وەرگێڕدرا و، هەتا ئاخروئۆخری سەدەی ١٥ لە ئەوروپا دەخوێندرا. بڕوانە:

- ابن خلكان (681ک): وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، التحقيق: إحسان عباس، دار صادر – بيروت. (مج٢/ص١٥٧)

(1) مصدر نفسه ، ص ١٩١

تەنانەت لە مێژووی ئیسلامدا و لە سەردەمی خیلافەتی عەباسیدا بە فەرمانی خەلیفە موقتەدیر، لە نامەیەکدا داوا لە سەرۆکی پزیشکان (هاوشێوەی وەزیری تەندروستی ئێستا بووە) دەکات کە، کۆمەڵێ پزیشک تەرخان بکات تاکو یاوەری سەربازەکان بکات و دەرمان و خواردنی تەندروستیان پێ ببەخشن و چارەسەریان بکەن.[1]

شایانی باسە میللەتی کورد وەک یەکێک لە کۆنترین میللەتەکان هەزاران ساڵە بوونی هەبووە، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کردووە و کوردستانیش کۆنترین لانکەی مرۆڤایەتی بووە، وەک لە شوێنەواری چەرمۆی نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ و شوێنەوارەکانی شانەدەر و هەزارمێرد و چەندینی تر دەردەکەوێت. کاتێک خەڵکی بەگشتی خەریکی کشتوکاڵ بوون و زۆرینەی جار بەپیادە هات و چۆیان دەکرد و زۆرترین جوولەی ڕۆژانەیان بە پێ بوو و، ژیان سادە بوو، کارگەپیسکەرەکانی ژینگە و بیرەنەوتەکان کەمبوون یان هەر نەبوون، لەبەرامبەردا درەختە سەوزەکان و کانیاوە سازگارەکان لە خزمەتی ژینگە و تەندرووستی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تردا بوون؛ بۆیە ئەمانە و چەندان هۆکاری سرووشتی و ڕەهەندی دیکە ڕێگر بوون لە تووشبوون بەزۆربەی ئەو نەخۆشییانەی ئەمرۆ باون.

هاوکات فێربوونی پیشەی چارەسەرکردنی نەخۆشی و ناکۆکییەکانی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان بەئەستۆی حەکیمان و گیادەرمانان بوو، خۆ ئەگەر نەخۆشییەکی درم و پەتایان لەناودا بڵاو بووبێتەوە؛ ئەوا لەزۆربەی گوندەکاندا پزیشکێکی کوردەواری و حەکیمێکی دڵسۆز و خەمخۆر هەبووە بە گژوگیا و ڕووەکەپزیشکیەکانی ئەو ناوچەیە و هەنگوین و ڕۆنەکەرە و هێلکە و جەوەنە و تەنانەت کەڵەشاخیش، چارەسەری بۆیان کردووە!! ئەگەر شکاویەکی ئێسک هەبووبێت؛ زۆر بەحەکیمانە و وەستایانە چارەسەری بۆ کردووە. بەئەندازەیەک خەڵکە ئاساییەکەش دەیانزانی ڕەشکە و شمڵی و بەیبوون و گووڵەهێرۆ و خەرتەلە و گەزنە و .. هەریەکەیان چۆن و بۆ چ نەخۆشییەک بەکاردێت.[2]

---

[1] An Introduction to the History of Medicine: From the Time of the Pharaohs to the End of the XVIIIth Century: Cumston: London; Kegan Paul, Trench, Trubner & Co., LTD1926 , p89

[2] جەلال کەریم ئۆمەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧-و ٨.

لەڕاستیدا کۆمەڵگەی کوردی لەبواری پزیشکی میللیدا شارەزاییەکی زۆریان هەبووە، لەوانە؛ جەڕاحی، درووستکردنی گیراوە لە گیادەرمانییەکان. گرنگترین ئەو دەرمانانەش کە درووست دەکران وەک؛ دەرمانی (مۆم و ڕۆن) بۆ قڵیشاوی ڕووی پێست، کە پێکهاتبوو لە بنێشتەتاڵ و ڕۆن و مۆمی هەنگ و خوێ و مێخەک.

هاوکات بنێشتەتاڵ بۆ ژانەسکیش بەکارهێنراوە و ئێستاش بەکاردەهێنرێن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دانیشتوانی کۆمەڵگەی کورد لایەنی پزیشکی میللیان فەرامۆش نەکردووە و بەردەوام زۆرێک لەچارەسەرە میللیەکان بەکاردەهێنن بەتایبەت لەبواری جەڕاحی و دەرمانە گیاییەکاندا.[1]

میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی تر سوودی لە ڕووەک و گژوگیا و کەرەستەکانی ژینگەی کۆمەڵگەکەی خۆی بینیوە و، توانیویەتی بیخاتە خزمەتی خۆیەوە و بەکاریان بهێنێت، ئەم کارەش ئەو کەسانە پێی هەستاون، کە شارەزای بەروبوومی خاکەکەیان بوون و چارەسەرییەکانیان پێشکەش کردووە.

هەروەها لەسەرانسەری گوندەگانی کوردستان بەگشتی –نەک تەنها شاری سلێمانی- چەندین جۆری گژوگیا و ڕووەکیان بۆ دەرمان و چارەسەری بەکارهێناوە، لەوانە:

"بەکارهێنانی **گیابرینە** (حشیش الجروح): کە لە نێوەندی گوڵەگەنمدا دەڕوێ و دوای وشکردنەوەی بەشێوەیەکی زۆر باش دەکوترێ و کاریگەرییەکی زۆر باشی هەیە بۆ چاککردنەوە و ساڕێژکردنی هەرچی زووتری شوێنی برینە، کە لەوێنەی یەکەمدا خراوەتەڕوو.

[1] بەهادین فەرەج مەحموود، هاوار –توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجی_ماستەرنامەیەکە پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کراوە، بڵاونەکراوە ٢٠١٦، ل ١١٤.

وێنەی (١) گیابرینە پیشاندەدات[1]



**حاجیلە (بابونج)**: یان دەهاڕدرێ یاخود دەکوڵێندرێ و وەک چا بەکاردێت بۆ ژانەسک، کە لە وێنەی دووەمدا نیشاندراوە.

وێنەی (٢) گوڵە حاجیلە پیشاندەدا[2]



**بۆنخۆشکە (فانیلا)**: وەک چا دەکوڵێندرێ و ئاوەکەی دەخورێتەوە بۆ چارەسەری پەستانی خوێن، کە لە وێنەی سێیەمدا پیشاندەدرێت.

[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.google.com/search?source=univ&tbm=isch&q=

[2] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.almayadeen.net/health

وێنە (٣) گوڵە بۆنخۆشکە پیشاندەدات[1]



**تووەسورە** و **تەماتەی سەوز** (پێش پێگەشتنی): بۆ چارەسەری برین و زام بەکاردێت، کە لە وێنەی چوارەمدا دەخرێتەروو.

وێنەی (٤) تووەسوورە دەخاتەڕوو[2]



[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://ar.wikipedia.org/wiki/

[2] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://gallery.janatna.com/

**گوڵەهێرۆ** (الخطمي): لەگەڵ شیردا دەکوڵێندرێ بۆ چارەسەری موولێهاتن*، کە لە وێنەی پێنجەمدا دەخرێتەڕوو.

وێنەی (٥) گوڵەهێرۆ پیشاندەدات[1]



**گێلاخە:** دەکوترێ و دەکوڵێندرێ بۆ بەهێزکردنی ئەو چنراوەی (نسیج) یان گووریسەی لە مووی بزن درووستدەکرێت، کە لە وێنەی شەشەمدا خراوەتەڕوو.

* موولێهاتن: نەخۆشییەکی هێندە بە ئازارە شاعیرانی ئەدەبی کلاسیک زۆرینەی جار لە شیعرەکانیاندا بۆ توانج و نزاکردن لە بەرامبەر، بەکاریان هێناوە، وەک حەمدی شاعیر دەڵێت:

ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.almrsal.com/post/

وێنەی (٦) گیای گێلاخە پیشاندەدات[1]



**سیر و هەنگوین:** تێکەڵدەکرێ و بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی ڕەبوە یان هەناسەتوندی، کە لە وێنەی حەوتەمدا دەخرێتەڕوو.

وێنەی (٧) سیر و هەنگوین دەخاتەڕوو[2]



[1] وێنەکە لەم سایتەوە وەرگیراوە:

https://www.facebook.com/BIRWRA/photos/a.-

[2] وێنەکە لەم سایتەوە وەرگیراوە:

- https://www.albdel.com

**تۆڵەکە:** دەکوڵێندرێ و ئاوەکەی دەخورێتەوە بۆ ئازاری ڕیخۆڵەی و ژانەسک بەکاردێت، کە لە وێنەی هەشتەمدا دەخرێتەڕوو.

وێنەی (٨) گیای تۆڵەکە پیشاندەدرێت[1]



**کاردی:** لەنێو ڕۆندا سووردەکرێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی کەسێک کرمی هەبێت، کە لە وێنەی نۆیەمدا خراوەتەڕوو.

وێنەی (٩) گیای کاردو پیشاندەدات[2]




---

[1] وێنەکە لەم سایتەوە وەرگیراوە:

- https://www.webteb.com/articles

[2] وێنەکە لە سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://m.facebook.com/

**گەز (الأثل):** دەسوتێنرێ و ڕۆنەکەی لێدەردەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قڵیشانەی پێست، کە زۆرجار دووچاری ڕوومەت و هەردوو دەست دەبێتەوە".[1] کە لە وێنەی دەیەمدا خراوەتەڕوو.

وێنەی (١٠) درەختی گەز دەخاتەڕوو[2]



هەر لەبەرئەوەیە گیادەرمانی شێوازێکی دەرمانی کۆن و نوێی یاسادارە کە مرۆڤ بۆ بەرگری و چارەسەری نەخۆشیەکان کەڵکی لێ وەردەگرێت. یەکێک لە بنەماکانی پزیشکی گیادەرمانی ئەوەیە کە گرنگی دەدات بە پەیوەندی و نزیکایەتی نێوان مرۆڤ و ڕووەک بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، واتە ئەو ڕووەکانەی لەدەرووربەری مرۆڤدا ڕواون؛ زۆرترین ئەگەری دەرمان و چارەسەری نەخۆشییەکانی تێدایە بۆ مرۆڤ، بۆیە

---

(1) عبدالله خورشيد عبدالله، البناء الاجتماعي للقرية الكوردية _دراسة أنثروبولوجية اجتماعية_ لقرية (بحركة)، رسالة ماجستير تقدم بها الطالب إلى كلية الآداب في جامعة صلاح الدين_ أربيل، في قسم الاجتماع، (غير منشورة)، 1416هـ/ 1996م، ص 30_31.

2 وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://laraprof.com/product

گیادەرمانی هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان جەستە و دەروونی مرۆڤ لەگەڵ دنیای ناوەڕۆک و ڕواڵەتی ڕووەکدا ڕێکبخات، واتە مرۆڤ هاندەدات دەرمانی نەخۆشییەکانی لە پێکهاتە و مەوادی دەرمانی ناو ڕووەک بدۆزێتەوە، لەبەرئەویە؛ گیادەرمانی بەشێکی گەورەیە لە پزیشکیی میللی و سروشتی و پەیوەستە بە ئەنجام و دەستەکەوتەکانی دانیشتوانی شوێن یان وڵاتێک بەرامبەر بە سرووشت و ژینگە و ڕووەکەکانی دەوروبەریان، واتە دەکرێت گیادەرمانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازبێت؛ چونکە پێویستی بە بەرهەمی گوڵوگیای سرووشتی ئاو و هەواو و سەرزەوی ناو نەتەوەکەی خۆی هەیە.[1]

کەوابو مرۆڤ دەتوانێت هەر لەمیانەی ڕووەکە سرووشتییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی و، بەکارهێنانی بە شێوازێکی باش، پارێزگاری لە تەندرووستی خۆی بکات و، چارەسەری نەخۆشی و دەردەکانی خۆی پێبکات.

هەرچەندە لە ئێستادا جیهان لە بواری پزیشکیدا و بەهۆی پێشکەوتنی لەڕادەبەدەری ئامێرەکانی پزیشکی و زۆربوونی خزمەتگوزارییەکان و، زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕوو لە بەشە پزیشکییەکان دەکەن لە تێکڕای جیهاندا و ساڵانە بڕوانامەی بێشوومار لە بەشی کلینینک و پزیشکیدا بەدەستدەهێنن، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش، پیادەکردنی پزیشکیی میللی لە هەمبەر پزیشکی فەرمی، جێگەی سەرنج و تێڕامانە و، لێرە و لەوێ خەڵکی بۆ چارەسەری پەنا دەبەنە بەر پزیشکیی میللی و پێویستی خۆیان لای ئەو دەبینەوە، ئیدی ئەم پەنابردنە؛ یان پەیوەندی بە ئەزموونی زۆری پزیشکە میللییەکەوە هەیە یان بیروباوەڕی کەسەکە یان خۆشبڕوایی کەسێک لەسەر بنەمای ئەوکەسانەی چارەسەریان لای ئەو پزیشکانە وەرگرتووە، ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بێگومان پیادەکردنی وەها کارێکیش بەدەر نییە لەلایەنی دەروونی کەسی نەخۆش.

## ٢.پزیشکیی میللی و پزیشکی نوێ

ئەنثرۆپۆلۆجیای پزیشکی وەک لقێکی سەربەخۆ لە لقەکانی ئەنپرۆپۆلۆجیا لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو، ناسێنراوە، هەرچەندە لەسەدەی نۆزدەوە

---

[1] عبدالله خورشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥

پەیوەندیەکی بەهێزی ئاڵوگۆڕ لەسەر دەستی **فێرشو*** لەنێوان پزیشک و ئەنپرۆپۆلۆجیادا، بوونی هەبووە. سەرەتای نوسینەکانی ئەنپرۆپۆلۆجیای پزیشکیی، تێۆریی بووە، بەڵام دواتر لەگەڵ قوڵبوونەوە لە کلتووری نەریتخواز (الثقافة التقلدية) دەستکرا بە چارەسەر و دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی چارەسەر. بۆیە گرنگیدان بە ئەنپرۆپۆلۆجیای پزیشکی بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان بوو، ئەمەش لەگەڵ بەرفراوانبوونی گرنگیدان بە هۆشیاری تەندروستی و ڕۆڵی کلتوور لەتەندروستیدا کە لە بازنەی بیروباوەڕ و نەریت و وێناکردنی نەخۆش و، ترس لە نەخۆشیی و بەستنەوەی بەهەندێ هێزی سەر و سروشت یاخود سزایەکی ئاسمان بەپێی کلتووری باودا، وێناکراوە.[1]

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی بواری چارەسەری تەندرووستی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەکانە، ئەم فاکتەرانە پێکەوە کاریگەریان دەردەکەوێت، پلەکانی تەندرووستیش بەم شێوەیە، پۆلێندەکرێت:

- تەندرووستی نموونەیی: ئاستێکی تەندرووستی بەرزە و تیایدا تەواوکاری لەنێوان تەندرووستی جەستەیی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.
- تەندرووستی ئەرێنی: ئاستێکی تەندرووستی ئەرێنییە، کە تێیدا تاک و کۆمەڵگە بەرگریی جەستەییان تێدایە بۆ نەخۆشی، بەبێ ئەوەی نیشانەی نەخۆشیان پێوە دەرکەوێت.
- تەندرووستی مامناوەند: ئاستێکی تەندرووستییە، کە تیایدا تاک لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییدا، نیشانەی نەخۆشی پێوە دەردەکەوێت.
- نەخۆشی نادیار: ئاستێکی تەندرووستییە کە نیشانەکانی دیار نین و، بە پشکنین و شیکاریی نەخۆشییەکە دەردەکەوێت.
- نەخۆشی دیار: ئاستێکی تەندرووستییە کە تیایدا نیشانەکانی نەخۆشی دیارە.

* **ڕۆدۆلف ڤیرشو**: ئەنثرۆپۆلۆجست و پزیشکی ئەڵمانییە (١٨٢١_١٩٠٢ز) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پزیشکیی کۆمەڵایەتی (الطب الاجتماعي).

[1] Foster G.M: Medical Anthropology, new york, wiley, 1978, p 38

- ئاستی نەخۆشی قورس: ئاستێکی قورسی نەخۆشییە کە تیایدا چارەسەر قورسە، یان زەحمەتە ئەنجامی هەبێت.[1]

پزیشکیی میللی لقێکە لە لقەکانی ئەنثرۆپۆلۆجیای پزیشکی، کە جێی بایەخی زۆرێک لەزانایانی ئەنثرۆپۆلۆجیایە بەتایبەت لای گەلانی ڕۆژئاوایی، بۆیە هەر خودی زانایانی ئەنثرۆپۆلۆجیا ناوێکی فەرمیان بۆ پزیشکیی میللی دانا و کردیانە بەشێک لە پسپۆری خۆیان، زۆرێک لەو ڕاپۆرت و کتێبانەی نوسیویانە باسی چەند کۆمەڵێک دەکات لەوانە: ناڤاهو، ئاباش، سولتیک، بیلاجا لە ئەمریکا و هندیەکانی گواتیمالا و کۆمەڵگە و هۆزە سەرەتاییەکان.(2)

زانایانی ئەنثرۆپۆلۆجیا پێیان وایە پزیشکیی میللی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و پێڕەوکردنە پەیوەندی بەنەخۆشەوە هەیە و دەرهاویشتەی ئەو گەشەسەندنە کلتوریەیە کەبەدەرە لە چوارچێوەی تێڕوانینی پزیشکی نوێ.(3)

پزیشکیی میللی بەکۆمەڵێک ڕاو و بۆچوونی تەقلیدی دەربارەی نەخۆشی و چارەسەر ناسراوە، کە پەیوەندی بەڕەفتار و پراکتیزەکردنی پەیوەست بە خۆپارێزیی و نەخۆشییەوە هەیە، ئەمە سەرباری چاوپۆشیکردن لە نەسەقە فەرمییەکەی(4).

هاوکات بە کۆمەڵێک چارەسەر ناسراوە، کە ئەزمون و زانیاری میللەتن، سەرباری ئەو دۆزینەوانەی کە لە پزیشکی نوێدا هەیە، ئەو چارەسەرانە شوێنی خۆی گرتووە(5).

هەروەها پزیشکیی میللی کۆمەڵە هەڵسوکەوتێک و شێوازی مادیی بیروباوەڕە کە خەڵکی لە ڕێگەی ئەزموون و بۆماوەیی کۆمەڵایەتییەوە پێی ئاشنابوون، بەوپێیەی کە

---

1 Cecil Hellman: Culture, Health and Illnes, an introduction For health professionals, writing PSG, 3ed, London, 1995, p25

(2) محمد الجوهری و آخرون، علم الاجتماع الطبی، ط١، دار المسیرة، عمان، ٢٠٠٨، ص٧٧.

(3) مصدر نفسه، ص٧٨.

(4) حسن الخولي، الريف والمدينة في المجتمعات العالم الثالث، دار المعارف للطباعة والنشر، القاهرة – مصر، ١٩٨٢، ص١٦١

(5) نادية بالحاج، السحر والتطبيب في المغرب، الشركة المغريبية للناشرين والمتحددين – الرباط، ١٩٨٦، نشرت هذه الدراسة ضمن مواد ملحق ثقافي لجريدة اتحاد الاشتراكي، الرقم ١٧٨، سنة ١٩٨٧، ص ١١.

شیفابەخش و یارمەتیدەری نەخۆشە، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو گژووگیایانەی بەردەستن و پەیوەندییان بەلایەنە ڕۆحیی و کلتورییەکەی کۆمەڵگەوە هەیە[1].

کەواتە پزیشکیی میللی ؛ پشت بەگەنجینەیەکی بۆ ماوەیی لە ئەزموون و فیکرە کەڵەکەبووەکان لە بواری تەندرووستیی و نەخۆشیدا، دەبەستێت، هەروەها بە بەشێک لەبیروباوەڕە کۆمەڵایەتی و میللییە بۆ ماوەییەکان، دادەنرێت، کە هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیاندا، هانایان بۆ بردووە.

هاوکات پزیشکیی میللی  بەو کارلێکە دەگوترێت کە لەنێوان مرۆڤ و نەسەقە ئایکۆلۆجییەکەیدا هەیە، کە تیایدا دەژی، بۆ نمونە سەرچاوەکانی ژینگە کە لە گیا دەرمان و بەرد و لم، پێکهاتووە، ناکرێت ئەمانە بەبێ بوونی ئەزموونێکی مرۆیی چارەسەر بن لە چۆنییەتی بەکارهێنانیان و مامەڵکردن لەگەڵیاندا[2].

هەروەها پزیشکیی میللی  چەندەها ڕەگەزی ئەرێنی هەیە، مەبەستیش لە ڕەگەزی ئەرێنی باشکردنی جۆری ژیانی نەخۆشە لەڕێگەی کەمکردنەوەی ئازارەکانی و، چارەسەرکردنی هۆکاری کردەیی نەخۆشییەکە و کەمکردنەوەی ئەو هۆیانەی دەرئەنجامی ئەو نەخۆشییەن، هاوکات نەخۆش زیاتر هەست بە ئاسوودەیی و پارێزراوی دەکات لە ڕووی بەکارهێنانی ماددە سرووشتییەکانەوە، هەروەها ڕەگەزێکی ئەرێنی دیکە ئەوەیە کە کەسی نەخۆش زۆر بە ئاسانی دەتوانێت چاوی بە چارەسەرکاری میللی بکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت لە ڕێگەی پزیشکی نوێوە سوود لە بوارە پزیشکییە میللییەکە وەربگرێت، بەتایبەت زمانێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی لە نێوان پزیشک و نەخۆشدا دەردەخات، چەمکە زانستییەکانیش زمانێکی هاوبەشی نێوان پسپۆڕانی بواری پزیشکییە، ئەم بابەتە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پراکتییەکاندا گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لە ئاستی پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشکدا زمانێکی تێکەڵ لە پزیشکی و دەرمانی بەربڵاودا هەیە، بۆ نمونە ئازارەکانی گەدە تێکەڵەیەکە لە ئازارەکانی سنگ و ریخۆڵە،

---

(1) عبدالرزاق صالح محمود، الطب الشعبي في مدينة الموصل، دراسة اجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة إلى كلية الآداب-قسم علم الاجتماع، جامعة موصل، ٢٠٠٥، ص ٨

(2) محمد الجوهري، الأنثربولوجيا، أسس نظرية وتطبيقات عملية، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٨، ص ٥٩٢

هەموو ئەم ئازارانەش بە وشەی سکئێشە (المغص) لە پزیشکی میللیدا، گوزارشتی لێدەکرێت[1].

کەواتە پزیشکیی میللی بەکارهێنانی شێوازێکی چارەسەرییە، خەڵکی ڕەچاویان کردووە، ئەویش بە پشتبەستن بە خەڵکانێکی پێش خۆیان، کە پاشخانێکی بۆماوەیی کۆمەڵایەتیان لەبواری تەندروستی و نەخۆشیدا هەبووە.

**زانایان؛ پزیشکی میللییان بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشکردووە، ئەوانیش:**

- چارەسەرکاران لەو پێداویستییانەی لەماڵدا بەردەستن، چارەسەی نەخۆشەکانیان پێکردووە، وەک چارەسەری بە بۆنکەوتن، ترسانی منداڵ ..
- پیادەکردنی پزیشکی لە ڕێگەی بۆ ماوەییەوە، وەک لە گەچگرتنی ئێسک، چاککردنەوەی شکاویی، یان شکان و ئاوسانی سەرەتایی، شێلان، کەڵەشاخ.
- چارەسەریی بە گیادەرمانە: بریتییە لە شارەزاترین و بەئەزموونترینی ئەو کەسانە، زانیارییەکی زۆریان دەربارەی ڕووەکی پزیشکی هەیە.
- چارەسەرکردن بە سرووت و کەشە ئاینییەکان.
- چارەسەرکردن بە کرمی زالو.
- فاڵگرتنەوە (العراف): ئەوانەن کە نەخۆشییەکە دیاری دەکەن[2].

لەم دابەشکردنەوە دەتوانین بڵێین بەگوێرەی بەکارهێنانی جۆری چارەسەریەکە، جۆرەکانی پزیشکی میللییش جیاواز دەبن. ئەمەش بەو مانایەی ئەو کەسەی کە ئەزموونکارێکی میللی کەڵەشاخە جیاوازە لەو کەسەی ئەزمونکارێکی شکاویە..

هەرچی پزیشکی نوێیە دەتوانین بەوە پێناسەی بکەین: کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی زانستی پزیشکین، زۆرینەی دانراوی پزیشکە عەرەبەکان یان ئەو پزیشکانەی بە زمانی عەرەبی دەنووسن، لەخۆگرتووە، ئەو بیروبۆچوونانەش لە پزیشکی کۆنەوە وەرگیراون، بە تایبەتی ئەو پزیشکە یۆنانیانەی لەمیانەی سەربارکردنە (إضافات) بەنرخەکانیان بۆ پزیشکی هیندی و فارسی و سریانی، پزیشکی کۆنیان بەرەوپێشتر برد، تەنانەت ئەم

---

(1) محمد صفوح الأخرس، الأنثروبولوجيا وتنمية المجتمعات المحلية، مكتبة الأسد، ط١، دمشق، ٢٠٠١، ص ١١٨

(2) علي المكاوي، علم الاجتماع الطبي في الوطن العربي، إسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٠، ص ٢٢٦.

پزیشکی نوێیە وای لێهات بەشێوەیەکی ئاسانتر مۆرک و نمونەیەکی جوان پێشکەش بە جیهان بکات[1].

لە لایەکی دیکەوە پزیشکی نوێ؛ جەخت لەسەر شتێکی بنەڕەتی دەکاتەوە کە ویژدانە، دواتر بایەخ بە زانست و شارەزایی دەدات، پیشەیەکی مرۆڤانە و ئەخلاقی و زانستییە و پێویستە لەسەر هەریەک لەوانەی پەیڕەوی دەکەن، لە هەموو بارودۆخێکدا ڕێزی کەسایەتی نەخۆش بگرن، هاوکات یەکێکیشە لەو پیشانەی پێویستی زۆری بە ئەمانەتی ئەخلاقی و زانستی هەیە؛ چونکە دەبێت خودی پزیشک هەم پارێزگاری لە ڕۆحی خەڵک بکات و هەمیش نهێنی و ڕاز و ناموسیشیان بپارێزێت. بۆیە پزیشکی نوێ ئەو شێوازە چارەسەرییە زانستیەیە، کە پشت بە مەعریفەی زانستی دەبەستێت و ئەو کەسانەش پیادەی دەکەن کە لەو بوارەدا پسپۆڕ و ئەکادیمین[2].

پزیشکی نوێ زانستێکی پراکتیکیە و بە درێژایی مێژوو سوودی لە ئەزموونە مرۆییەکان وەرگرتووە، بەڵام لەم سەردەمەدا کاری پزیشکی پشت بە توێژینەوەی زانستی و ئەزموونی تاقیگەیی و شیکاریی دەبەستێت.

هاوکات پزیشکی نوێ پوختەی گەشەکردنی کاری پزیشکییە بەسەر چەند قۆناغێکی جیاوازدا کە لە پزیشکی میللییەوە دەگوازرێتەوە بۆ پزیشکی نوێ و، پشت بە توێژینەوەیەکی ورد و چەندان میتۆدی فێرکاری و ئامێری پزیشکی دەبەستێت، لە چارەسەرییەکانیشدا پشت بە داو و دەرمانی کیمایی و تیشک و بەنج و نەشتەرگەری دەبەستێت و، پێی وایە جەستە سیستمێکی میکانیکی هەیە، کە تیایدا دڵ چەشنی ترۆمپایەکە و گورچیلەکانیش فلتەرن، لەبەرئەوە هەرچیش لە جەستەی مرۆڤدا ڕوو دەدات بەرئەنجامی ناهاوسەنگی ئەو ئەندامەیە، کە دووچاری گرفتێک بووە، باشترین ڕێگاش بۆ چارەسەرکردنی، ماددەی کیمایی بەهێزە. هاوکات لەبەر زۆری ژمارەی ئەندامەکانی جەستە و ئاڵۆزییان چەندان کەسی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکانی نەخۆشی سنگ و جگەر و دڵ و بەشەکانی دیکەی جەستەدا هەیە، کە بە پێچەوانەی پزیشکی میللییەوەیە، کە تا ڕادەیەک گشتییە و وابەستەی پسپۆڕییەکی دیاریکراو نییە و،

[1] حمید موراني و عبد الحليم منتصر، قراءة تاريخ العلوم عند العرب، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد – العراق 1974، ص 58-59.

(2) عبد الوهاب عبد القادر مصطفى الجلبي، السلوك الطبي والآداب المهني، مطبعة جامعة الموصل، ط 1، الموصل – العراق، 1988، ص 12.

چارەسەرییەکانیشی لەمیانەی بەکارهێنانی گیا دەرمانی و ئامێرە تەقلیدییە سەرەتاییەکان و شارەزایی پزیشکە میللییەکەوە، ئەنجامدەدرێت[1].

ئەمەش بەو واتایە دێت چارەسەرکارە میللییەکان پسپۆڕییان لە یەک بابەتی نەخۆشییدا نییە، هەرچی جۆرە نەخۆشییەک بچێتە بەردەستیان هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن؛ چونکە پێیان وایە گژوگیا سرووشتییەکان توانای چارەسەری زۆربەی نەخۆشییەکانیان هەیە، بەڵام وەک ئاشکرایە پزیشکی نوێ گرنگی زیاتری داوە بە پسپۆڕی و بۆ هەر نەخۆشییەک پسپۆڕی تایبەت بەخۆی هەیە.

پزیشکیی میللی  گرنگییەکەی لەوەدایە خۆی بە بەشێک لە شێوازەکانی پزیشکی نوێ دەزانێت، لە زۆرێک تایبەتمەندیدا هاوبەشن، پزیشکی نوێش چەشنی پزیشکیی میللی سەردەمانێکی زۆرە پەیڕەو دەکرێت و خەڵکی دەرمانی کیمایيان بەکارهێناوە، پزیشکیی میللی  وەک یەکەیەکی تەواوکاری لە جەستەی مرۆڤ دەڕوانێت، سەرجەم ڕەهەندە ڕۆحیی و کۆمەڵایەتیی و هزریی و جەستەییەکان وەک بواری پزیشکی گشتی (الطب الكلي) لەخۆدەگرێت، هاوکات پەیوەندییەکی تەواوی بە ژیان و کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراوی خەڵکەوە هەیە وەک پزیشکی نەریتی (الطب العرفي)، هەروەها شێوازەکانی پشت بە کۆمەڵە یاسا و ماددەیەکی سروشتی دەبەستێت وەک پزیشکی سرووشتی (الطب الطبيعي)، سەرباری ئەوەی هەریەک لەم شێوازە پزیشکییانە تایبەتمەندی خۆی هەیە؛ ئەوا لە چەندین سیفەتی دیاردا لەگەڵ پزیشکی میللییشدا هاوبەشن و لە چەند خاڵێکدا لەگەڵ پزیشکی نوێدا جیاوازن:

1. ئەم شێوازە پزیشکییانە بەوە لە پزیشکی نوێ جیادەکرێنەوە کە هەوڵ و تەقالای ئەمان خۆشبەختکردنی نەخۆشە –وەک وتمان- لە ڕووی ڕۆحیی و کۆمەڵایەتیی و هزریی و جەستەییەوە، هەرچی پزیشکی نوێیە؛ وەک دۆخ و حاڵەتێکی فیزیکی مامەڵە لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا دەکات و لە ئۆنتۆلۆژیا و لایەنە میتافیزیکیەکەی ناکۆڵێتەوە.
2. پزیشکیی میللی  کار بۆ ئەوە دەکات جەستەی مرۆڤ لە داودەرمانی کاریگەر و سەخت و گرفتی پشکنین و ئەنجامدانی نەشتەرگەری ناپێویست و قورس، بپارێزێت؛ چونکە  پشت بە ئەو ڕووەک و گیایانە دەبەستێت کە لە خودی ئەو شارەی تیایدا دەژی بوونی هەیە.

---

[1] لطرش أمينة، الأعشاب الطبية ممارسات وتصورات، مصدر سابق، ص 85-87.

3. له پیادەکردنی پزیشکی میللیدا زیانێکی لاوەکی بوونی نییە و وەک مادده کیماییەکە کاریگەری لەسەر جەستەی مرۆڤ دانانێت.

4. پزیشکیی میللی زۆر وەڵام و جێگرەوەی باشی بۆ زۆرێک لەو نەخۆشییانە پێیە کە پزیشکی نوێ لەبەرامبەری کلۆڵ و دەستەوانە، لەوانە: نەخۆشیەکانی ئێسک و جومگە، نەخۆشی دەروونی، لەکاتێکدا لەم بوارەدا هۆکارە ڕۆحی و ویژدانی و ڕەفتارییەکان، ڕۆڵێکی باڵایان تیایدا هەیە.

5. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر لەلای زۆرێک لە پزیشکان هەیە، لەوەدا کە زۆرجار ئیمان یان باوەڕ و متمانە هۆکاری گرنگی چارەسەری زۆرێک لە نەخۆشییەکانن و پزیشکی نوێ لەم لایەنەدا دەستەوسانە و چارەسەری گونجاوی پێ نییە، بۆیە زۆرێک لەو کەسانەی چارەسەرییان لەلای پزیشکی نوێ چنگ ناکەوێت، ناچار پەنا دەبەنە بەر نزا و پاڕانەوە و ئیمانە بتەوەکەیان و پێیان وایە هێزێکی لەبن نەهاتووی میتافیزیک هەیە و توانای چارەسەرکردنی ئەوانی هەیە، ئەم کارەشیان لەمیانەی هانا بردن بۆ پزیشکیی میللی دەست پێدەکات، تا دەگات بە چارەسەری تەواو.[1]

لەکاتێکدا چارەسەرە کیمیاییەکان توانای تەواوی کۆنترۆڵکردنی ئازاریان نییە، وا لە خەڵک دەکات بگەڕێتەوە بۆ چارەسەرە میللییەکان، بۆ نموونە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئامارەکان پێمان دەڵێن (٣٢-٦٤%)ی توشبوان بە هەوکردنی جومگەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٢) پەنایان بۆ چارەسەری میللی (کەڵەشاخ) بردووە، هاوکات هەندێک زانکۆی ئەمریکی و ئەوروپی ناوی کەڵەشاخیان بۆ لیستی پرۆگرامەکانی خوێندنی پزیشکی زیاکردووە، لەسەدا شەستی کۆلێژە پزیشکییەکانی ئەمریکا کەڵەشاخ دەخوێنن وەک یەکێک لە شێوازەکانی پزیشکیی میللی ، هەروەها لە ئەمریکا چارەسەر بەدەرکردنی خوێن لە هەردوو زانکۆی (هارڤارد) و سەنتەری پزیشکی (جۆنز هوبکنز) کە یەکێکە لە پلە بەرزترین سەنتەرە پزیشکییەکانی جیهان، جێبەجێدەکرێت.[2]

دەکرێت بوترێت لەگەڵ ئەوەی خەڵکی چارەسەری زانستی و کیمیایی بەکاردەهێنێت، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کەڵەشاخ، کە لە وێنەی (١١ و ١٢ و ١٣و ١٤)دا خراوەتەڕوو،

---

(1) عبدالفتاح محمد المشهداني: الطب الشعبي والطب العلمي –دراسة وصفية تحليلية _ جامعة موصل، (مجلة دراسات موصلية، العدد 34، أيلول 2011) ص 9_10

[2] صهباء محمد، کەڵەشاخ لەنێوان زانست و ئەفسانەدا، و: جەلال کەریم ئۆمەر، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپخانە و شوێن، ٢٠١٨، ل١٥-١٦.

وەک یەکێک لە چارەسەرە میللییەکان بەربڵاو بووە و چەندەها کەسانی ناوداری کۆمەڵگەی کوردی و یاریزانانی بەشە جیاوازەکانی وەرزشی لە جیهاندا، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی و هەوکردنی جومگەکان بەکاریان هێناوە.

**وێنەی (١١) کەڵەشاخگرتنی یاریزای یانەی ڕیاڵ مەدرید کەریم بن زیمە[1]**



**وێنەی (١٢) کەڵەشاخگرتنی زا ڕوک[2]**



[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.albawabhnews.com

[2] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.elbalad.news

وێنەی (١٣) کەڵەشاخگرتنی یاریزانی بەنێوبانگی ئینگلیز دەیڤید بێکهام[1]



وێنەی (١٤) کەڵەشاخگرتنی مەلەوانی بەنێوبانگی ئەمریکی مایکڵ فلیکس[2]



[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.arrajol.com/content

[2] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://news.webteb.com

کاری پزیشکی ئەرکی ڕاگرتن و گەڕاندنەوەی تەندروستی مرۆڤی لەسەر شانە، پزیشک ئەم کارانە لەڕێگەی خوێندن، ناسین و دەرمانی نەخۆشی یان ئازار، ئەنجام ئەدات، لەبەرئەوە چی پزیشکیی میللی یان پزیشکی نوێیە نەک هەر دەبێت ئاگاداری نەخۆشییەکانی لەشی نەخۆشەکەی بێت، بەڵکو دەبێت تەندروستی مێشک و دەروونی نەخۆشەکەشی بپارێزێت، چارەسەریش لەڕێگەی دەرمانی کیمیایی بێت یان گژوگیا و ڕووەک و میوە و خۆراکە خۆرسک و سروشتی و کێڵگەییەکان و ڕەچەتەی سروشتی پێویستە بخرێتە ژێر پشکنینی زانستی و تاقیکارییەوە، لەسود و زیانەکانی ئاگاداربکرێنەوە، ئەمەش لەسەر بۆچوون و بڕوای کەسی نەخۆش بەندە کە تا چەند پرسیار لە جۆری ئەو دەرمانە ئەکات و بەدوای باشی وخراپیەکانیدا دەگەڕێت..

## باسی دووەم: ڕووکارەکانی پزیشکیی میللی

### 1 . پزیشکیی میللی وەک پیشەیەکی بۆ ماوەیی

هەموو کۆمەڵگەیەک ئەزموون و کارامەیی و زرنگی خۆی لەمیانەی ڕاهێنانی کلتورییەوە لە باو و باپیرانەوە بۆ بەجێماوە، شێوازی چارەسەرکردنی میللی بۆ ئەو نەخۆشییانەی بەرەنگاری مرۆڤ دەبنەوە، بە یەکێک لەو شێوازە بۆماوەییانە دێتە هەژمار؛ چونکە کۆمەڵگە سەرچاوەی چارەسەرکردنە سەرەتاییەکان بووە و، ژینگە و دەوروبەر یەکەم بەرهەڵستیکەری مرۆڤ بووە، هاوکات وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ ئەم ژینگەیە لەسەر شێوەی تێگەیشتن و شێوازێک بووە، کە توانای کۆنترۆڵکردنی بەسەریدا هەبووە.

بۆیە یەکێک لە گرنگترین لایەنە مەعریفی و بەها کلتوریەکانی پزیشکیی میللی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وەک سیستمێکی چارەسەرکاری تەماشا دەکرێت و پشتی بەچەند شێواز و ڕەفتارێکی ئاسایی بەستووە و دەتوانێت ڕووبەڕووی نەخۆشی ببێتەوە، هاوکات پزیشکیی میللی جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە میللییانەی کە پشت بەوەهم و خورافە و ئەندێشە دەبەستن. زۆرێک لەو وڵاتانەی کە پشت بەماددەی کیمیایی و پزیشکی نوێ دەبەستن لایەنی پزیشکی میللییشیان فەرامۆش نەکردووە؛ چونکە پێیان وایە کە پزیشکیی میللی بابەتێکی بۆماوەییەو نەوە لەدوای نەوە بەپشت بەستن بەو کەسانەی کەشارەزایی تەواویان لەبوارەکەدا هەبووە، بەشێوەی زارەکی لێیان وەرگیراوە و کۆی ئەو زانیاریانەی کەباو باپیرانیان دەربارەی گیادەرمانیەک هەیان بووە بۆ نەوەکانی دیکەی خۆیان گواستۆتەوە، لەبەرئەوە پزیشکیی میللی بەشێکە لە کەلەپوری هەر میللەتێک و یەکێکە لەگرنگترین ئەو پێدراوە کلتوریانەی کەپشت بەبۆماوەیی دەبەستێت و ناسنامەی مرۆڤ چی لەڕابردوو، چی لە ئێستاو ، چی لە داهاتوودا، دیاری دەکات.(1)

پزیشکیی میللی پێویستی بە شارەزای کەڵەکەبوی چەندین ساڵ هەیە، کە نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێتەوە و، لە ڕێگەی شارەزایی و مەعریفەی تەواو بەکار و

---

(1) نجلاء عاطف خليل، فى علم الاجتماع الطبى، ثقافة الصحة والمرض، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٢٠٨_٢٥٩.

پیشەکەیەوە بەدەستهاتوە و، چەندین جۆری گیادەرمانە و چۆنییەتی بەکارهێنانیان و سوودە تەندرووستیەکانی دەردەخات. پزیشکیی میللی ؛ بووە بە بەشێک لە بیرباوەڕی ڕەگ داکوتاو لە کەلەپووری تەندرووستیدا، کە تێکڕای ماددە پزیشکییەکانی لە سروشتی خۆڕسک و کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرێت، کە زۆرێک بۆ شیفا و چارسەری نەخۆشییەکانیان پەنای بۆ دەبەن و ئەو دەرمانانە بەکار دەهێنن، بە تایبەت لەو دۆخەدا کە پزیشکی نوێ کڵۆڵ و دەستەوسانە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا، بۆیە پزیشکیی میللی  شتێک نیە کە لە تاقیگە؛ تاقیکردنەوەی لەسەر کرابێت و وەک پزیشکی نوێ خرابێتە ژێر ئەزموون و تاقیکردنەوە، بەڵکو پیشەیەکی بۆ ماوەییە و لە باو باپیرانەوە ماوەتەوە[1].

کەواتە چارەسەرە میللییەکان لە چارەسەری نەخۆشییەکاندا بە یەکێک لەو ئەزموونانە دادەنرێت، کە لە باو و باپیرانەوە بۆ نەوەکانی دواتر گوازراوەتەوە.

ئیبن خەلدون*؛ کە باسی کاری پزیشکی لای کۆمەڵەی شوانکارەکان دەکات، دەڵێت: "زۆر جار کاری پزیشکی تایبەبەتە بە چەند کەسێک، کە لە پیر و دنیادیدەکانی پێش خۆیانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە، ئەویش نە ئارەزوی خۆیانی تێدا بووە، نە هیچ ڕێسایەکی سرووشتیان بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەو کردووە، هاوکات دەوارنشینەکان دوای

---

(1) ضحى بنت محمود بابللي، الطب البديل، ط1، مدينة الملك عبدالعزيز للعلوم والتقنية، السعودية ــ الرياض،2007، ص 15.

* ناوی تەواوی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی خەلدونی حەزرەمییە، ساڵی ٧٣٢ ک -١٣٣٢ز، لە دایکبووە، لە ڕەچەڵەکدا سەر بە خانەوادەی ئەندەلوسی ئیشبیلییەن، زانستەکانی لەسەر دەستی ئەو کەڵە زانایانە وەرگرتووە کە لە ئەندەلوسەوە دەهاتنە تونس، زمانی عەرەبی و ئەمازیغی بەباشی زانیوە، گرنگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن: (التعريف بابن خلدون ورحلته شرقا وغربا) و (العبر وديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر)، کە لە حەوت بەش پێکهاتووە و بەشی هەشتەمی تایبەتە بە ژێدەرەکانەوە، هەروەها کتێبی بەناوبانگی بە ناوی موقەددەمەوەیە (المقدمة)، لە ساڵی (٨٠٨ک) مردووە.

بڕوانە:

ــ ابن خلدون (808هـ): ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، التحقيق: خليل شحادة، ط 2، 1408هـ- 1988م ، دار الفكر، بيروت، (مج1/ ص3ـ4).

ــ ابن أبي أصيبعة (668هـ)، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، التحقيق: نزار رضا، ط2، دار مكتبة الحياة – بيروت، ص 485.

ئەوەی بۆیان دەرکەوت هەموو دەردێک دەرمانی هەیە، هەوڵدەدەن تەندرووستی خۆیان بپارێزن و نەخۆش بە خۆراک و دەرمان چاک بکەنەوە"[1].

پزیشکی بە توخم و پێکهاتە و شێوازەکانییەوە چەند سەدەیەکی لە تێڕامانی کارا، تیۆری زەینی نەترسانە بەسەر بردووە، بەوەی ئەزموونەکانی چەندەها جار جەختی لەسەر کراوەتەوە و تاوتوێ کراوە، جگە لە ڕاستی ئەم باوەڕ و تیۆرانە، هەندێکجار قەدەر ڕۆڵێکی گرنگی لە دۆزینەوەی تایبەتمەندی ئەو توخم و ماددانە بینیوە، دواتر وەک ماددەیەکی پزیشکی دەستاودەستی کردووە و نەوە لە دوای نەوە وەک شێوازێکی چارەسەری یان خۆپارێزی باو، پشتی پێبەستراوە، بۆ نمونە: پزیشکی عەرەبی ئیسحاقی کوڕی حونەین* باسی ئەوە دەکات کە ژنێک تووشی نەخۆشییەک بوو، پزیشکەکانی هاودەمی خۆی نائومێد بوون لە چارەسەرکردنی، ئیدی قەدەر وەها بوو چنگی لە ڕووەکی (ڕاسن) گیر بوو، لێی خوارد و چاک بوەوە، ڕووەکەکەش لە وێنەی ژمارە (٥)دا خراوەتەڕوو. دواتر لە سەر خەڵکی دیکە تاقیکردەوە و هەمان ئەنجامی دەستکەوت، بەم چەشنە خەڵک ئەم دەرمانەیان ناسی کە چاکە و بەکاریانهێنا و پشتا و پشت بۆ نەوەکانی دوای خۆیانی گواستەوە.[2]

---

[1] ولي الدين عبد الرحمن بن محمد ابن خلدون (٧٣٢_٨٠٨هـ): مقدمة ابن خلدون، حقق نصوصه: عبدالله محمد الدرويش، دار العلم – بيروت، ط 2، 1998، ص 390_391.

* ئیسحاقی کوڕی حونەین (215 _298 ک = 830 – 910ز): پزیشکێکی وەرگێڕە و سوودی زۆری بە عەرەب گەیاندووە، چەندین کتێبی لە فەلسەفە و پزیشکیدا وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، خزمەتی زۆری دەوڵەتی عەبباسی کردووە، کتێبگەلێکی زۆریشی داناوە، لەوانە: (الأدوية المفردة) و (اختصار كتاب أقليدس) و (آداب الفلاسفة ونوادرهم) و (تاريخ الأطباء). هەندێکیشی لە لاتینیی و یۆنانییەوە وەرگێڕاوە: (كليات أرسطاطاليس)، (شرح مقالات أرسطو في علم النفس) كە تامسطيوس دایناوە، هەروەها کتێبی (عنصر الموسيقى). بە باشی زمانەکانی یۆنانیی و سریانی و عەرەبی، زانیوە. لە دایکبوون و مردنەکەشی لە شاری بەغداد بووە و لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا تووشی ئیفلیجی بووە، لە ساڵی ٢٩٩دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:

- ابن خلكان (681ک): وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، مصدر سابق، (مج١/ص٢٠٥).

[2] رينهارت بيتر آن دوزي (1300هـ)، مصدر نفسه، ل ٣٩١

**وێنەی (١٥) ڕووەکی ڕاسن[1]**



ئەو کۆمەڵەی نەخۆشییەکی دیاریکراوی تێدا بڵاودەبێتەوە، لەنێوانیاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشییە ئاڕاستەیەکی وەها دەگرنەبەر، کە بەندە بە شارەزاییەکی کەڵەکەبوو و کاریگەرییە کلتورییەکانەوە، بەڵام جووڵەی نەخۆشییەکە لە ئەنجامی بوونی هەڵوێستی یەکێک لەنەخۆشەکانەوە، بەرجەستەدەبێت، هاوکات کۆمەڵ و گرووپەکان شوێن شێوازە سلووکییەکان دەکەون و خۆی بە کۆمەڵگە دەناسێنێت، تا ئەوەی دەبێتە بەشێک لە کلتورەکەیان و پشتاوپشت دەیگوازنەوە(2).

[1] ڕاسن: ڕووەکێکی ساڵانەی قەد کورتە و گەڵاکانی ورد و بچووکن، ڕەگێکی یاقووتی بۆن خۆشی هەیە، تامی تیژە و لە کۆندا بۆ چارەسەری نەخۆشییە جۆرا و جۆرەکان بەکاریان هێناوە، وەک لە وێنەکەی سەرەوەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. بڕوانە:

_ رينهارت بيتر آن دوزي (1300هـ): تكملة المعاجم العربية، نقله إلى العربية وعلق عليه: محمد سليم النعيمي، ط 1، 1979_ 2000 م، وزارة الثقافة والإعلام، الجمهورية العراقية، (مج2/ص303).

(2) نبيل صبحي حنا، الاتجاهات التقليدية والحديثة في الأنثربولوجيا الاجتماعية، دار المعرفة الجامعية الإسكندرية – مصر، ١٩٨٥، ص٧٧.

لەکاتی بوونی نەخۆشیەکدا چەندەها ڕێگە و شێوازی چارەسەر دەگیرێتەبەر، ئەگەر یەکێک لەم ڕێگایانە ئەنجامی باشی هەبوو، ئەم ئەنجامە باشە بڵاو دەبێتەوە تا ئەو کاتەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکەن و بە چەند بارە بەکارهێنانەوەی ئەو چارەسەرە دەبێتە بەشێک لە کلتوری ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو کلتورەش پشتاوپشت دەگوازرێتەوە.

بۆیە بۆ لابردنی ئازار و گێڕانەوەی نەخۆش بۆ باری تەندروستی سروشتی، مرۆڤەکان پەنایان بردۆتەبەر هەندێ شێوازی جۆراوجۆر وەکو جادووکردن، نوشتە، ئەستێرەناسی،.. یاخود بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری کە هەندێک گەلانی تەقلیدی پەیڕەوی دەکەن لە گژوگیا و تۆو و هەتوان و گیراوەی ئامادەکراو و کەرەستەی چارەسەرکردنی تر، دەماودەم بەکەلەپووری زارەکی بۆ خەڵکانی تر گواستویانەتەوە، کەئەمانەش خۆی لە نەریتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی میللیدا دەبینێتەوە، ئەم زانیاریانەش تەنها چەند کەسێک بۆخۆیان قۆرخیانکردووە و کاری پێدەکەن وەک پیشەیەکی تایبەتی، ئەوەش پێویستی بە دەسترەنگینی یان شێوازی هونەری ئاڵۆز هەیە[1].

لە کوردستاندا کەسانێکی وەک (**ئیسماعیل مەحموود عەبدولکەریم سلێڤانی**، لە ١٨١٠/٣/٢٣ بۆ ١٨٩٨/١٢/٢٥ز ژیاوە)، پیاوێکی شارەزا بووە لە زانستی شەرعییدا و بە مەلاباش ناسراوە، کتێبی زۆری فەوتاون بەڵام چەند کتێبێکی ماون، دوو لەو کتێبانە دەستنووسی پزیشکین، یەکێکیان بەزمانی فارسییە بەناوی (**آموزش طب گیاهی براهی دانش اموزان پزیشکی**) واتە: فێرکاری پزیشکی گیایی بۆ قوتابیانی پزیشکی، کە بریتییە لە ٧١٢ لاپەڕە و لە بەهاری ساڵی ١٨٨١دا نووسیویەتی، باس لە دەرمانە گیاییەکان و شێوازی چارەسەرکردنی دەکات بە ڕووەک و گیاپزیشکییەکانی کوردستان. هەرچی کتێبەکەی دیکەیەتی بەزمانی عەرەبییە و لە دووتوێی ٥٠٠ پەڕەدا خۆی دەبینێتەوە، بەهەمان چەشن باس لە چارەسەر بە دەرمانی گیایی دەکات، ئەم پزیشکە دێرینەی کورد ئێستا چەندین نەوەی لەشاری دهۆک دەوروبەری ماون و یەکێک لەوانە پزیشکێکی ناسراوی ئێستای شاری دهۆکە بە ناوی (د. سالم سەعدی ئەلحەکیم)، هاوکات (بورهان حوسەینی، جەلال سەید کەریم گەراویی، میرزا سدیق چنگیانی، صاڵح سروشت، هەردەویڵ کاکەیی، کەمال جەلال غەریب، ئەمیر ئەمینی، شەهاب خزری و نوورەدین

---

[1] شاکر مصطفي سليم، مصدر سابق، ص٦١٧.

سەدرەدین) چەشنی ڕچەشکێن هەندێ ئەرکی کۆکردنەوەو  نووسینی ئەنجام و ئەزموونی پزیشکی  خۆماڵی کوردەواریان ئەنجام داوە. کە دەکرێت ئەمانە بە چەشنی بنەما و ئەلفوبێی ئەم بوارە چاو لێبکەین.[(1)]

کەوابوو دەتوانین بڵێین ئەم چارەسەریانە بۆماوەی کۆمەلایەتین و بۆ نەوەکانی تر گوازراونەتەوە، ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی ئەم چارەسەریانە چەند کەسێکی تریان لە خێزانەکانیاندا فێری ئەو کار و پیشەیە کردووە بۆ ئەوەی لەکاتی نەمانی ئەو پزیشکە میللییە نەوەکانیان بە جێبەجێکردنی ئەو کارانە هەستن. هەرچەندە مرۆڤ بەڕووی دنیای زانست و پزیشکی نوێدا بکرێتەوە، ئەوەندەش پابەندی بیروباوەڕە کۆن و میللییەکانە و پەیڕەویی لە کار و پیشەی باو و باپیرانیان دەکەن.

## 2 .   پزیشکیی میللی  وەک بەشێک لە کلتوری کۆمەڵگە

**ڕادکلیف براون** پێی وایە "کلتور چەمکێکی گشتی بەرفراوانە، لە هەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ ئاستێکی دیاریکراو لە ڕەفتار و بەها دیاریکراوەکان، کە کۆمەڵێک لە کۆمەڵەکان یان کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکانی دیکە جیا دەکاتەوە".[2]

کلتور لەو ڕەوشت و پێودانگانە پێکدێت کە تاکەکانی گرووپێک بەشداری تێدا دەکەن، چارەسەری بەردەستی بۆ کێشە و گرفتەکانمان هەیە، ئەو چارەسەرییانەش لە کۆمەڵێک شێواز پێکهاتووە، تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵی دەگرن، هەتا خۆیان لە گەڵ ژینگە دەرەکییەکان و تاکەکاندا بگونجێنن. ئەم ڕەوشت و مومارەسە جەختلێکراوانەش خۆی لە دابونەریتی کۆمەلایەتیدا دەبینێتەوە[(3)].

ئەمەش بەو مانایەی کلتور دەزگایەکە یان ئامرازێکە توانا دەدات بە مرۆڤ، ئەو گرفتانەی لەرێگەی تێرکردنی پێداویستیەکانیەوە دێتەڕێگەی، چارەسەریان بکات. تەندروستی و نەخۆشی یەکێکە لەپێداویستییەکانی ژیان کە کلتوری هەر کۆمەڵگەیەک ڕێگاو شێوازی خۆی هەیە لەچارەسەرکردنی کێشەو گرفتە نەخۆشیەکان.

---

[(1)] ئیرەج موڕادی باقلاوایی: پێشەکییەک لەسەر ڕووەکناسی، گیادەرمانی و پزیشکی خۆماڵی کوردەواری پزیشکی میللی، چاپی یەکەم، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦، ل ٨٩.

[2] محمد عبدالعبود مرسی، الأنثروبولوجيا العامة، دار المعرفة الجامعية، مصر، الاسكندرية، 1989، ص 69.

[(3)] فخري الدباغ، أصول الطب النفسي، ط ٢، مؤسسة دار الكتب الجامعة الموصل، ١٩٧٧، ص٨٤.

بێگومان جۆری ئەو کلتورەی کە (**روث بندیکت**[*]) جەختی لێدەکاتەوە، کاریگەری لەسەر پێکهاتەی سیمای کەسێتی هەیە، ئەو کلتورەشی کەسێتی دەشێوێنێ و جێی پێ لێژ دەکات، گۆڕانکاری لە ناوئاخنی کەسێتی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی مرۆڤ بەیەکترییەوە دەکات، ئەمەش لەمیانەی ڕاهاتنی بەو کلتورە دێتەکایەوە کە بەریەککەوتنی لەگەڵیدا هەیە[1].

واتە ئەم زانایە پێی وایە هەموو کۆمەڵە کەسێک کلتور و شێوازی ژیان و ڕێچکە خۆی هەیە، هەموو ئەمانەش کاریگەری دەکاتە سەر بونیادی کەسێتی و سیمای کەسێتییەکەی دیاری دەکات. کەواتە کەسێتی؛ بە کلتوری کۆمەڵگەکەی کاریگەر دەبێت و پێوەی پابەند دەبێت و جێبەجێی دەکات، بەمەش کلتور دەچێتە تەواوی ژیانەوە و کار لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان دەکات.

مرۆڤ هەر لەسەروبەندی دروست بوونییەوە لەسەر زەوی دووچاری جۆرەها نەخۆشی بووە، بۆیە بەرامبەر بە وێستگە مەترسیدارەکان کە هەڕەشەی لەتاک و کۆی کۆمەڵگاکەی کردووە کلتورەکەشی خستۆتە مەترسییەوە بەتایبەتی لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتا و درمەکان، لەبەرئەوە کلتور و کۆمەڵگاکان کەرەستەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاری ئەم مەترسیە خستۆتەگەڕ بۆ وەستاندن یان چارەسەرکردن یان خۆپاراستن لێی کە گرنگترین شێوازەکانی دەرمان و جادووگەری بووە، بۆیە کلتورەکان دۆزینەوە و گەشەپێدانی

---

* ڕۆث بندکت (Ruth Benedict) خانمە زانا و توێژەرێکی ئەمریکی ئەنثرۆپۆلۆجیستە و لە ٥/٧/ ساڵی ١٨٨٧ شاری نیۆرک لە دایک بووە و لە لە ١٩٤٨/٩/١٧دا کۆچی دوایی کردووە، لە زانکۆی (کۆڵۆمبیا) لەسەر دەستی (فرانس پواز) خوێندوویەتی، هاوکات یەکەمین ئافرەتێک بووە کە کاریگەرییەکی گەورەی لە ئەنثرۆپولۆجیای کلتووریدا داناوە، بەتایبەت لە بواری کلتوور و کەسێتی، بۆ چەندین سال توێژینەوەی لە پەیوەندی نێوان کەسێتی و هونەر و زمان و کلتووردا کردووە. بڕوانە:

Marilyn Bailey Ogilvie: The Biographical Dictionary of Women in Science, Routledge- ISBN 978-1-135-96342-2, volume 1, p 113.

[1] قیس النوري. الحضارة والشخصية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، المكتبة الوطنية، بغداد، ١٩٨١، ص ٧١.

شێوەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیدا خستۆتە بەرچاو، هەر لەبەرئەوەیە مومارەسەی پزیشکی و شێوازەکانی؛ بەشێکە لە کلتور لەهەر کۆمەڵگەیەکدا[1].

کەواتە پیادەکردنی کاری پزیشکی کۆمەڵە شێوازێکە، کە پەیوەندی بە کلتوری کۆمەڵگەوە هەیە، دەکرێت جۆری ئەو پیادەکردنەش لە کلتورێک بۆ کلتورێکی دی، جیاوازبێت.

مرۆڤ بەهۆی کارلێکی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی پیادەی چەندەها شێوازی چارەسەریی دەکات، کە لە ڕێگەی سرووتەکانی خوداپەرستی، کارەکانی پزیشکیی میللی، بەختگرەوەکان، یان جادووگرەوەکانەوە، ئەنجامی دەدەن، بەم چەشنە چارەسەرییەکان دەچێتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە[2].

بۆ نموونە چەندەها کەس بۆئەوەی ببنە خاوەنی منداڵ دوای چەند جارێک لەچوونە لای پزیشکی فەرمی نائومێد دەبن و پەنا بۆ ئەو مەزار و شوێنە پیرۆزانە دەبەن کە لە کلتوری کۆمەڵگەکەیدا ڕێگە پێدراوە، یاخود وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی کە لەلای کەسێکی شارەزای ئەو بوارە، ئەمەش وەک چاولێکەری یان تاقیکردنەوەی ئەو ئەزموونە بەوەی کە کەسێکی تر ئەنجامی پۆزەتیڤی بەدەستهێناوە بەو گژوگیا و دەرمانە سروشتیانە. هەموو ئەمانەش لەژێر کاریگەری ئەو ژینگە و کلتورەیە کە تیایدا دەژی.

هیچ کلتورێک نییە توخمەکانی پزیشکی میللییان لەخۆ نەگرتبێ، جیاوازی نێوان ئەو کلتورانەش بابەتێکی ڕێژەییە، کۆمەڵگە هاوچەرخەکان زیاتر پشتئەستورن بە پزیشکی نوێوە کەمتر باوەڕیان بەچارەسەرە میللییەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار دەگەڕێنەوە بۆ پزیشک و چارەسەری میللی و بەکارهێنانی گژوگیا و تیمارکردن بەبەرهەمی سروشتی لەژینگەدا، وەکچۆن مرۆڤ پێش گەیشتنی بە پزیشکی نوێ بەکاری دەهێنا، ئەم گەڕاندنەوەیەش بۆ دەرخستنی بوار و تایبەتمەندی چارەسەرکردن بۆ هەندێک لەو گژوگیا و تیمارکردنانە لەڕووی ئەزموونگەرییەوە و هاوکات نائومێدبوونی هەندێک لە پسپۆڕانی کایە پزیشکی و دەرمانسازییەکان و تاقیگەکان لە دۆزینەوەی

---

[1] Candil, William: Applied Anthropology in Medicine, Anthropology today, Kroeber, A, L. C.ED), Chicago, 1953, p 772.

[2] مجيد حميد عارف، في الأنثربولوجيا الطبية، الموسوعة الثقافية تصدر عن دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤، ص٤٨

چارەسەری گونجاو بۆ هەندێک لە نەخۆشییەکان، دەگەڕێتەوە، کە ئەمە وای کرد بەدوای تاقیکردنەوە و چارەسەری میللیدا بچن[1].

لەلایەکی دیکەوە پزیشکیی میللی  دەچێتە خانەی باوەڕە میللییەکانەوە، کە چەند بارودۆخێکی جیاواز لە بڵاوبوونەوە و پیادەکردنیدا دەخوڵقێنێت، ئەم جیاوازییانەش بە ڕەهەندی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و کلتوریی و ژینگەییەوە بەندە. گەلی (بۆریات) پێیان وایە گۆشتی ورچ حەوت جۆر نەخۆشی چارەسەر دەکات، خوێنەکەی پێنج جۆر نەخۆشی، بەزەکەی نۆ نەخۆشی، مێشکی دوازدە نەخۆشی، زراوی حەڤدە نەخۆشی، مووەکەی دوو نەخۆشی؛ چاکدەکاتەوە. هەندێ کۆمەڵگەی دیکە پێیان وایە خواردنی جاڵجاڵۆکە و کرمی سپی بۆ چارەسەری نەزۆکی باشە، لای ڕووسییەکانیش کرمی سوور بۆ نەخۆشی جومگە بەکاردێت.[2]

بۆ نموونە؛ هەندێک جار چارەسەرکارەکانی سلێمانی خوێی گەرمکراویان لە چارەسەری هەندێک نەخۆشیدا، بەکاردەهێنا*، لەبەرئەوە خەڵک هەموو ئەو شتانە تاقیدەکاتەوە کە لەگەڵ یاسا و ڕێسا و نەریتە باوەکان یەکدەگرێتەوە و لەگەڵ کلتورەکەیدا دەگونجێت، پێش ئەوەی پەنا بەرێت بۆ پزیشکی نوێ.

زانایانی ئەنثرۆپۆلۆجی توێژینەوەیان لەسەر نەخۆشی مرۆڤ لە کلتورە جیاجیاکاندا، کردووە، بۆیان دەرکەوتووە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان بیروباوەری میللی و ئەو چارەسەریانەی پزیشکە میللییەکە دیاری دەکات، ئەمەش پەیوەندی بە توانای چارەکارەکانەوە هەیە، بۆ بەدیهێنانی هەلێکی چارەسەری جێگرەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو شارەزایی و ئەزموونانەی کە پێشتر وەریان گرتووە، ئەنجامدانی کاری پزیشکیی میللی شارەزایی و ئەزموونێکی باشتر دەخوازێت، کە بەهیچ شێوەیەک چارەکارەکان ناتوانن ببن بە چارەکارێکی باش، هەتا ڕاهێنان ئەنجامنەدەن و ئەزموون وەرنەگرن و شارەزاییەکی باش لەو بوارەدا بەدەست نەهێنێت، لەلای ئەو کەسانەی کە پسپۆڕ و شیاون[3].

---

[1] Candil, William: Ibid, P 774.

[2] مجيد حميد عارف، في الأنثربولوجيا الطبية، مصدر سابق، ص٨٣

* ئەمە وەک ڕێنمایی بە چەند نەخۆشێک وتراوە.

[3] نبيل صبحي حنا، مصدر سابق، ص ٢٤٣

دەکرێت بڵێین جیاوازییە کلتورییەکان ڕۆڵیان لە تێکڕای تووشبوون بە نەخۆشییە جیاوازەکان لەلایەک و لەلایەکی ترەوە کاریگەریان لەسەر کەرەستە و جۆری چارەسەرییەکانیش هەیە، هاوکات تەندرووستی و نەخۆشی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا مومارەسەدەکرێن و بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراون، کە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن و دەبنە هۆی دەربڕینی جۆرێک ڕەوشت لە چوارچێوەی کلتورە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نمونە لەو کۆمەڵگایانەی کە هێزی لە ڕادەبەدەری سرووشت بەرپرسیار دەکەن لە باران بارین و وشکەساڵی، هەر ئەو هێزەش بەرپرسیارە لە نەخۆشی، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی بە دیدگایەکی میکانیکی بۆ دنیا دەڕوانن، بەشێوەیەکی گشتی پێیان وایە، هۆیەکانی نەخۆشی هۆکاری میکانیکین. کەوابوو ئەمانە تێگەیشتنی خەڵک سەبارەت بە تەندرووستی و نەخۆشی دەخاتەڕوو، ئەم تێگەشتنەش لە ڕێگەی کلتوری کۆمەڵگەکەیەوە بەدەست دەهێنێت[1].

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تەندرووستی و نەخۆشی لەگەڵ کلتوردا هەیە، بۆ چارەسەریی لەمیانەی پزیشکی میللییەوە، کە لە زۆرینەی کۆمەڵگاکاندا –بەشێوەیەکی ڕێژەیی- ڕەچاو دەکرێت، هاوکات ڕێژە و جۆری تووشبوون بە نەخۆشی بە گوێرەی و کۆمەڵگان، جیاوازن. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە کەرەستەکانی چارەسەرکردن هەرچییەک بێت ئەوا جیاوازی ژینگە کلتورییەکان کاریگەری لەسەر پلەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەبێت.

کەواتە ئەوە کلتورەکەیە پێمان دەڵێت کاتێک دڵمان تەنگە و بەردەوام هەست بە بێهێزی و لاوازی دەکەین، پەنا ببەین بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی دوعا و نوشتە و سیحرن بۆ بەتاڵکردنەوەیان و لابردنی ئەو بارودۆخەی کەتووشی هاتوین، کلتوری کۆمەڵگەیە ڕێگەمان نیشان دەدات کاتێ شکاوی و درز و لەجێ چونمان دەبێت، بچینە لای پزیشکیی میللی شکاویی، کاتێک منداڵەکانمان لاوازە و ئیشتیهای خواردنی نییە، بیبەینە لای ئەو ژنانەی کاری بە بۆنکەوتن و ترسی منداڵ چارە دەکەن.. دواتر ئەوەی کە چارەسەرەکان بە شێوەیەکی باش دەڕوات دووبارە جارێکی تر لەدروستبوونی حاڵەتی لەو چەشنانە هانایان بۆ دەبەینەوە، یان کاتێک گوێمان لەئەزموونی کەسێک دەبێت کە بەو چارەسەریانە بارودۆخی تەندروستی باش بووە، وا دەکات ئێمەش هانای بۆ ببەین؛ لە

[1] مجید حمید عارف، مصدر سابق، ص ٢١_٢٢

پێناو دابینکردنی تەندروستییەکی باشتر؛ چونکە مرۆڤ بۆ تەندروستی باش و لەشساغی هەموو ڕێگەیەک دەگرێتەبەر..

## 3 . پزیشکیی میللی وەک چارەسەرێک بۆ لایەنی دەروونی

چارەسەرکردنی میللی بۆ هەندێک لە نەخۆشییەکان مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، زۆربەی جار لایەنی دەروونی کاریگەری لەسەر ئەرکە فیزیکی و جەستەیەکانی مرۆڤ هەیە، لەو نەخۆشیانەش کەلایەنی دەروونی تووشی جەستەی دەکات بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، تەنگەنەفەسی، برینی گەدە .. هەرجۆرێک لەجۆرەکانی پەشێوی لایەنی دەروونی، وەزیفەی ئەندامەکانی تریش تووشی پەشێوی دەکات، هەرچەندە سەرچاوەی پەشێوییەکە ویژدانی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام نەخۆشییە دەروونییەکان سەرچاوەن بۆ کێشە کلتوری و کۆمەڵایەتی و زەینییەکانی تر، کە کۆمەڵگە پێشکەتووە پیشەسازییەکان و کۆمەڵگە تەقلیدییەکان وەک یەک تووشی دەبن، بۆیە لایەنی دەروونی نەخۆش ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دیاریکردنی جۆری ئەو گیادەرمانانەی بۆ چارەسەر بەکارهاتووە، ئەنثرۆپۆلۆجییە دەروونناسەکان لەو کۆمەڵگایانەی کە توێژینەوەیان لەسەرکردووە هەندێک لەو پەشێوییانەی لایەنی دەروونی بۆ نەخۆشییە سایکۆماتییەکان دەگەڕێننەوە، ئەمەش لەو زانستەوە سەرچاوەی گرتووە کەپێی دەوترێت (سایکۆفارماکۆلۆجی-Psychopharmacology) واتە زانستی دەرمانی دەروونی. ئەم زانستە مامەڵە لەگەڵ ئەو چارەسەرانە دەکات کە کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ هەیە[1].

گرنگترین ئەو بابەتانەی کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دەکات گەشبینی و بیرکردنەوەی ئەرێنی و توانای بەردەوام بوونە لەژیان هەرچەندە مرۆڤ لەژیاندا دووچاری چەندین گرفتی دەروونی و تەندروستی و دارایی و کۆمەڵایەتیش دەبیتەوە، بەڵام بەدەروونێکی تەندروستەوە دەتوانیت بەسەر زۆرترین بەربەست و ناڕەحەتییەکانی ژیاندا سەربکەوێت و تێیان پەڕێنێت.

---

[1] James L. Levenson, M. D. Stephen J. Ferrando, M.D. Psychopharmacology in the Medically ill, second edition, 2003, P 11.

پیادەکردن و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەدەروونی خەڵکدا جێگە و ئاڕاستەیەکیان لەچارەسەری هەندێک نیشانە و نەخۆشیدا کەمرۆڤ تووشی دەبێت، هەیە. باشترین بەڵگە لەسەر ئەوە هەندێک لەو نەریتانە بەهرەو دانراوی ئەدەبی پەند ئامێزیان سەبارەت بەکاروو‌بارە میللییەکان هەیە وەک چارەسەری میللی، جادووکردن، وەرگرتنی ڕای دەوروبەر بۆ سەرکەوتوترین چارەسەری نزیک .. هەندێک لەو باوەڕو پراکتیزانە بەئامڕازی چارەسەری سەرکەوتو دائەنرێن بەتایبەت لە چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی سادە وەکو ئارامبەخشی دەروونی. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کارلێکی تەواو لەنێوان ئارەزووی نەخۆش بۆ چارەسەرکردن و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە کەئەمەش لە بیروباوەڕە میللییە باوەکانەوە سەری هەڵداوە[1].

پزیشکیی میللی لەمیانەی دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسی نەخۆشدا دەتوانێت لایەنی دەروونی جێگیر بکات و گەشبینی پێببەخشێت. هەروەها جگە لە گیا دەرمانییەکە چەندین پێشنیاز پێشکەش بەکەسی نەخۆش دەکات، کە کاریگەری زۆر بەهێزترە لە گیادەرمانییەکە بۆنموونە بۆ کەسێکی جگەرەکێش پێویستە پێش ئەوەی کە جۆری دەرمانەکەی بۆ دیاری بکرێت ڕێنمای خۆ بەدوورگرتن و نەکێشانی جگەرەی پێ بدرێت لەبەر ئەو زیانە کۆمەڵایەتی و دارایی و دەروونی و جەستەییانەی کەهەیەتی، هاوسەنگی لایەنی دەروونی مرۆڤ بەشێکی گرنگی چارەسەری نەخۆشییە، بۆیە زۆربەی چارەسەرکارە میللییەکان گرنگی زیاتریان بەلایەنی دەروونی مرۆڤ داوە؛ چونکە لایەنە دەروونییەکەی مرۆڤ وەک بابەتێکی مەعنەویی و نادیار هیچی کەمتر نییە لەلایەنی جەستەیی کەخۆی لە ئێسک و ماسولکەدا دەبینێتەوە، کەواتە هاوسەنگی لایەنی دەروونی مرۆڤ بەشدار دەبێت لەدیاریکردنی نەخۆشییەکەو ئەو گرفتانەی کەوا دووچاری نەخۆشەکە دەبێتەوە، هەرلەبەرئەوەیە کە پزیشکیی میللی هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی ئارامی لایەنی دەروونی نەخۆش لەڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵکردنی و باسکردنی جۆری دەرمانەکەی لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیدا[2].

---

[1] مجيد حميد عارف، في الأنثربولوجيا الطبية، مصدر سابق، ص ٦٢.

[2] ضحى بنت محمود بابللي، مصدر سابق، ص 49.

تەنانەت فەیلەسووفێکی مەزنی وەک فارابی* دەرهەق بە لایەنی دەروونی نەخۆش دەڵێت: "ڕووخۆشبوون و خەندەکردن بەڕووی نەخۆش نیوەی چارەسەرە".(1)

هاوکات کۆمەڵگەی پزیشکی بایەزیدی دووەم لەشاری ئەدرنە، گەورەترین کۆمەڵگەی پزیشکی جیهان بوو لەسەدەی پازدەدا. پێکهاتبوو لە سێ بەش: مزگەوت، زانستگای پزیشکی، چارەسەرگەی نەخۆشییە دەروونییەکان. لەم چارەسەرگەیەدا سەدان نەخۆشی دەروونی لە ڕێگەی گوێگرتن لە مۆسیقا، ئاواز و دەنگی باڵندە، دەنگی خوڕەی ئاو، بۆنکردنی جۆرەها گوڵ، بینینی دیمەنی جوانی سروشت، وێنەکێشان؛ چارەسەردەکران. یەک لە ڕۆژهەڵاتناسان دەڵێت: ئەوکاتەی لە ئەوروپا شێت و نەخۆشە دەروونییەکان دەسوتێنران و ئازار دەدران، لێرە موسوڵمانەکان، لە ڕێگەی مۆسیقا و وێنە کێشانەوە چارەسەریان دەکردن.(2)

کەواتە لایەنی دەروونی نەخۆش ڕۆڵی گەورەی لەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیدا هەیە، ئەوەی لەمیانەی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ چارەسەرکارە میللییەکان جێی سەرنج بوو، ئەوەبوو زۆر گرنگییان بەلایەنی دەروونی نەخۆش دەدا و، دڵنیاییان پێدەبەخشی بەوەی کە لەڕێگەی گژوگیا و خواردنی درووست و ڕووەکە سرووشتییەکانی ژینگەکەیی و ڕێکخستنی کاتەکانی خەو و حەواندنەنەوەی، چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرێت.

---

* فارابی: ئەبو نەسر محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی تەرخانی فارابییە، بەهۆی ئەوەی شەرحی دانراوەکانی (مامۆستای یەکەم) ئەرستۆی کردووە، ئەوا ئەمیش بە مامۆستای دووەم ناوزەدکراوە، یەکێکە لە مەزنترینی فەیلەسووفانی ئیسلام، ساڵی (٢٦٠ک/٨٧٤ز) لە نێوچەی فارابی تورکیا لەدایک بووە و، لە شاری دیمەشق ساڵی (٣٣٩ک/٩٥٠ز مردووە). بەباشی زمانی یۆنانی و زۆرترینی زمانە ڕۆژهەڵاتییە ناسراوەکانی ئەو دەمەی زانیوە. خاوەنی ١٠٠ کتێبە، لەوانە: إحصاء العلوم والتعريف بأغراضها، آراء أهل المدينة الفاضلة. بڕوانە:

_ ابن خلكان، وفيات الأعيان، مصدر سابق، (مج5/ص153)

(1) M. S. Spink and G. L. Lewis, Albucasis on Surgery and Instruments, Wellcome Institute of the History of Medicine, London, UK, 1973. P 116.

(2) سيغريد هونكه: شمس العرب تسطع على الغرب، ترجمة: فاروق بيضون و كمال دسوقي، ط8، دار الجيل بيروت 1993، ص 229، 491، 523.

والعلوم العقلية في الدولة العثمانية من عهدالسلطان محمد الفاتح إلى عهد السلطان سليمان القانونى، علوم الطب والجغرافيا والهندسة أنموذجا، رسالة ماجستير، ص ١٢٣.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین چارەسەرکاری میللی دڵنیایی دەدات بە نەخۆش، کە لەڕێگەی گژوگیا و خواردنی درووست و ڕووەکە سرووشتییەکانی ژینگەکەی، چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرێت، بۆیە مرۆڤ تا ئەو ئەندازەی نزیکایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ ڕووەک و گیاسرووشتییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی هەبێت، ئەوەندەش پارێزگاری لە تەندرووستی خۆی دەکات، وەک وتراوە؛ هەموو نەخۆشێک بە دەرمانی خاکەکەی خۆی تیمار دەکرێت، بەکارهێنانی ئەم جۆرە گوزارشتانە لەلایەن چارەسەرکارەکانەوە، ئارامی زیاتر بە دەروونی نەخۆش دەبەخشێت.

## 4 . پزیشکیی میللی لەڕووی ئایینییەوە

بیروباوەڕ و پەیڕەوکردنی پزیشکیی میللی چەشنی سیستمێکی مەعریفییە و بڕیار دەربارەی چارەسەرییەکی دیاریکراو دەدات، بۆیە چەندەها دابونەریتی پزیشکی و میللی جیاواز لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا هەن، کە باکگراوەندێکی ئایینییان هەیە، وەک ملکەچی و نزاو پاڕانەوە لە پێناو چارەسەری نەخۆشییەکدا، یان ئەوەی مرۆڤ پێی وایە کە ئەوە گوناهـ و تاوانە بوون بەهۆی نەخۆشی و ناساغی کەسەکە، یاخود ئەو دابونەریتەی کە پشت بە لایەنێکی ماددی و هەستپێکراو دەبەستێت وەک خواردنی شۆربای گەرم بۆ بەرگری سەرمای زستان، یان بەکارهێنانی هەندێ گیادەرمانەی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی چەند نەخۆشییەک، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاتێک کە بیری ئایینی و کلتوری زاڵبوو بەسەر ئەو چەمکانەی کە پەیوەندیان بە تەندروستی و نەخۆشییەوە هەیە، تێکڕایان بوون بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پێشتبەستن بە پزیشکیی میللی.[1]

لە گەلە سەرەتایی و نەریتییەکاندا بەو کەسەی کەلە پەرستگاو کەنیسەکاندا چارەسەری دەکرد دەوترا شامان* کە هەڵدەستا بەبەکارهێنانی کۆمەڵە تەکنیکێکی ڕۆحی

---

(1) نجلی عاطف خلیل، مصدر سابق، ص ٢٧٠_٢٧١

* وشەی شامان لەزمانی گەلی سیبریاوە هاتووە کە پێی دەڵێن (تونجس Tungus)، لەسەر زمانی خەڵکی بە وشەکانی (سامان، هامان، شامان) هاتووە، شامانی پەیڕەوکردنێکی جادووگەرییە کە شامان پێی هەڵدەستێت، مرۆڤ لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا لەڕێگەی بۆماوەی کۆمەڵایەتییەوە ئەیتوانی ببێت بە شامان، کوڕی شامان ئامادەیە بەوەی کە ببێت بە شامان بەتایبەتی دوای ئەوەی کەداوای لێدەکرێت ببێت بە شامان یات خۆی بیەوێت کە ئەو پیشەیە بکات، کەوابوو شامانی لەدوو ڕێگەوە پەیڕەوکراوە یات بۆماوەیی یان ئەوەی کەداوای لێبکرێت ببێت بە شامان. بڕوانە:

و دەچووە دۆخی غەیبی و نادیارەوە بەو مانایەی شامان بەبێ جەستە بەرەو جیهانەکانی دیکە گەشت دەکات لەپێناو دیاریکردن و دۆزینەوەی چارەسەری گرفتێک یان چارەسەری نەخۆشییەک، لەو جیهانەدا فێردەبێت کە هۆکاری گرفت و نەخۆشییەکان چیین و چۆن چارەسەر دەبن و هاوکات چۆن ڕابەرایەتی ڕۆحەکانی دیکە بکات بۆلای خۆی، کە ئەمەش زۆرتر لای هندییەسورەکان باوبووە، کەوابوو شامانی ئاماژەیە بە کۆمەڵێک تەکنیک و بیروباوەڕ کە شامان لە جیهانی غەیبدا پێی هەستاوە، یان جۆرێکە لەئاینداری یاخود نەسەقێکی بیرەباوەڕ بووە کەلەچارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت و نەخۆشیەکاندا پشتی پێ بەستراوە[1]

لەڕووی ئایینیەوە شاراوە نییە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی پزیشکی لەپەرستگا و کەنیسەکانەوە بووە، هاوکات یەکێک لەو قۆناغانەی کەوا بابەتی پزیشکی پیا تێپەڕی تێکەڵکردنی بووە بە کاری جادوویی، کە قەشەو کاهینەکان پیادەی ئەو پیشەیەیان کردووە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام، کاری جادووکردن و چاوبەست و نوشتە تا ئەندازەیەکی باش کاڵبوونەوەی بەخۆیەوە بینیووە و کاری پزیشکی یارمەتی لە قورئان و فەرمووودەکانی پێغەمبەر محمد (د.خ) وەرگرتووە، کە بەندە لەسەر چەندین کۆڵەکەی بەهێز لە ئیمان و خوداناسی و پارێزگاری کردن لە تەندرووستی خۆچارەسەرکردن، بۆیە پزیشکە میللییە مسوڵمانەکان* چەندین سەدە لەمەوپێش بایەخیان بەم لایەنە داوە، سەرجەم بنەماکانی ئەم ئایینەش هانی مرۆڤ دەدات بۆئەوەی تەندروست بێت و خۆی لە نەخۆشی بپارێزێت. هاوکات چەندەها ئاداب و ڕەفتاری باشی بۆ پزیشکەکان داناوە و ئەرک و بەرپرسیارێتی خستۆتە سەرشانیان، بۆیە پزیشکیی میللی لەڕێگەی بەکارهێنانی

---

- مهنا يوسف حداد، الأنثربولوجيا الدينية، الطبعة الأولى، دار اليازوري، الأردن، ص١٦٢

[1] مهنا يوسف حداد، مصدر نفسه، ص ١٦١

* ناودارترینی پزیشکەکانی ئەو ئایینەش لەمانە پێکدێن: "یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کیندی، ئیبن ڕەببەنی تەبەری، ئەبو زەیدی بەڵخی، ئەبوبەکری ڕازی، ئیبن سینا، زەهراوی، ئیبن نەفیس، ئیبن هەیسەم، بەیرونی، ئەحمەدی تەمیمی، میسکەوەیهی، ئیبن زوهر، ئیبن باجە، ئیبن توفەیل، مەنسووری کوڕی ئیلیاس ..."، کە خودی میسکەوەیهی خاوەنی کتێبی: "الأدوية المفردة" و "الأشربة"یە.

ئەو ڕووەکانەی لە دەق و فەرموودەکانی ئایینی ئیسلامدا ئاماژەی پێکراوە، لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا بەکاریانهێناوە.[1]

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا چەندین ڕێگای چارەسەری میللییمان هەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەڕوی ئایینییەوە بایەخێکی زیاتری پێدەدەن و، لەڕووی چارەسەری نەخۆشییەکانیانەوە سودیان لێوەرگرتووە، بۆ نموونە زۆربەی مسوڵمانان بایەخ بە نزاو پاڕانەوە دەدەن چونکە پێیان وایە ووشەکانی لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەندێکیش بڕوایان بە کەڵەشاخ و بەکارهێنانی ڕەشکە هەیە لەبەرئەوەی لە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام زۆربەیان لەو تێڕوانینە ئایینیەدا هاوبەشن کە پێیانوایە هەموو نەخۆشییەک لەقەدەری خودای گەورە بەدەرنییە و شیفاو چاکبوونەوەی نەخۆش تەنها بەدەستی ئەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەسی دیکەی بەناو مەلا یان شێخ سوودیان لەم لایەنە وەرگرتووە و وەک هەلێک بۆ دەستخستنی مەبەستی تایبەتی قۆستوویانەتەوە.

پزیشکیی میللی لە ڕێگەی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، سودی لە ئاینی ئیسلام وەرگرتووە، کە باس لە خۆپارێزی لە تێکڕای نەخۆشییەکان دەکەن، بۆیە زۆرێک لە زانایانی ئەم ئایینە بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەم بابەتە دەخەنەڕوو، لەوانە (ئیبنولقەییمی جەوزی) دەڵێت: "پزیشکایەتی پێغەمبەر (د.خ) چەشنی پزیشکایەتی پزیشکەکانی دیکە نیە؛ چونکە فەرموودەکانی ئەو، یەقینی و یەکلاکەرەوەیە و لەلایەن خوداوە بەشێوەی سروش (الوحي)وە بۆی هاتووە، بەڵام پزیشکایەتی تێکڕای پزیشکانی دیکە بەندە لەسەر گومان و ئەزموون، سەرباری ئەوەی لە ئەزموونەکانیاندا سوودێکی زۆریان لە پزیشکایەتی پێغەمبەر وەرگرتووە، هاوکات ئایەتەکانی قورئانیش بە شیفابەخشی سەرجەم نەخۆشییەکان دادەنرێت و سوودی لێدەبینرێت".[2]

ناودارترین جۆری ئەو چارەسەریانەی بۆ نەخۆش بەکاردەهێنرێت: (کەڵەشاخ، چارەسەرکردن بە هەنگوین و ڕەشکە و خۆداخکردن بە ئاگر ..)، کە هەریەک لەم دەرمان

---

[1] الذهبي: سير أعلام النبلاء، (ط2، دار الحديث- القاهرة، 1427هـ-2006م)، (مج14/ص476، مج17/ص351). و الزركلي: الأعلام، (ط 15، دار العلم للملايين، بيروت – لبنان، 2002م)، (مج1/ص211، مج2/ص241، مج4/ص270، مج7/ص137).

[2] ابن قيم الجوزية: زاد المعاد في هدي خير العباد، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ط ٢٧، 1415هـ /1994م، (مج٤/ص٢٩٧)

و چارەسەریانە پشتیان بە ئایەت و فەرموودەکان بەستووە، بۆ نمونە پێغەمبەر (د.خ) دەربارەی کەڵەشاخ چەندین فەرموودەی هەیە:

1) "باشترین شتێک کە چارەسەری خۆتانی پێبکەن کەڵەشاخە"[1].

2) "باشترین دەرمان کەڵەشاخە"[2].

3) "شیفا لە شەربەتی هەنگوین و کەڵەشاخدایە"[3].

4) "باشترین دەرمان کەڵەشاخە، خوێنی پیس وەدەردەنێت و چاو ڕۆشن دەکاتەوە و، پشتی مرۆڤیش وشک دەکاتەوە"[4].

5) "ڕەشکە شیفایە بۆ هەموو نەخۆشییەک تەنها مردن نەبێت"[5].

خەتتابی دەڵێت: "مەبەستی فەرموودەکە دەڵێت (چارەسەرە بۆ هەموو نەخۆشییەک) گۆیایەکی (لفظ) گشتییە و مەبەست پێی تایبەتە، واتە مەرج نییە ئەو ڕووەکە یان ئەو ڕەشکەیە بۆ سەرجەم نەخۆشییەکان بەرکاربێت"[6].

لەبەرئەوەی بەشێویەکی گشتی میللەتی کورد مسوڵمانە و پابەندە بە پرنسیپەکانی ئەو ئایینەشەوە، ئەوا زۆرینەی چارەسەرکارە میللییەکان بە سوودوەرگرتن لەم فەرموودانە چارەسەر پێشکەش دەکەن، بۆیە زۆربەی ئەوانەی چارەسەری میللییان وەردەگرت کاریگەری لایەنە ئایینییەکەیان بەسەردا زاڵە.

شایانی باسە چارەسەر بەکەڵەشاخ یەکێکە لە کۆنترین شێوازەکانی چارەسەر کە مرۆڤایەتی نزیکەی پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا ناسیویەتی و لەسەرتاسەری ئەورووپا و ئاسیادا بەتایبەت لە وڵاتی چین بۆ چەندین سەدە، برەوێکی زۆری پێدراوە، هەروەها

---

[1] رواه مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري، صحيح مسلم، التحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط1، (مج3/ص1204) رقم الحديث (62)

[2] أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل: مسند أحمد، التحقيق: شعيب الأرنؤوط، عادل مرشد، وآخرون إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، 1421 هـ 2001م، (مج٢٠/ص٢٤٢) رقم الحديث (12093).

[3] الجامع الصحيح: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، التحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط ١، 1422هـ (مج7/ص122)، رقم الحديث (5680)

[4] رواه البخارى ومسلم.

[5] رواه البخارى (٥٦٨٨). ومسلم (٢٢١٥).

[6] الخطابي، غريب الحديث، التحقيق: عبد الكريم إبراهيم الغرباوي، خرج أحاديثه: عبد القيوم عبد رب النبي، ط1، دار الفكر – دمشق، 1402 هـ 1982م، (مج3/ص140)

عەرەبەکانیش کەڵەشاخیان زانیوەو چارەسەریان پێکردووە و بۆتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پزیشکی عەرەبی؛ چونکە کەڵەشاخ و خوێنبەردان و داخکردن بە سێکوچکەی چارەسەری نەشتەرگەری ناسراون لە پزیشکی کۆنی عەرەبیدا[(1)].

کەواتە؛ لایەنی ئایینی پزیشکیی میللی ڕەهەندێکی قووڵی لە بیروباوەڕی میللی هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە، ئەو بیروباوەڕانەش کار لەسەر پێکهاتە و بونیادی کلتوری کەسێتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەکات، واتە هێندەی ئەنثرۆپۆلوجیای ئایینی دەربارەی دیراسەکردن و توێژینەوە لە مرۆڤ یان ڕەهەندی میللی دەدوێت، نیو ئەوەندە لە بابەتی لاهوتی ئایینی یان حەقیقەتی خودا نادوێت؛ چونکە زۆرینەی ئەو مادده و گیادەرمانی و دەرمانە سرووشتیانەی لە پزیشکی میللیدا بەکاردێن، پشت بە ڕەهەندی ئایینی یان بیروباوەڕی ئایینی دەبەستێت و – کە وەک ئاماژەی پێدرا- بەندە لەسەر ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، هاوکات کاریگەری تەواوی لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی مرۆڤ هەیە؛ چونکە چەمکە ئایینییەکان ماددی نین هەتا بتوانین مامەڵەی ماددییانەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵکو سەرجەم چەمکەکانی لەگەڵ چەمکە مەعنەوییەکاندا لێکئالاون، وەک چەمکی: نەریت، بەها، پێوەر، ئاکار و .. هتد.

ئەبوبەکری ڕازی*؛ کە بە (ئیلهامێک بۆ چەندین سەدە) ناسراوە، یەکەم (پزیشکی کلینیکی) بووە لە مێژووی پزیشکییدا، یەکەم کەس بووە کە ئاژەڵی بەکارهێناوە بۆ تاقیکردنەوە، یەکەم کەس بووە کە هەتوان (مرهم)ی لە گژو گیا سرووشتییەکان دروستکردووە، یەکەم کەس بووە جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەری کردووە لەنێوان دوو نەخۆشی ئاوڵە و سووریژە، دەزووی لە ڕیخۆڵەی پشیلە دروستکردووە بۆ دوورینەوەی

---

(1) صهباء محمد،سەرچاوەی پێشوو، ل١٣

* ئەبوبەکر محەمەدی کوڕی زەکەریای ڕازی (250هـ 864/م 5 شعبان311 هـ 19/نوفمبر923 م)، لە سەروەختی موکتەفی بیللادا لە هەریەک لە نەخۆشخانەکانی ڕەی و بەغدا کاری پزیشکی کردووە، دانراوەکاني: "الحاوي" و "الجامع"، زۆر بەسوودە و چەندین چارەسەری بە ڕووەک و گژوگیا لە خۆگرتووە "الأعشاب". یەکێک لە ڕێنماییەکانی ئەوەیە دەڵێت: "گەر بە خواردنی رووەکی بەسوود دەردەکەت چارەسەر بوو، ئەوا بە دەرمانی دی خۆت چارەسەر مەکە، گەر بەیەک دەرمان چارەسەرت بوو ئەوا مەیکە بە دوو دەرمانی تێکەڵ".

– الزركلي، خير الدين بن محمود بن محمد، الأعلام، بيروت: دار العلم الملايين، ط 15، 2002م، (مج٥/ص١٥٧_١٦١).

برین لەکاتی نەشتەرگەریدا، یەکەم کەسە لەسەر هەستیاری (حەساسییەت) نووسیوێتی و چەندانی دیکە. خاوەنی یەکێک لە گەورەترین کتێبی پزیشکییە بە ناوی (التصريف عن العجز في التأليف) کە خۆی لە 25 بەرگدا دەبینێتەوە.[(1)]

ئەبوقاسمی زەهراوی* لە نەشتەرگەری بچوککردنەوەی سنگی پیاواندا کە دەناسرێت بە Gynaecomastia چەندین تازە گەری کرد و ئەزموون و زانیارییەکانی خۆی بەکارهێنا، هەر لە شێوازی بڕینی سنگەوە تاکو بەکارهێنانی دەرمانەکان کە زانستی مۆدێرن باشیی و گونجاوییان سەلماندووە بۆ ئەو کردارە، تاکو چاودێری کردنی بارودۆخی نەخۆش و لەئەگەری تێکچوونی بارودۆخیدا ڕێگەی زۆر گونجاو و خێرایی بەکارهێناوە تاکو نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتووبێت و نەخۆشەکەش گیانی نەکەوێتە مەترسییەوە.[2]

کەواتە دەتوانین بڵێین پزیشکە مسوڵمانەکان لەو دەمەدا کاریگەری زۆریان لە باشترکردنی تەندرووستی نەخۆشدا هەبووە، بەتایبەت لە میانەی ئەو گیا و ڕووەک و میوانەی لە قورئان و فەرموودەدا ناویان هاتووە و، زۆرجاریش –وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا– لە میانەی فەرموودەکانەوە سوودەکەیان خراوەتە ڕوو، هەروەها بە کنە و پشکنین و توێژینەوەی ورد، توانیویانە بواری پزیشکی بەرو پێشتر بەرن.

مرۆڤ لە دەرەنجامی بەریەککەوتنی لەگەڵ ژینگەدا، یان سوود لە ئەزموون و تێبینی مەیدانی وەردەگرێت، یاخود لە بیروباوەڕە ئایینییەکەی، هاوکات گژوگیا و ڕووەکەکان پێش درووستبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی درووست بووە، خودا نەخۆشی و لەشساغی

---

(1) بنواڕە ئەم ماڵپەڕە: https://docdro.id/KbUBXnA، کە لەبەرواری ٢٠١٨/٥/٢١ بڵاوکراوەتەوە.

* زەهراوی: خەلەفی کوڕی عەبباسی زەهراوییە ساڵی (١٠٣٦ز کۆچی دوایی کردووە)، پزیشک و زانایەکی ناودار بووە. لە زهرای نزیک قورتوبە لەدایک بووە، بەنێوبانگترینی ئەو کەسانە بووە کە لە جەڕاحیدا کتێبیان داناوە، چەندین کتێبی بەم ناوانەوە داناوە: (التصريف لمن عجز عن التأليف) دوو بەرگە. (تفسير الأكيال والأوزان) و (المقالة في عمل اليد) و (كتاب فيه أسماء العقاقير باليونانية والسريانية ..).

_ الزركلي، الأعلام، مصدر سابق، (مج٢/ص٣١٠).

2 Chavoushi, S.H., Ghabili, K., Kazemi, A., Aslanabadi, A., Babapour, S., Ahmedli, R., & Golzari, S.E. (2012). Surgery for Gynecomastia in the Islamic Golden Age: Al-Tasrif of Al-Zahrawi (936–1013 AD). ISRN Surgery, 2012. P 56.

لەلایەک دانا و لە لایەکی دیکەوە لە ڕووەکدا خواردن و دەرمانی دانا، ئەمەش بوو بەهۆی هاناوەهاتنی زۆرێک لەو نەخۆشی و دەردانەی تووشی مرۆڤ و گیاندار بووە،[1] وەک دەگوترێت؛ تاکە پیازێک بۆخۆی دەرمانخانەیەکی تەواوە، فیرعەونەکان لە میسر پیازیان بەپیرۆز زانیوە لەسەر دیواری قوچەکەکان و پەرەستگە و لاپەڕەکانی بەردیی ناوی پیازیان نووسیوەتەوە، هاوکات پیازیان خستۆتە نێو دووداەرەی مردوو لەگەڵ جەستە مۆمیاکراوەکاندا؛ چونکە  بڕوایان وابووە کەپیاز یارمەتی مردووان دەدات بۆ باشتر هەناسەدان بەتایبەت لەو کاتەی سەرلەنوێ بۆ ژیان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە لە لیستی خۆراکە بەهێزەکان بووە بەو کرێکارانە دراوە کە سەرقاڵی دروستکردنی هەڕەمەکان بوون، پزیشکانی فیرعەون بەخۆراک پێدەر و ئارەزووبەخش و ئیشتیاکەرەوەی خواردنی خۆراک ناوی پیازیان هێناوە.

بێگومان لە بواری ئایینیدا پزیشکیی میللی  بایەخ بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین دەدات؛ چونکە  کاتێک باس لە ئایین دەکەین، ئەوا باس لە ئایینی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی دەکەین کە خاوەنی کلتور و نەریت و ئاکار و بە هایەکی دیاریکراون، کە بەداخەوە زۆرێک لە بیریاران و بیرمەندان و ئەنثرۆپولۆجستەکان بێئاگان لە گرنگی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دیاردەی ئایین و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی خەڵکیدا هەیە، کە هەر خودی ئەو پەیوەندییە هاوکاری تەواوی ئەو نەخۆشانەیە کە چارەسەریی لەلای پزیشکە میللییەکان وەردەگرن، لەبەرئەوە دیاردەی ئایینی بە تەوەرەیەکی بنەڕەتی و گرنگ دادەنرێت لە هەریەک لە زانستە کۆمەڵایەتی و ئەنثرۆپۆلۆجییەکاندا.[2]

یۆنانییەکانیش پیازیان بە موبارەک داناوە هەندێک لە مێژوونوسانی کیشوەری ئەمریکا وای دەگێڕنەوە کە هندییە سورەکان پیازیان بەکارهێناوە و پێیان گوتووە (شیکاگۆ)، کە دواتر ئەم ناوە لە شارێکی گەورەی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نراوە، کە ئەمەش بە واتای هێز و گەورەیی دێت.[3]

---

[1] أحمد قدامة: قاموس الغذاء والتداوي بالنباتات، ط 2، دار الأنفاس – بيروت، 1990، ص 64

[2] Theories of Primitive Religion. Oxford University Press. ISBN: 019-8231318, 1965, p 152.

[3] منار المصري: چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان بە سەوزە و میوە، و. گەرمیان محەممەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چوارچرا ٢٠١٤، ل٤.

مەنصوری کوڕی ئیلیاس* لە کتێبەکەیدا پێنج بەشی جیاکردۆتەوە و بۆ هەر بەشێکیشیان وێنەیەکی تەواوەتی کێشاوە، ئەوانیش توێکاری ئێسکەکان، دەمارەکان، ماسولکەکان، خوێنبەرەکان، مولوولەکانی خوێن. ئەم وێنانەش یەکەمین وێنەی دۆکیۆمێنتکراون لە بواری توێکاریدا. هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندی زانا موسوڵمانەکان ئەوەبوو کە سەرەتا لەپێناو خودا و بەرژەوەندی و خزمەتی خەڵکیدا کاریان کردووە، و پاشان ماڵ و دارایی هاتۆتە دەستیان. لەلای ئەوان خودا مەقسەد بووە، نەوەک ماڵ و دارایی. هەربۆیە هەمیشە لە هەوڵی لابردنی ئەو کەسانەدا بوون لە بوارەکانی زانست کە مەبەستیان پەیداکردنی پارە بووە و فێڵیان لە کارەکەیاندا کردووە بۆ ئەم مەبەستە، نموونەیەکیش لەمە دەستەی (حسبة/ دارۆغا) بوو کە چاودێری دەرمانخانە ڕووەکی و گیاییەکانیان دەکرد تاکو خەڵکی بەکارنەیەت بۆ بەدەستهێنانی ماڵ و سامان.[1]

هاوکات "بۆ چارەی نەخۆش زۆرجار پەنا براوەتە بەر ئەو ناوەی خودا کە هەڵگری شیفا و چارەسەرە، بۆ نزاکانیش وشەی سەیروسەمەرە، کە ڕەنگ و بۆنێکی عەجەمیان هەبوو و هیچ ڕەگوڕیشەیەکی عەرەبییان نەبووە، بەکاردەهێنرا، بۆئەوەی نزاکانیان کاریگەری و جێکەوتی زیاتری ببێت!".[2] ئەمەش ڕەنگە زۆرینەی جار بەکارهێنانی ئەو جۆرە نزایانە، هانبردن بێت بۆ جادو و شەیتان، تەنها ئەوانەش دەیکەن کە دوورن لە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئایینێکی وەک ئیسلام.

لەبەر ئەوە مرۆڤ هەوڵیداوە سوود لەو ڕووەکانە وەربگرێت کە لەو زەویەدا هەبووە کە تیایدا ژیاوە، وەک خودا لە قورئاندا ئاماژەی بۆ دەکات (يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ۚ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ) واتە: "ئەی خەڵکینە

---

* ناوی تەواوی: مەنسووری کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یوسفی کوری ئیلیاسی کشمیرییە، لە سەدەی سیازدە لەدایک بووە، پزیشکێکی مسوڵمانە و خەلکی شیرازە، لە خێزانێک پێگەشتووە کە بایەخیان داوە بە زانست و زانیاری، هەندێ بەرهەمی خۆیشی بەخشیوە بە پادشایانی فارس، نووسینەکانی بۆ ماوەی نێوان 782–- 793 ک، دەگەڕێتەوە. بڕوانە:

– https://ar.wikipedia.org/ لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٦ بۆ وەرگرتنی زانیاری، سەردانی ئەم پەیجەمانکرد:

[1] Ammar S. En souvenir de la medecine arabe. Quelques-uns de ses grands noms. Ed. Sot. tunisienne de diffusion. Tunis, 1965. p 141.

[2] ئانا ماری شمیل: مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا، و. زانا ناجي، هیوا مەحموود، (چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠) ل ٣٠٤

هەموو ئەوەی لە زەوی دەڕوێت بۆ ئێوە ڕێگەپێدراوە کە بیخۆن، شوێنپێی هەنگاوەکانی شەیتان هەڵمەگرن؛ چونکە  دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە" [سورەتی ئەلبەقەرە: ١٦٨].

# بەشی سێیەم

# ڕەهەندەکانی چارەسەری میللی

## باسی یەکەم/ زانیاری دەربارەی نەخۆشەکان و هۆکارەکانی وەرگرتنی چارەسەر

**١. زانیاریی دەربارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی پزیشکیی میللی دەکەن**

**٢. هۆکارەکانی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ لای پزیشکیی میللی**

## باسی دووەم/ چارەسەری میللی و نەخۆشییە باوەکان

**١. نەخۆش و چارەسەری میللی**

**٢. دیارترین ئەو نەخۆشیانەی چارەسەری میللییان بۆ دەکرێت**

# بەشی سێیەم
# ڕەهەندەکانی چارەسەری میللی

## باسی یەکەم: زانیاری دەربارەی نەخۆشەکان و هۆکارەکانی وەرگرتنی چارەسەر

### ١. زانیاریی دەربارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی پزیشکیی میللی دەکەن

لە ماوەی توێژینەوەکەدا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ١٠٦ نەخۆشدا ئەنجامداوە، کە ٦٧ کەسیان لە ڕەگەزی نێر بوون و، ٣٩ لە ڕەگەزی مێ بوون.

خشتەی (١) ئاستی تەمەن

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٦_٣٥ | ٣٣ | %31.1 |
| ٣٦_٤٥ | ٣١ | %29.2 |
| ٤٦_٥٥ | ٤٢ | %39.6 |
| کۆی گشتی | ١٠٦ | %١٠٠ |

ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئاستی تەمەنی نەخۆشەکان لە نێوان ٢٦-٥٥ ساڵدا بوو، تەمەنی ٣٣ کەسیان لە نێوان ٢٦-٣٥ ساڵە کە دەکاتە لە ١.٣١%، تەمەنی ٣١ کەسی تریان لە نێوان ٣٦-٤٥ ساڵ بووە کە دەکاتە لە ٢.٢٩%، هەروەها ٤٢ کەسی دیکەیان لە نێوان ٤٦-٥٥ ساڵدا بووە کە دەکاتە لە ٦.٣٩%.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرترینی ئاستی تەمەنی ئەو کەسانەی پەنا بۆ چارەسەری سرووشتی دەبەن، لە نێوان ٤٦-٥٥ ساڵیدا بوو.

لەکۆی ئەو ١٠٦ نەخۆشە، تەنها ٤ نەخۆشیان نیشتەجێی دەرەوەی شاری سلێمانی بوون، ئیدی سەرجەمیان دانیشتووی شاری سلێمانی بوون.

هاوکات لە وەڵامی ئەو پرسیارەی؛ ئایا نەخۆش پێشتر چارەسەری لەلای پزیشکی نوێ وەرگرتووە؟ ٤٥ نەخۆشیان چەندین جار چارەسەریان لای پزیشکی نوێ وەرگرتبوو، بەڵام ئازار و کۆژانەکانیان بەردەوام بوو، بەتایبەت لە نەخۆشییەکانی

شەقیقە، ئازاری ئەژنۆ و فەقەرات، مایەسیری، گیرانی دەماری دڵ، ئازاری سوورِی مانگانەی ئافرەتان، حەساسییەت و پژمینی بەردەوام.

دەتوانرێت لەمیانەی ئەم خشتەیەی خوارەوە، زانیارییەکان کە پێکدێت لە: جۆری نەخۆشی و شێوازی چارەسەر، بۆ سەرجەم ئەو نەخۆشانەی ئاماژەی بۆکرا، بخرێنەڕوو:

خشتەی (٢) جۆری نەخۆشی و شێوازی چارەسەر

| جۆری نەخۆشی | چارەسەر | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ئازاری ئەژنۆ و قاچ | کەڵەشاخ، ڕۆنی شمڵی و مێخەک بۆ شێلانی | ١٠ | ٤ | ١٤ |
| چەوری خوێن، خوێن زۆریی | کەڵەشاخ | ٥ | ٥ | ١٠ |
| فەقەرات | کەڵەشاخ، ڕۆنی زەیتەکان بۆ چەورکردن | ٣ | ٥ | ٨ |
| ئازاری گوێ، شانو مل، بێهێزیی | دەرزی ئاژنین | ٦ | ٢ | ٨ |
| شەقیقە | بەردانی دەماری نێوان برۆ | ٥ | ٣ | ٨ |
| سەرئێشە | کەڵەشاخ | ٣ | ٤ | ٧ |
| ئازاری گورچیلە | ڕووەکی گەزنەی وشکی هاڕاو بۆ پیاڵەیەک ئاو | ٦ | ٠ | ٦ |
| فەقەرات | هەڵواسین و ڕاکێشانی مل | ٦ | ٠ | ٦ |
| کۆرۆنا | شروب | ٣ | ٢ | ٥ |
| قۆڵۆن | بنێشتەتاڵ و ڕەشکە و هەنگوین | ٤ | ١ | ٥ |
| مایەسیری | بەڕوو، جەوت یان مازوو، زەیتی زەیتوون | ٤ | ١ | ٥ |
| چەوری و ئاوی سپی چاو | ئاوی دومەڵان و جاترە | ٢ | ٢ | ٤ |
| ئازاری سورِی مانگانە | تێکەڵی گیایی | ٠ | ٤ | ٤ |
| گیرانی دەماری دڵ | گیراوەی سرکە، سیر، لیمۆ بە توێکڵەوە | ٢ | ١ | ٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕووتانەوە و بێهێزیی قژ | شامپۆ، یان گیراوەی گەڵای مۆرد | ١ | ٢ | ٣ |
| خوێنبەربوون و بوورانەوەی بەردەوام | گیراوەی گەڵای مۆرد و خواردنەوەی وەک چا | ١ | ١ | ٢ |
| ئینزیلاق | زەیتی ڕووەکە گیاییەکان و حەبی حرمل | ٢ | ٠ | ٢ |
| حەساسیەت، پژمینی بەردەوام | ڕۆنی گەزنە و ڕۆنی شملّی | ١ | ١ | ٢ |
| دەوالی | بڕینی دەماری پەنجەی قاچ | ٢ | ٠ | ٢ |
| وەستانی دەماری مل | شێلان بەدەست و ئامێری کارەبایی | ١ | ٠ | ١ |
| ناسۆر | بنێشتە تاڵ و صابونی ڕەقی | ٠ | ١ | ١ |

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، دوو جار نەخۆشی فەقەراتمان نوسیووە، لەبەرئەوەی بەدوو شێوەی جیاواز چارەسەرییەکان لەلایەن چارەسەرکارە میللییەکانەوە، پێشکەش دەکران.

هەریەکێک لە نەخۆشییەکانی وەک شەقیقە، فەقەرات، مایەسیری، وەستانی دەماری مل، ناسۆر، دەوالی، تەنها یەکجار ئەو چارەسەریەیان بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام نەخۆشییەکانی تری بۆ ماوەی مانگێک هەتا سێ مانگ چارەسەرییەکانیان وەردەگرت، ئەویش بە گوێرەی باشبوونی نەخۆشەکە و وەڵامدانەوەی جەستەی نەخۆشەکە بۆ چارەسەرە سرووشتییەکە.

## ٢. هۆکارەکانی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ لای پزیشکیی میللی

لەڕاستیدا هۆکارەکانی وەرگرتنی چارەسەر یان زانیاری دەربارەی نەخۆش لەلای پزیشکیی میللی زۆرن، بەڵام لێرەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگترینی ئەو هۆکارانەی کە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ نەخۆشدا پێی گەیشتوین ئەویش لەوەڵامی ئەو پرسیارەی چ هۆکارێک وای لە نەخۆش کردووە سەردانی چارەسەرکاری میللی بکات، دەتوانین هۆکارەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

### 1 . دەستەبەرنەبوونی چارەسەر لای پزیشکی نوێ:

هەندێک لە نەخۆشەکان ماوەیەکی دوورودرێژ سەردانی پزیشکیان کردووە و، دەرمانیان بەکارهێناوە، بەڵام نەخۆشییەکەیان چارەسەر نەبووە، بەمەش بێئومێد بوون لەچارەسەری پزیشکی نوێ و ڕوویان لەچارەسەری سروشتی کردووە.

هەروەک لەم چاوپێکەوتنانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- "بۆ ماوەی ساڵێک چەندین جار هاتوچۆی چەندین دکتۆرم کردووە، زۆر دەرمان و عیلاجی کیمیاییم بەکارهێناوە، بەڵام بەردەوام لەتاو ئازاری ئەژنۆ و قاچەکانم دەناڵێنم، پێیان وتم کەڵەشاخ چارەسەری ئەم بارودۆخەم دەکات، بۆیە بڕیارمدا کەڵەشاخ بگرم، ئەو کاتەش کە هاتمە ئێرە و کەڵەشاخم گرت بەرەبەرە هەستم بە سووکبوونی ئازارەکانم دەکرد، لەگەڵ بەکارهێنانی چەند دەرمانێکی گیایی و شێلانی شوێنی ئازارەکە لەماوەی مانگێکدا ئێستا بە ئیسراحەت لەسەر پێیەکانم دەڕۆم. (نەخۆش: مێ، تەمەن ٥٤ ساڵ)
- لەکاتی ڕاستکردنەوەی بەرمیلێکی پڕ لە نەوت دەنگێکی بەرز و ئازارێکی زۆر لە پشتم درووست بوو، تەنانەت بە سەغڵەتی هەناسەم بۆ دەدرا، وام هەست دەکرد پەراسووم شکاوە، دەستبەجێ بردمیان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی ودوای ئەوەی ئەشیعەیان بۆ گرتم، پێیان وتم نابێت لەمە بەدوا دوو کیلۆ زیاتر شت هەڵبگریت و دەبێت چل ڕۆژیش لەسەر پشت بکەویت. پارچەیەک حەبی ئازارشکێنیان پێدام، بەڵام دواتر هێندە ئازارەکەم زۆر بوو، چەند جارێک بوورامەوە، پاشان لەبەرزۆری ئازارەکەم دوو جار سەردانی دکتۆری موختەصم کرد، ئەویش هەمان شت پێی وتم پێویستە لەسەر پشت بکەوم و چەند دەرزییەکی ئازارشکێن بەکاربهێنم، بەڵام بەوانەش باش نەبووم و ڕۆژ بە ڕۆژ ئازارم زیادی دەکرد، ئیتر پەنام هێنا لای ئەم دکتۆرە بەڕێزە [چارەسەرکاری میللی]، پێی وتم فەقەرەکانت چوونەتە سەر یەک و زیانیان پێگەشتووە، وەک بینیتان هەر بە ڕاکێشانی ملم، بە تەندرووستییەکی باشەوە هەستامە سەرپێ و ئێستا هەست بە ئازار ناکەم. (نەخۆش: نێر، تەمەن ٤٤ ساڵ)".

### 2 . گرانی نرخی دەرمان و بینینی پزیشک:

چوونە لای پزیشک و بینینی بۆ هەر جارێک، بڕێکی زۆر پارەی پێویستە، سەرەڕای گرانی نرخی دەرمانەکان، لەکاتێکدا لای چارەسەرکاری میللی جگە لەوەی نرخی دەرمانەکان هەرزانن و هەموو کەس توانای بەسەریدا ئەشکێت، بینینی نەخۆش و

هەندێکجار پشکنینەکانیش هیچ بڕە پارەیەک لەنەخۆشەکە وەرناگیرێت، بەتایبەت گەر بزانرایە نەخۆشەکە باری ماددی باش نییە.

لە خوارەوە هەندێک لەو چاوپێکەوتنانە دەخەینەڕوو:

- "لێرە نە زۆر چاوەڕێ دەکەین نە بینینی دکتۆرەکە بە پارەیە، هەرکات بتەوێت دەتوانیت قسەی لەگەڵ بکەیت، جگە لەوەی دەرمانەکانیش لەچاو دەرمانە کیمیاییەکان زۆر هەرزانترن، هەندێکجار عیلاجم کڕیوە و دوانزە دەنک حەب بووە و چل و پێنج هەزارم پێداوە، هیچکات نەمتوانیوە بە کەمتر لە سەد هەزار دینار لەلای دکتۆرەکان دەرچم، بەڵام لای ئەمان [چارەسەرکاری میللی] نرخەکان هەرزانترن و ئاسانتر دەکڕدرێن". (نەخۆش: نێر، تەمەن ٣٦ ساڵ).
- "دکتۆر عەمەلیاتی بۆ ئەژنۆیەکم کرد و بڕی ٩ ملیۆن دیناری تێچوو، سەرەڕای ئەو هەموو هیلاکی و عەزێتەم کە پێوە دەتلامەوە، بەڵام ئەمجارە بۆ ئەژنۆکەی ترم کە دەبوو عەمەلیاتی بکەم، هاتم بۆ لای ئەم بەڕێزە [چارەسەرکارە میللییەکە] بە بڕی سی هەزار دەرمانی گیایی پێدام، پاش بەکارهێنانی تەواو فەرقم کردووە و لە ئێش و ئازارەکانی ڕزگارم بووە، سەرەڕای ئەوەی ئازارم نەماوە بەڵام کەمی تێچووەکەشی زۆر دڵخۆشی کردم و داهاتێکی باشم بۆمایەوە". (نەخۆش: مێ ٥١ ساڵ).

### 3. ئارامی دەروونیی نەخۆش:

لەڕوی دەروونییەوە نەخۆش ئەزانێت دەرمانە گیاییەکە لەچی دروستکراوە، وەکو حەبێک نییە پێکهاتەکەی نادیار و ئاڵۆز و کیمایی بێت، بۆ نموونە جاترە و نەعنا تێکەڵدەکرێت بۆ کێشەکی گەدە، بەڵام هەر یەکێکیان بەبڕ و ئەندازەی خۆی، لەوانەیە نەخۆش خۆی نەتوانێت لەماڵەوە بەو بڕەی پێویستە ئامادەی بکات، بۆیە ڕێنمایی لە پزیشکیی میللی  وەردەگرێت، لەبەرئەوە نەخۆشەکان دڵنیاتر و ئاشناترە بەچارەسەرە سروشتییەکە، هاوکات دەرمانی کیمیایی هەمیشە بۆ شتێک باشە و بۆ شتێکی دیکە یاخود ئەندامێکی دیکە زیانی هەیە و خراپە، لەکاتێکدا دەرمانی گیایی گەر نەخۆشەکە سودیشی لێنەبینێت دووچاری زیانی ناکان.

بۆ زانیاری زیاتر ئەم چاوپێکەوتنە دەخەینەڕوو:

- "ئازارێکی زۆر لە قاچەکانما هەیە، ئەم ئەشیعانەم گرتووە و چوومە لای دکتۆرێک، ئەویش سەیری ئەشیعەکانی کردم و وتی ئەو تۆ بە قاچی خۆت هاتوویتە ئێرە؟! وتم

بەڵێ، بۆچی دکتۆر؟ پێی وتم تۆ شتێکت هەیە و ناتوانم پێت بڵێم، برۆ بانگی کەس و کارەکەت بکە، هەرکە گوێم ەو قسەیە بوو، ئەوەندە ترسام هەردوو ئەژنۆم شکا و توانام نەبوو لەسەرپێ بوەستم، هەتا ئێستا ئێستا کاریگەری ئەو قسەیەم لەسەرە، ئێستا تەواو قاچەکانم بێهێز بوون، کەسێک ناونیشانی ئێرەی پێداوم و ناردمی بۆ ئێرە هەتا چارەسەر وەربگرم (نەخۆش: ڕەگەزی نێر، ٥٥ ساڵ)".

بە دوو کەس ئەم نەخۆشەیان هێنا بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر، چارەسەرکارە میللییەکە هەر بە قسەی خۆش، پێی وت ئێستا چارەسەر دەبیت و پشت بەخوا عەیبت نامێنێت و دوای چاکبوونەوەت یەکسەر داوای ژن دەکەیت .. بە قسەی خۆش و بە بەکارهێنانی چەند کەڵەشاخێک چارەسەرییەکەی دەست پێکرد.

### 4. مامەڵەی خراپی پزیشکی نوێ:

نەخۆش کاتێکی کەم ئەتوانێت لەلای -هەندێ- لە پزیشکەکان بمێنێتەوە و باسی نەخۆشیەکەی بکات، ئەمەش لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت کە زۆر شتی بیر بچێت بە پزیشکەکەی بڵێت، بەڵام لای چارەسەرکاری میللی کاتی تەواو بەنەخۆش دەدرێت و، چەندی بوێت دەتوانێت بمێنێتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هیچ شتێک لەبیر نەکات و بەئارامی لەگەڵ چارەسەرکارەکە بدوێ.

لە خوارەوە ئاماژە بە یەکێک لە چاوپێکەتنەکان دەکەین:

- "سەرەی من بوو ناوم خوێندرایەوە و ڕۆشتمە ژوورەوە، باسی نەخۆشییەکەم بۆ دکتۆرەکە دەکرد، کاتێکم زانی جەڕەسێکی کرد بۆ سکرتێرەکەی، ئەویش نەخۆشێکی تری ناردە ژوورەوە، کە هێشتا من قسەکانم تەواو نەکردبوو، یەکسەر پێی وتم برۆ ئەم فەحس و سۆنەرانەم بۆ بکە، ئیتر لەو کاتەوە بڕیارمداوە چیدی نەچمە لای ئەو پزیشکانە؛ چونکە پزیشک پێویستە بە تەواوی گوێ لە نەخۆش بگرێ و بزانێت گرفتی چییە، دوو قسەی بۆ بکات نەوەک ڕاستەخۆ داوای فەحسی لێبکات، ڕەنگە هەموو پزیشکەکان وەها نەبن، بەڵام ئەوەی من چووم بۆلای بەو شێوە بوو. ئەوەتا لێرە هەرچەند بتەوێت دەتوانیت بپرسیت و بە وردی باسی نەخۆشییەکەت بکەیت، بۆیە

بەڕای من ئەمان باشتر گوێت بۆ دەگرن و مامەڵەی ئەمان ئاسانترە". (نەخۆش: ڕەگەزی مێ ٢٥ساڵ).

### 5. چاولێکەری:

هەندێکجار چەندەها کەس سودیان لە چارەسەری سروشتی بینیوە و باسی چارەسەرەکانیان بۆ خەڵکی دیکە کردووە، ئەمە هۆکار بووە کە هەندێک لەنەخۆشەکان سەردانی پزیشکیی میللی بکەن.

لە خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنێکمانە لەگەڵ یەکێک لە چارەخوازەکان:

- "چوار سالە بەدەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنم، لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا زۆر عیلاجم بەکارهێنا، بەڵام هەر ماوەیەک بوو، چەند ڕۆژێک باش دەبووم و دیسان وام لێدەهاتەوە، ئێستا کەسێک کە پێشتر سەردانی ئەم دکتۆرەی کردووە و بە یەکجار چارەسەری وەرگرتووە، ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە تووشی شەقیقە نەبووەتەوە، منیش لەڕێگەی ئەوەوە هاتووم بۆ وەرگرتنی ئەو چارەسەرە". (نەخۆش: مێ، ٣٧ ساڵ)

### 6. ئەزموون و شارەزایی چارەسەرکاری میللی

گومانی تێدا نییە هەموو کار و پیشەیەک پێویستی زۆری بە ئەزموونکردن و شارەزابوون هەیە، ئەمەش وای کرد ئەزموونی هەندێ لەچارەسەرکارە میللییەکان بڕوا و متمانەی زیاتر لای نەخۆش درووست بکات؛ چونکە بە بوێریی و ئازایانە و پێدانی دڵنیایی زیاتر بە نەخۆش چارەسەرییەکانیان پێشکەش دەکرد.

ئەمەی خوارەوەش نموونەی یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانە:

- "سەرم دەیەشا، مێشکم خەریک بوو دەتەقی، ئازارم هەبوو، کە چوومە لای دکتۆر ئەشیعەی پێگرتم، دواتر بەگوێرەی ڕێنمایی دکتۆرەکە دەرمان و چارەسەرم وەرگرت، بەڵام کە هاتمە لای ئەم دکتۆرە [چارەسەرکاری میللی] هەر بە سەیرکردن پێی وتم کە چەوریم زۆرە، لەماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا بەم کەڵەشاخانە چارەسەری بۆ کردم، بەبێ ئەوەی فەحس و ئەشیعەشم پێبگرێت، زانی کە چەوریم زۆرە". (نەخۆش: نێر، ٤٣ ساڵ).

ئەمە و چەندان نموونەی دیکە هەبوون کە بەبێ فەحس و ئەشیعە، چارەسەرکارە میللییەکان جۆری نەخۆشییەکەی بۆ دیاری دەکردن، دواتر دەردەکەوت کە هەمان ئەو نەخۆشییانە بوو کە پزیشکی نوێ دیاریکردبوو، ئەمەش زۆربەی جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزایی زیاتری چارەسەرکاری میللی لە بوارەکەی خۆیدا، گومانی تێدا نییە متمانەی زیاتری ئەو نەخۆشانەشی کە دەهاتنە لای چارەسەرکارە میللییەکە کاریگەری هەبوو لەسەر وەرگرتن و ئامادەگی سایکۆلۆجی نەخۆشەکە لە بەکارهێنانی دەرمانە گیایی و سرووشتییەکاندا، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری کەمکردنەوەی ئازارەکانیان بووبێت.

## باسی دووەم: چارەسەری میللی و نەخۆشییە باوەکان

### ١. نەخۆش و چارەسەری میللی

ئاشکرایە نەخۆشی بەواتای ناڕەحەتی و ئازارە، لە جەستە و ئەندامەکاندا، لەبەشی یەکەمدا ئاماژە بەوەدرا مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە کە نەخۆش کەوتووە و ئازار زۆری بۆ هێناوە، پەنای بردۆتەبەر هەر ڕێگایەک کە ئەو ئازار و ناڕەحەتیەی کەم بکاتەوە و نەیهێڵێت، هەربۆیە چارەسەر بۆ نەخۆشییەکان فرەڕەهەند و جۆرا و جۆرن، چی بەشێوەی زانستی و نوێ بێت یاخود کلتوری و میللی.

بەگوێرەی کۆنگرەی سالآنی (٢٠٠٣ – ٢٠٢١) ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (who) و بەتایبەت کۆنگرەی سالآنی (٢٨ی ئابی ٢٠٠٣)، (١٤ی کانونی ٢٠٠٦)، (٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨) بە دووردرێژی باسیان لە گرنگی و بایەخی پزیشکیی میللی کردووە و، چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری گرنگیان لەوبارەیەوە دەرکردووە و زۆریش بە بایەخەوە لە بابەتەکەیان ڕوانیوە، کە هەندێکیان بەخاڵ دەخەینەڕوو:

1) ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دانیان ناوە بەگرنگی و بایەخی پزیشکیی میللی کە لەزۆر بابەتدا یارمەتیدەرێکی هەرەگرنکی پزیشکی نوێیە.

2) ئەندامانی ڕێکخراوەکە پێیانوایە پەنابردن بۆ پزیشکیی میللی بوە بە دیاردە بەتایبەت لەم سالآنەی دوایدا، ئەمەش وایکردووە هەرەوەزیەکی زۆر باش لەئارادا بێت لەنێوان پزیشکیی میللی و پزیشکی نوێدا.

3) پشبەستن بەو زانیاریانەی لە پزیشکی میلیدا هەیە و پیادەکردنیان بەشێوەیەکی دروست کارێکی پێویستە، هاوکات پێیان باش بووە کە وەزارەتی تەندروستی چین و دەستەی تایبەت بە پزیشکی میللیەوە بەشداری بکەن لەم هەرەوەزیەدا.

4) بەپێی پێویست کار بکرێت لەسەر داڕشتنەوە و جێبەجێکردنی سیاسەت و زەمینەسازییەکی نیشتمانی دەربارەی پزیشکیی میللی ، بۆئەوەی بتوانرێت بەشێویەکی باش و تەندرووست گیادەرمانییە میللییەکان بەکاربهێنرێت.

5) دانان بە ڕۆڵی هەندێ لەچارەسەرکارە میللییەکان بەو پێیەی یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی خزمەتگوزاری خۆپارێزی تەندرووستی سەرەتایی، بە تایبەت لەو وڵاتانەی تێچوویان کەمە.

6) دامەزراندنی چەندین سیستەمی نیشتمانی بۆ چاودێریکردنی سەلامەتی دەرمانە گیاییەکان، بەمەبەستی کاریگەری و پشتبەستنی زیاتر لەسەر ئەو دەرمانە گیاییانە.
7) دارشتنی یاسا و ڕێسایەکی بەرکار بۆ سەرجەم چارەسەرکارە میللییەکان و، ڕێزگرتن لە هەوڵ و ماندووبوونیان و، پێدانی مافی فیکری هەریەکەیان، بە تایبەت ئەو دەقە یاساییانەی پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە.
8) پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاهێنانی تایبەت بە پزیشکیی میللی بکرێت، گەر پێویستیشی کرد ڕاهێنانەکانیان پێ دووبارە بکرێتەوە.
9) دەوڵەت زانیاری تەواو دەربارەی دەرمانە گیاییەکان فەراهەم بکات، بە مەبەستی دەرفەتڕەخساندن و ئامادەسازی زیاتری چارەسەرکارە میللییەکان لە پێناوی بەکاربەران و، ئەوانەشی خزمەت بەم بوارە پێشکەش دەکەن.
10) پێویستە حکومەت یان دەوڵەت بەگوێرەی پێویست خوێندنی پزیشکیی میللی لە کۆلێژە پزیشکییەکاندا فەراهەم بکات و، خوێندکارانی بەشە پزیشکییەکان بێبەش نەبن لە زانیاری دەربارەی پزیشکیی میللی .[1]

کەواتە ئەم ڕاگەیاندنەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەرخەری ئەوەیە کە چارەسەرە میللییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بونی هەیە و، هانا بردن بۆی لە حاڵەت دەرچووە و، بووە بە دیاردە، بۆیە پێویستە حکومەتەکان خۆیان چاودێربن بەسەر شێوازی کاری پزیشکی میللیی و ئەو گژوگیا و دەرمانانەی کە وەک چارەسەر دەدرێن بە نەخۆش.

چارەسەرە میللییەکان چەندەها شێوەیان هەیە، هەر لە چارەسەر بە بۆن و ناوکهێنانەوە و جەڕاحی .. تا دەگاتە گیادەرمانە؛ بەڵام ئەوانەی کە مۆڵەتی ئەم کارەیان هەیە و لە شاری سلێمانیدا ڕێگەپێدراون و، دەتوانن چارەسەر پێشکەش بە نەخۆش بکەن، ئەوانەن گیادەرمانە و کەڵەشاخ و دەرزی ئاژنین لە چارەسەرکردنی نەخۆشییە

---

[1] منظمة الصحة العالمية، المجلس التنفيذي، الدورة 65 و 120، البند: 4-13 من جدول الأعمال، EB120/36. البند: 10-14، من جدول الأعمال، WHA56.31.

- National policy on traditional medicine and regulation of herbal medicines: report of a WHO global survey. Geneva, World Health Organization, 2005

جۆراوجۆرەکاندا بەکاردەهێنن، کە دەتوانرێت لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەی پێبدرێت، کە ژمارەیان بیست و دوو چارەسەرکاری میللییە.

خشتەی ژمارە (٣) **ئاماری پیشەوەرانی پزیشکیی میللی / لقی سلێمانی**

| ژ | ناوی سیانی | لەدایکبوون | ئەندامێتی | پیشە | ناو و ناونیشانی شوێنی کار | ئاستی خوێندەواری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قیوم عبدالکریم عبدالمجید | ١٩٥٦ | **دەستەی دامەزرێنەر** | ڕووەکی پزیشکی | دەرمانخانەی سرووشت/شەقامی گۆران | پەیمانگای کشتوکاڵی |
| ٢ | ئومێد مصطفی یحیی | ١٩٦٧ | ـــــــــ | ـــــــــ | ڕۆژماری/شەقامی گۆران | پەیمانگای پزیشکی |
| ٣ | هاوژین صبري محمود | ١٩٦٦ | - | - | وەنەوشە/شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ | بکالۆریۆس/ فیزیا |
| ٤ | جمیل محمد محي الدین | ١٩٦٩ | - | - | شەهیدانی ئازادی | ناوەندی |
| ٥ | جلال کریم أومر | ١٩٧٧ | ئەندام | ڕووەکی پزیشکی و کەڵەشاخ | ژیار/ ڕاپەڕین | بکالۆریۆس/ بایۆلۆجي |
| ٦ | بارام مصطفی قادر | ١٩٦٦ | - | کەڵەشاخ و دەرزی ئاژنین | شیفا/ شەقامی کاوە | پەیمانگای پزیشکی |
| ٧ | ڕەنج فاروق فتاح | ١٩٨٩ | - | ڕووەکی پزیشکی و کەڵەشاخ | ژیار، ڕاپەڕین | بکالیۆریۆس/ بایۆلۆجی |
| ٨ | ابراهیم قادر حسین | ١٩٧٧ | - | ڕووەکی پزیشکی و کەڵەشاخ | ابراهیم/ صابونکەران | چواری ئامادەیی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ڕێزان علی خدر | ١٩٧٤ | – | ڕووەکی پزیشکی و کەڵەشاخ | دیدەن/ ئاوباریک | بنەڕەتی |
| ١٠ | فاروق عمر حمەلاو | ١٩٦٩ | – | ڕووەکی پزیشکی | شەقایق/ زێڕینۆک | پەیمانگا |
| ١١ | بختیار خدر خلیل | ١٩٧٨ | – | ڕووەکی پزیشکی و کەڵەشاخ | بختیار سید خدر/ شارەوانی | بنەڕەتی |
| ١٢ | عمر رشید احمد | ١٩٧٠ | – | ڕووەکی پزیشکی | دنیا/ شەقامی گۆران | ئامادەیی |
| ١٣ | شیرین باوا هاشم | ١٩٧٥ | – | گیادەرمانی | گیادەرمانی دایک/ شەقانی ئۆرزدی | بەکالیۆریۆس |
| ١٤ | دیار ابراهیم احمد | ١٩٩٠ | – | گیادەرمانە و جوانکاری | نیلۆفەر/ سلێمانی | بەکالیۆریۆس |
| ١٥ | حمید عمر کریم | ١٩٧٣ | – | کەڵەشاخ | سلێمانی/ دارۆغا | ئامادەیی |
| ١٦ | کارزان محمد امین | ١٩٨٠ | – | ڕووەکی پزیشکی | کارزان/ بازاڕی ئاوباریک | بەکالیۆریۆس |
| ١٧ | هەرێم عمر صدیق | ١٩٩٣ | – | ڕووەکی پزیشکی | کارزان/ بازاڕی ئاوباریک | بایۆلۆجی |
| ١٨ | بەهار مجید حسن | ١٩٨٣ | – | دەرمانی ڕووەکی | ڕەییان/ شەقامی شۆڕش | بنەڕەتی |
| ١٩ | ئاری قیوم عبدالکریم | ١٩٩٦ | – | گیادەرمانی | سروشت/ شەقامی گۆران | بایۆلۆجی |
| ٢٠ | کرم أحمد محي الدین | ١٩٥٥ | – | ڕووەکی پزیشکی | شایان/ بەکرەجۆ | پەیمانگا |
| ٢١ | لقمان عبدالله علی عبدالله | ١٩٧٢ | – | کەڵەشاخ | ئایە/ ابراهیم پاشا | دبلۆم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | سارا بختیار خدر | ١٩٩٩ | – | گیادەرمانی | گیادەرمانی سید خلیل | ئامادەیی |

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین تەنها (ڕێزان عەلی خدر) نەمانتوانی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامبدەین؛ چونکە باری تەندرووستی ناجێگیر بوو. هاوکات (بارام مستەفا قادر)یش؛ دەرزی ئاژنین لە چارەسەرەکانیدا پێشکەش دەکات، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ وە ئەم کارە دەکات، بەڵام ئەو کات خەڵکانێکی کەم سەردانیان کردووە، دواتر و لەدوای بڵاوبوونەوەی درامای دکتۆر هۆرجۆن لە کەناڵی کوردسات، بەکارهێنانی دەرزی ئاژنین لەلای خەڵک ئاشنایی پەیدا کردووە و، خەڵکی زیاتر ڕووی تێدەکەن بۆ بەکارهێنانی ئەو چارەسەرە، وەک خۆیشی ئاماژەی پێدەدات ئەو درامایە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زۆری سەردانیکاران بۆ لای پزیشکیی میلیی هەبوو، زۆرێک لەوانەش دوابەدوای ئەنجامدانی دەرزی ئاژنین زۆرێک لە ئازارەکانیان ساڕێژ بووە.

ئەم پیشەیە بۆ بیست و یەک چارەسەرکار پیشەیەکی تاکەکسییە و ئەنجامی هەوڵ و حەزو و ئارەزوی خۆیان بووە، بۆ یەک چارەسەرکاری میللی جگە لە حەزو و ئارەزووی خۆی بۆ ماوەیی بووە و لە باو و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە.

چارەسەرکارە میللییەکان لە شاری سلێمانی هەردوو لایەنی زانستی و ئەزموونیان لە پێشکەشکردنی چارەسەرەکانیاندا، پەیڕەوکردووە؛ چونکە سەرجەمیان پێیان وابوو زانست و ئەزموون تەواوکەری یەکترن و، بەبێ بوونی یەکێکیان هیچ کام لەم چارەسەرییانە سەرکەوتوو نابێت.

لەگەڵ ئەوەی چارەسەرکارە میللییەکان بڕوایان وابوو ئەزمون و زانست تەواوکەری یەکترن لە پێشکەشکردنی چارەسەرەکاندا، بەڵام هەروەک لە خشتەکەشدا دیارە هەندێکیان بڕوانامەی بنەڕەتی و ئامادەییان هەیە و ئەم ئاستە لەخوێندن ناگاتە ئەوەی شارەزایت پێ بدات لەسەر کاری پزیشکی میللیی، تەنها لەڕێگەی خوێندنەوەو گەڕان بەدوای زانیاری لەلایەن خودی چارەسەرکارەکانەوە چارەسەرەکانیان پێشکەشی نەخۆش کردووە.

هەرچەندە لە ئێستادا چارەسەری نەخۆشییەکان زیاتر لایەنی زانستییە و هەوڵ و کنە و پشکنین و گەڕانی چارەسەرکارە میللییەکان و بەدواداچوونییانە لەمیانەی

زانستەوە. بەڵام مێژووی پیشەکە وەها دەریدەخات کە زیاتر ئەزموون بێت، دواتر لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەم چارەسەرانە بڵاوبوونەوە و لە ڕووی زانست و تاقیکردنەوەوە گەشتوون بە ئەنجامی باش، ڕەوتی زانستی خۆی وەرگرتووە. واتە: لە ئەنجامی خوێندنەوە ئەزموونیان وەرگرتووە و، لەو ڕێگەیەوە چارەسەر پێشکەش بە نەخۆش دەکەن. کەواتە بەبێ خوێندنەوە و زانست ئەم کارە سەرپێ ناکەوێت.[1]

ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی نەخۆشییەکان لە پزیشکیی میللیدا:

1) خوێندنەوەی بەردەوام و گەڕان بەدوای زانیاریدا.

2) بینینی نەخۆشی زۆر، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەزموونی زیاتر.

3) میزاجناسی، ئەمەیان لە پزیشکی و دەرمانی کیمیاوییدا باسی نییە، هاوکات خاڵێکی گرنگە و ڕۆڵی گەورە و کاریگەری هەیە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا، بەو مانایەی گەر دوو کەس هەمان نیشانە و نەخۆشیان هەبێت بەوەی یەکێکیان گەنم ڕەنگ و ئەوی تر سپی پێست بێت، نموونەی ئەوەش گەر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەیان شمڵی وەک دەرمان باش بێت، لێرەدا پێویستە لەوە ئاگاداربین، کە ئەو کەسەی میزاجی ساردە دەرمانەکە لەگەڵیدا دەگونجێت؛ بەڵام ئەوەی میزاجی گەرمە و تەنها ئەو دەرمانەش بەردەستە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، پێویستە پێی بوترێت ئەو دەرمانە لەگەڵ شتێکی فێنکدا بخوات. یان کەسێک میزاجی گەرم بێت نابێت هەنگوینی بۆ بنووسرێت؛ چونکە لەوەیە سرکە زیاتر بۆی بە سوود بێت. کەواتە بەبێ مەزاجناسیی چارەسەری تەواوی نەخۆش ناکرێت و ئەنجامی ئەرێنی نابێت[2].

هاوکات مەزاج: تایبەتمەندییەکی کەسیی و بۆماوەییە و، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت دەستکاری بکرێت؛ چونکە خاوەنی بنەمایەکی بایەلۆجیی و بۆماوەییە و، ناکرێت لەڕوی کاریگەری ژینگەییەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بۆیە چوار جۆر میزاجی سەرەکی هەیە: میزاجی گەرم، میزاجی سارد، میزاجی گەرم و سارد، میزاجی سارد و گەرم.[3]

---

[1] ئومێد موستەفا یەحیا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەرمانخانەی ڕۆژماری شەقامی گۆران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/١٦.

[2] قەییوم عەبدولکەریم عەبدولمەجید، دەستەی دامەزرێنەر، دەرمانخانەی سرووشت، شەقامی گۆران، چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٠.

[3] بڕوانە:

- إكستراند، المزاجات البشرية الأربعة The Transformed Soul

4) دەروونی نەخۆش: پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە هەر لە زووەوە هەرکەس لەم بوارەدا کاری کردبێت پێی وتراوە حەکیم، حەکیمەکان لەو کاتەدا وەک پزیشکی ئێستا بوون و شارەزابوون، زۆرینەشیان خوێندەوارییان نەبووە، بەڵام ئەزموونیان هەبووە و چارەسەری هەموو نەخۆشییەکیان کردووە، بۆیە ئەم ناوەشی لێنراوە بە واتای ئەوەی بیرکردنەوە و تێڕاوانینی هەموو هەڵسوکەوتێکی حەکیمانە بێت و، لەگەڵ باری دەروونی نەخۆشەکاندا بگونجێت. چەندەها جار نەخۆش هەر بە قسەکردن لەگەڵیدا بەبێ بەکارهێنانی دەرمان نەخۆشییەکەی چارەسەر بووە[1].

لەبەرئەوەی زۆربەی نەخۆشەکان ڕوو لە چارەسەری میللی دەکەن، ئەوە دوای ئەوە دێت کە بێئومێد بوون لە چارەسەر بە دەرمانی کیمیایی، کەواتە دەکرێت بڵێین؛ نەخۆشەکان بە دەروونێکی ڕووخاوەوە دێن، یەکەم کاری چارەسەرکاری میللی ئارامی بەخشینە بە نەخۆشەکە و هێمنکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو بارە دەروونییەیەتی، بەوەی هیچ نەخۆشییەک نییە چارەسەر نەکرێت، ئەم باوەڕەشیان لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە (د.خ) سەرچاوەی گرتووە کە دەفەرموێت: (لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ فَإِذَا أَصَابَ دَوَاءُ الدَّاءِ بَرَأَ بِإِذْنِ اللَّهِ) واتە: "هەموو دەردێک دەرمانێکی هەیە، گەر دەرمانەکە نەخۆشییەکە یان دەردەکەی پێکا ئەوا بە یارمەتی خودا چاکدەبێتەوە"*. هاوکات مرۆڤ لەچارەسەری میللیدا وەک یەک جەستە و ڕۆح سەیر دەکرێت، بەو واتایەی کە کەسێک ئەندامێکی نەخۆشە، تەنها لەو ئەندامەدا کار ناکەن، بەڵکو پێویستە گرنکی بە هەموو لایەنەکانی جەستە و دەروون و مەعنەوییەکەی بدرێت؛ چونکە گەر وەک یەک تەماشا بکرێت، ئەوا چارەسەرکردنی ئاسانە. سیفەتی ڕووەکی سرووشتی و کەڵەشاخیش وایە کە بۆ زۆر شت کار دەکەن، جاری وایە یەک گیا بۆ چەندەها نەخۆشی سوود بەخشە، ئەمانە وا

---

.thetransformedsoul.com. Psychologia: psychologia.co، لەبەرواری (٢٠٢١/٦/٢٧) دا، سەردانی ئەم ماڵپەرەمان کردووە.

[1] شیرین باوا هاشم، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانی دایک، شەقامی ئۆرزدی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٦/٥.

* بوخاری و موسلیم و ئەحمەد، ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە.

دەکات ئارامی بە نەخۆشەکە ببەخشێت، ئەو کاتەی پێی بوترێت چارەسەرت هەیە، بە واتایەکی دی هیوای نەخۆش بەرزدەکەنەوە هەتا ئومێدی بەچارەسەرەکە هەبێت[1].

کەواتە دەتوانین بڵێین: دەروون و میزاج، ئەو دوو لایەنەن کە لەلای چارەسەرکاری میللی زۆر کاری لەسەر دەکرێت و، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگیان هەیە لە چارەسەکردنی نەخۆشییەکاندا.

شیاوی باسە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا چەند خاڵێکی دیکەش هەیە لە دیاریکردنی نەخۆشیدا لەلای چارەسەرکاری میللی. هەندێکجار بەگوێرەی ئەزموون هەر بە تەماشاکردنی نەخۆشەکە، دەزانرێت دەردی چیە.

هەندێکجاری دی داوای پشکنین و سۆنەر و تیشکی لێدەکرێت، ئەمەش بۆئەوەیە چارەسەرکارە میللییەکە بەرچاوڕوونی زیاتری هەبێت. لەگەڵ سەرجەم ئەوانەشدا زۆرینەی ئەو کەسانەی ڕوو لە دەرمانخانە و چارەسەری میللی دەکەن، بە چەندەها پزیشکدا تێپەڕیون و چەندین پشکنین و سۆنەری جۆراوجۆریان کردووە و، خۆشیان دەزانن چییانە، بەڵام بێئومێد بوون لە دەرمانی کیمیایی. هاوکات هەندێکی تریشیان هەموو ئەو پشکنینانەی پێویستە لەلای پزیشکی پسپۆڕ کردوویانە، بەڵام نایانەوێ دەرمانی کیمیایی بەکاربهێنن و دێنە لای چارەسەرکاری میللی و بۆ وەرگرتنی دەرمانی گیایی ڕاوێژ بەوان دەکەن، ئەوانیش بەگوێرەی ئەنجامی پشکنینەکان چارەسەری بۆ دادەنێن.

پێدانی چارەسەری میللییش بەپێی نەخۆشییەکەیە، هەندێکیان ئاوی گیا سرووشتیەکە و بەڵام وەک شرووب درووستکراوە، هەندێکی دی لە شێوەی کەپسوول و حەبە، هەندێکجاری تریش چارەسەرەکە بە کەڵەشاخە: بەم چەشنە بەگوێرەی نەخۆشییەکە دەرمانەکە و چارەسەرکە، دەگۆڕدرێت[2].

کەواتە خوێندنەوە، بینیی نەخۆشی زیاتر، مەزاج و دەروون، ئەزموون، پشکنین، بێهیوایی نەخۆش لەبەکارهێنانی دەرمانی کیمیایی، حەزی نەخۆش بۆ وەرگرتنی

---

(1) ڕەنج فارووق فەتاح، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمان و کەڵەشاخی ژیار، ڕاپەڕین، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٦/٩.

(2) بەهار مەجید حەسەن، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەرمانخانەی ڕەیان، شەقامی شۆڕش، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٣١.

چارەسەری میللی، تێکڕای ئەمانە هۆکارن لە دیاریکردنی نەخۆشییەکان و بەکارهێنانی چارەسەرێکی گونجاو بۆی.

لەهەمان کاتدا ئەو نەخۆشانەی بۆ چارەسەری نەخۆشەکانیان ڕوو لە چارەسەرکاری میللی دەکەن، لەلایەن چارەسەرکارە میللییەکانەوە گرنگترینی ئەو سێ پرسیارانەیان لێدەکەن، کە ڕۆژانە بەرەوڕووی خۆیان دەبێتەوە:

- ئایا قەبزیت هەیە؟
- نەخۆشی قۆڵۆنت هەیە؟
- بوونی ددانی کلۆر؟

لەبەرئەوەی بوونی هەریەکێک لەوانە ناهێڵێت سوود لە چارەسەرییەکان ببینێت، بوونی ددانی کلۆر ڕێگرە لە باش جوینی خواردنەکان و، کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر سەر و دەستەکان هەیە و، ڕیخۆڵەش بە باشی هەڵینامژێت و گەدەش بە باشی هەرسی ناکات، هاوکات گەر چەوری و خوێنی زۆر بێت، ئەوا دەرمانەکە ناتوانێت بە باشی لە دەمارەکاندا هاتووچۆ بکات، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە لەسەرەتادا کەڵەشاخی بۆ بکرێت، ئیدی بەو چەشنە دەمارەکان پاک دەبنەوە، کەش و هەوایەکی لەباری لە لەشدا بۆ ڕێکدەخرێت هەتا بتوانێت سوود لە دەرمانەکە ببینێت. ئەم کارەش لەسەر بنەمای کاری پزیشکی سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان ئەبوقرات* جێبەجێ دەکرێت.

لە ئێستاشدا خوێندکاران لە کۆتا قۆناغی خوێندن سوێندێک دەخۆن، سوێندی ئەبوقراتی پێدەوترێت بەوەی فێڵ و گزی لە پیشەکەیاندا نەکەن و ئەمین بن. ئەم پزیشکە کاتێک نەخۆشێک چووەتە لای پێی وتوە: پێش ئەوەی پێم بڵێی چ نەخۆشییەکتە، بڕۆ سێ

---

* ئەبوقرات: پزیشکێکی یۆنانییە و بە باوکی پزیشکی ناوزەدکراوە، لەژیانیدا زۆرترین گەشتی کردووە ئەمەش وایکرد ئەزموونێکی زانستی زۆرباش لە بواری پزیشکییدا دەست بخات، وای کرد کە کاری پزیشکی لە خورافیات و غەیبیات جودا بکرێتەوە و، چەمکە پزیشکییەکانی بە شێوەیەکی زانستییانە دامەزراند، کە کارگەرییەکی باشی لە پێشکەوتنی لایەنی زانستی ئەودا بەخۆوە بینی، عەرەب بە ناوی (بوقرات)ەوە دەیناسنەوە یان ناوی دەهێنن و، هاتوون شەرح و ڕاڤەی زۆرینەی کتێب و دانراوەکانیان کردووە بە عەرەبی، ناودارترینی ئەو کەسانەی شەرحیان لەسەر بەرهەمەکانی کردووە ئەمانەن: حونەینی کوڕی ئیسحاق، عیسای کوڕی یەحیا، سابیتی قوڕڕە، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەلی. ئەبوقرات ساڵی (٢٧٠ پ.ز) کۆچی دوایی کرد. بڕوانە:

مجموعة من الكتاب: الموسوعة العربية الميسرة، ط1، شركة ابناء شريف الأنصاري، بيروت – لبنان، (2010م/1431هـ)، ص 14.

شتم بۆ بکە و پاشان وەرەوە، دەرمانێکی ڕەوانکەری پێداوە و پێی وتووە برۆ ناوەوەی خۆت بشۆ*، واتە ڕیخۆڵەکانت پاک بکەرەوە و، پاشان کەڵەشاخ بکە و، دواتر هەڵم و ساوناو و حەمامێکی گەرمیش بکە، دوابەدوای ئەو سێ کارە وەرەوە و باسی نەخۆشییەکەتم بۆ بکە، زۆربەی کات نەخۆشییەکە بەو سێ کارە چاک بوەتەوە و ئازاری نەماوە. بۆیە حەکیمایەتی بریتییە لەوەی کە نەخۆشەکە بخەیتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست، بەکاری یەکەم کە ڕەوانکردنی هەناویەتی دەبێتەهۆی پاککردنەوەی ئەو پاشەڕۆ و ژەهرانەی کە لە ڕیخۆڵەکاندا هەیە، بە کاری دووەم کە کەڵەشاخەکەیە خوێن و جگەری نەخۆشەکە لە پیسییەکان پاک دەبێتەوە، بە هەلم و ساوناوەکەش کە کاری سێهەمە، کونیلەکانی لەشی نەخۆشەکە پاکدەبێتەوە و دەکرێنەوە. ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەو دەرمانەی بەکاردەهێنێت و زووتر چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرێت.

کاتێک چارەسەرەکان زۆری پێدەچێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕێگەکانی پیاڕۆشتنی دەرمان هەمووی داخراوە و گیراوە، بەڵام بەو سێ ڕێگەیە کار دەکرێت بۆ ئەوەی نەخۆشەکە لەماوەیەکی کەمدا سوود لە دەرمانەکان ببینێت و زووتر چارەسەری نەخۆشییەکەی بکرێت[1].

کەواتە لە چارەسەری میللیدا قەبزی و نەخۆشی قۆڵۆن و بوونی ددانی کلۆر، ڕێگری دەکەن لە سوودبینین لە دەرمان و چارەسەرە سرووشتییەکان، لەبەرئەوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان پێویستە ئەو حاڵەتانە لە نەخۆشەکاندا چارەسەر بکرێت، پاشان دەرمان و چارەسەری سرووشتی پێبدرێت.

توێژینەوە لە رووەکەکان بەردەوامە و، ڕووەکی وەها هەیە خاوەنی هەزاران ماددەی چالاکە، گەر تا ئێستا سەد ماددەی دۆزرابێتەوە، ئەوا توێژینەوە و بەدواداچوونەکان دەریدەخەن کە ماددەکانی دیکەی چین و، بۆ چ نەخۆشییەک لە داهاتوودا بەکاردێت. نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و فایرۆسی ئایدز، لەو نەخۆشیانەن کە

---

* لەبەرئەوە لە پزیشکی میللیدا دەڵێت: هەروەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە شۆردنی جەستەی دەرەوەی هەیە و ڕۆژانە یان سێ ڕۆژ جارێک جەستەی دەشوات، بەهەمان جۆر پێویستی بە شۆردنی ناوەوەی جەستەشی هەیە، ئیدی بە زەحیرکردنی خۆ بێت یان بە ڕشانەوە.

[1] جلال کریم أومر، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەرمانخانەی ژیار، ڕاپەڕین، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٥/٢٧. هەروەها (عمر رشید أحمد)، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانی دنیا، شەقامی گۆران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٤/١٥.

هەتا ئێستا بە گیادەرمانە و چارەسەری میللی، چارەسەریان نەدۆزراوەتەوە. بەڵام دەکرێت بڵێین بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری نەخۆشییەکان بە گیادەرمانە و کەڵەشاخ لە چارەسەری میللیدا، چارەسەر دەکرێن. بۆیە توێژینەوە و کنە و پشکنینەکان، ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە چۆنیەتی و شێوازی چارەسەرەکاندا، گەر نەخۆشییەکە بەشێویەکی ورد دیاری بکرێت، ئەوا لە سەدا نەوەدی نەخۆشییەکان بە چارەسەرە سروشتییەکان، چارەسەر دەبن[1].

هەروەک چۆن لە پزیشکی نوێدا چارەسەر بۆ زۆرێک لە نەخۆشییەکان نەدۆزراوەتەوە، بەهەمان چەشن لە چارەسەری میللییشدا چەندین نەخۆشی هەیە کە چارەسەریان زەحمەتە، بەڵام ڕووەکی پزیشکی چەندینجار لە ماددەی کیمیاوی بەهێزترە و، دەکرێت چارەسەری زۆرباشی بۆ سەرجەم نەخۆشییەکان لە خۆگرتبێت، بەڵام تا ئێستا زانست پەی بە هەمووی نەبردووە.

هەرچەندە خەڵکێکی زۆر کەڵەشاخ دەکات، بەڵام باوترین چارەسەر گیادەرمانەیە؛ چونکە دەرمانە گیاییەکان ڕووەکی سرووشتین و بێزیانترن. لەکاتێکدا لەوانەیە چارەسەر بە کەڵەشاخ مەترسی پاک و خاوێنی هەبێت، جگە لەوەش مرۆڤ لە درووستبوونییەوە ڕووەکی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی بەکارهێناوە، بەڵام کەڵەشاخ زیاتر لەمیانەی ئیسلامەوە و بە هۆی چەند فەرموودەیەکەوە هاتووەتە نێو کوردەوە، واتە گیادەرمانە زیاتر لە کەڵەشاخ* ڕەگی لە چارەسەری سرووشتیدا داکوتاوە.

## ٢. دیارترین ئەو نەخۆشیانەی چارەسەری میللییان بۆ دەکرێت

خەڵکی بۆ هەموو نەخۆشییەک سەردانی چارەسەرکاری میللی دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی دەرمانە کیمیاییەکان بۆ بازرگانین و لە خزمەتی مرۆڤدا نین. لە زۆربەی وڵاتانی دنیا خەڵکی زیاتر گەڕاونەتەوە بۆ بەکارهێنانی دەرمانی گیایی و، سوود وەرگرتن لە چارەسەرە میللییەکان؛ چونکە  بە گوێرەی توێژینەوەکان دەرمانە گیاییەکان

[1] کارزان محمد أمین، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانەی کارزان، بازاڕی ئاوباریک، ٢٠٢١/٦/١٣

* چارەسەرە میللییەکان بەتایبەت لە بابەتی کەڵەشاخدا، ڕەهەندێکی ئایینیان هەیە، هەندێ کەس تەنها لەبەر زیندووکردنەوەی سوننەت ئەم کارە جێبەجێدەکەن، لەبەرئەوە ئێمە ئەو کەسانەمان وەک نەخۆش وەرنەگرتووە.

ڕۆژ بە ڕۆژ سوودی زیاتریان لێدەردەکەوێت، لە کاتێکدا ڕۆژانە دەرمانە کیمیاییەکان زیان و دەرهاویشتەکانی دەردەکەون.

لە دیارترین نەخۆشییەکان کە سەردانی چارەسەرکاری میللی دەکەن، نەخۆشییە هەناوییەکان و هەوکردنی گەدە و قۆلۆن و نەخۆشییەکانی پێست و شەقیقە و گیرانی دەماری دڵ –بێئەوەی کرانەوەی دڵی بۆ بکرێت- زۆرترین چارەسەریان بۆ دەکرێت.

1. نەخۆشی گەدە و قۆلۆن و گرفتی غازات، لەو نەخۆشییانەیە کە بەڕێژەیەکی بەرچاو تووشبووەکانی پەنا دەبەنە بەر چارەسەری سرووشتیی؛ چونکە نەخۆشەکان پێیان وایە حەب و دەرمانە کیمیاییەکان زیاتر ئازار بە گەدەیان دەگەیەنێت. هەروەها نەخۆشییەکانی پێست و بوونی بەردی گورچیلە جگە لەوەی ئەو کەسانەی کە ڕێژەی خوێن یان چەوریان بەرزە و هەست بە قوورسی شان و ملیان دەکەن، کەڵەشاخ وەک چارەسەر بەکاردێنن بۆ ڕزگاربوون لەو ئازار و بارە قوورسەی سەرشانیان، لەگەڵ هەموو ئەمانەش دەرزی ئاژنین وەک چارەسەرێکی دیکەی نەخۆشییەکان بەکاردەهێنرێت.[1]

2. دەرزی ئاژنین –وەک لەوێنەی ١٦ دا خراوەتەروو- ئازار لابەرە و گەڕانەوەی بالانسی لەشی مرۆڤ و وزەی مرۆڤە؛ چونکە لە زۆربەی دەرزییەکان نووسراوە (وزە/ energy) واتە وزە و تاقەت بۆ دەگەڕێنێتەوە و، لایەنی دەروونی مرۆڤ بەهێز دەکات و، بە بەکارهێنانیشی خەمۆکیی و بێتاقەتی ناهێڵێت، هەروەها چارەسەری ئازارەکانی لەش لە گوێ و دەست و پێ و مل و جوگە و پشت .. لەڕێگەی دەرزی ئاژنینەوە دەکرێت، لەبەرئەوەی هەستەوەرەکانی ژێرپێی مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەخۆیان بە لەشی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە لەڕێگەی دەرزی ئاژنین و شیلانی ژێر پێیەکان، چارەسەری ئازارەکانی نەخۆش دەکرێت، هەندێ کەس بۆ چارەسەری سەرئێشە ناوێرێ کەڵەشاخ لە سەریدا بکات، بەڵکو بە دەرزی ئاژنین چارەسەر وەردەگرێت.[2]

---

[1] هەرێم عمر صدیق، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانی کارزان، بازاری ئاوباریک، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/١٦. هەروەها (ئاری قیوم عبدالکریم)، گیادەرمانی سرووشت، شەقامی گۆران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٣.

[2] بارام مستەفا قادر، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، کەڵەشاخ و دەرزی ئاژنینی شیفا، شەقامی کاوە، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/٢٧.

وێنەی (١٦) دەرزی ئاژنین ڕووندەکاتەوە[1]



3. لەگەڵ ئەوەی لە چارەسەری میللیدا نەشتەرگەری نیە، بەڵام کەڵەشاخ و بەکارهێنانی کرمی زالو، خوێنبەردان، جێگەی نەشتەرگەری دەگرێتەوە. بۆ نموونە کەسێک قاچی تووشی دەوالی دەبێت، بەمە بۆری خوێنی دەئاوسێت، کە لە پزیشکی نوێدا نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، بەڵام لە چارەسەری میللیدا خوێنبەردانی بۆ دەکەن و، ئەو دەمارە لە خوێنەکە پاک دەکرێتەوە، یاخود زالو؛ کە بە پێی ئەزموون و زانست بۆ هەندێک نەخۆش کراوە و ڕۆڵی نەشتەگەری بینیوە. کاتێک کەسێک تووشی گیرانی بۆری خوێن دەبێت بەهۆی چەورییەوە، گەر کەسی شارەزا چەند جارێک لەسەر یەک زالوی بۆ بکات، وەک ئەوەیە نەشتەرکەرییەکی لە ناوەوە بۆ کرا بێت، لەبەرئەوەی زالووەکە لەناو لیکەکەیدا کۆمەڵێک ماددەی چالاک و زانسی و کیمیایی هەیە، ئەم ماددانە دەڕۆن بۆئەوەی کڵۆخوێن و چەوری خوێن لەناو بۆرییەکانی خوێندا بتوێننەوە، کە ئەمە لە چارەسەری میللیدا پێی دەوترێت نەشتەرگەری لە ڕێگەی زالوەوە.[(2)] وەک لە وێنەی (١٧)دا بەدیدەکەین.

[1] هەردوو وێنە تێکەڵکراوەکە لەلای پزیشکی میللی بارام مستەفا قادر چرکێنراوە، لە بەرواری ٢٠٢١/٦/٢٧.

(2) هاوژین صبری محمود، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەستەی دامەزرێنەر، گیادەرمانەی وەنەوشە، شەقامی کاک أحمدی شێخ، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/١٥.

**وێنەی (١٧) کرمی زالو بۆ چارەسەری لابردنی چەوری خوێن**[1]



4.بەهەمان شێوە کەڵەشاخیش کە زۆر بەربڵاوە و لە چارەسەرکردندا بەکاردەهێنرێت، زۆرجار ئەو کاتانە بەکاردێت کە کەسەکە تووشی هەوکردنی بڕبڕەی پشت، خزانی دیسک بووە، گەر بێت و کەڵەشاخیان لەسەر شوێنی ئازارکە بۆ بکرێت، ئەوا ئازاری کەم دەبێتەوە و هەوکردنی نامێنێت. لەڕوی زانستیشەوە سەلمێنراوە، کاتێک لەشی مرۆڤ بریندار دەبێت ماددەیەک لە لەشیدا هەیە و پێی دەوترێت (ئەنتەرفیرۆن/interferon) و جگەر دەریدەدات، چالاکدەبێت، کە بەهێزترین ماددەی ئەنتیبایۆتیکە بۆ جەستەی مرۆڤ و، دژی ڤایرۆس و بەکتریا کار دەکات، بەمەش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی بەرگری لەشی مرۆڤ.[(2)]

5.هاوکات بەکەڵەشاخ کۆمەڵێک ماددەی تری وەک مۆرفین، ناتیرک ئۆکساید، کۆتیزۆڵ، کۆتیزۆن، دۆپانین، هیستامین، مایکرۆفەیج، کۆلاجین .. لە لەشدا چالاکدەبن و، هەریەکەیان ئەرکێکیان هەیە و بۆ هەموو کەسێکیش پێویستن.

هەرچی مادەی (هیستامین)ە دەمارەکان فراوان دەکات، کاتێک مرۆڤ تەشەنوج دەکات نیشانەی ئەوەیە دەمارێکی گیراوە، یان ماسوولکەیەکی گرژ بووە، یاخود کاتێک شەقیقە یان سەرئێشەیەکی بەهێزی هەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە دەماری گرژ بووە و

---

[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://www.aa.com.tr/ar

[(2)] جمیل محمد محي الدين، دەستەی دامەزرێنەر، شەهیدانی ئازادی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/١٩.

بەباشی خوێنی بۆ نارِوات، بۆیە گەر ئەم (هیستامین)ـە زیادی کرد، دەمارەکە فراوان دەبێت و، دەکرێتەوە و ئازارەکەی نامێنێت. هەرچی ماددەی (مایکرۆفەیج)ـە دەچێتە دەرەوەی لەش و ڕاستەوخۆ ئەو لەشە لەو میکرۆب و بەکتریایانەی دەچنە ناوەوە، دەپارێزێت.

ماددەی (کولاجین)یش کە لەکاتی کەڵەشاخدا چالاکدەبێت، خانەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هاوکات ماددەی (دۆپانین)یش پێی دەوترێت ماددەی خۆشحاڵی یان خۆشنوودی، ئەمەش بۆ ئەوانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە، خاویان دەکاتەوە و بارە دەروونییەکەیان ناهێڵێت. ماددەی (نایتریک ئۆکساید)یش لە دوو حاڵەتی زۆر گرنگدا کار دەکات:

**یەکەم:** بۆ ئەو کەسانەی هەناسە توندیان هەیە، کاتێک ئەم ماددەیە چالاک دەبێت، دەمارەکانی دڵ و سییەکان فراوان دەکات و هەناسە توندییەکەی ناهێڵێت.
**دووەم:** بۆ بەهێزبوون و خێرابوونی حاڵەتی جنسی بە سوودە؛ چونکە دەبێتەهۆی فراوانبوونی بۆرییەکانی خوێن و خێرابوونی سووڕی خوێن، بەمەش جنسی مرۆڤ خێراتر و بەهێزتر دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کەڵەشاخ دەبێتەهۆی ڕوونبوونەوەی چاو، ئەمەش بەهۆی کرانەوە و فراوانبوونی دەمارەکانن خواردن و ئۆکسجین بە خێرایی دەگەنە چاو. جێی ئاماژە بۆ کردنە بە پێی تەمەن و لەشی نەخۆشەکە، شوێن و جۆر و زۆری و کەمی کەڵەشاخ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.[1]

دەکرێت بڵێین؛ کەڵەشاخ دەبێتەهۆی زیادبوون و بەهێزبوونی ئەنتی بایۆتیک و دەرهێنانی پیسییەکانی لەش و، پاکبوونەوەی بۆرییەکانی خوێن و ڕزگاربوون لە چەورییەکان، کە ئازارەکانی شان و مل و بەشەکانی لەشیان دروست کردووە.

[1] حمید عمر کریم، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، کەڵەشاخی سلێمانی، دارۆغا، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/٢٧.

6.لەهەمانکاتدا بەردانی دەماری نێوان هەردوو برۆ*، کە ئەمەش جۆرێکە لە کەڵەشاخ بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کە شەقیقەیان هەیە و، سەر ئێشەیەکی ئێجگار سەخت سەرسان لێدەدات و پێیانوایە کە بەکارهێنانی دەرمانی کیمیایی بۆ بنبڕکردنی ئەو ئازارە گەر هەشبێت کاتییە، بۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە ملی نەخۆشەکە تۆزێک دەبەسترێت هەتا بۆرییەکی خوێن لەناوچەوانیدا -لەنێوان برۆکانی- دەئاوسێت و، دواتر گوێزانێک لەو بۆریە خوێنە ئەدرێت و خوێنەکەی دێتەدەرەوە، ئەو خوێنەی لێیەوە دەرەچێت فشار لەسەر مێشکی کەسەکە کەمدەکاتەوە؛ چونکە ئەو فشارەیە کە شەقیقەکەی دروستکردووە و بەیەکجار ئەنجامدانی ئەم کارە نەخۆشەکە چارەسەر دەبێت و پێویستی بە دووبارەبوونەوە نییە[1].

وەک لەوێنەی (١٨)دا خراوەتەڕوو.

وێنەی (١٨) چارەسەری شەقیقە نیشاندەدات[2]



---

[*] ئەو نەخۆشانەی ئەم چارەسەرەیان بۆ دەکرا، دوای تەواوبوون و وەستانی خوێنەکە ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە هەست بە گیانسووکبوونێکی تەواو و نەمانی ئازاری سەر و، باری قورسی سەر و شان و ملیان دەکەن. هاوکات ڤیدیۆی یەکێک لەو نەخۆشانە لەلای توێژەر پارێزراوە.

[(1)] إبراهیم قادر حسین، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمان و کەڵەشاخی إبراهیم، صابونکەران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/٢٢.

[2] وێنەکە بە دەستی توێژەر لە بەرواری ٢٠٢١/٤/١٢ لەلای پزیشکی میللی شێخ حسێن گیراوە.

7. هەروەها لەچارەسەری میللیدا ئازارەکانی ئەژنۆ، بڕبڕەی پشت، چوونەسەریەکی فەقەرەکانی پشت، پێویستی بە نەشتەرگەری نییە؛ چونکە نەشتەرگەری بەکارێکی مەترسیدار دادەنرێت و نابێت دەستکاری هیچ بەشێکی لەشی مرۆڤ بکرێت.

گەر نەخۆشیەکی وامان هەبێت هەموو هەوڵێک ئەدرێت بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو لەشە، بەشێلان یاخود گرتنەوەی تێکەڵەیەک لە گیاسروشتییەکان و، بەکارهێنانی وەک موشامایەکی ئازارشکێن، کە لە شوێنی ئازارەکە دەدرێت و دەبەسترێت. ئەم کارە دەبێتەهۆی چالاک بوونەوەی سوڕی خوێن لەو شوێنەدا و، کەمکردنەوەی هەوکردن و، خاوکردنەوەی گرژی ماسوولکە و دەمارەکان و، لەناوبردنی هەوکردنەکە، کە ئەمانەش کۆمەڵێکن لەو ئیشانەی کە پێویستی بە نەشتەرگەری نییە.[1]

8. هاوکات ڕێگەی تریش هەیە کە ئەمەیان زیاتر لە وڵاتانی تر پەیڕەودەکرێت و، پێیدەوترێت (کارۆپراکتیک) واتە ڕێکخستنەوەی بڕبڕەکانی پشت، کە لە وێنەی (١٩ و ٢٠)دا دەخرێتەڕوو. بەواتایەکی تر ئەو بڕبڕەیەی کە دەرچووە یان خزاوە بەدەست دەخرێتەوە شوێنی خۆی، بەڵام پێویستە چارەسەرکارە میللییەکە شارەزایەکی تەواوی هەبێت لەم بوارەدا. سەرەتا نەخۆشەکە بەپێی پێویستی لەشی کەڵەشاخی بۆ دەکرێت، دواتر لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵدەخرێت و قاچەکانی بە پەتێک دەبەسترێت، پاشان قەرەوێڵەکە بەرز دەکرێتەوە بەجۆرێک نەخۆشەکە بۆ ماوەی حەوت خولەک سەرەو خوار هەڵدەواسرێت، واتە قاچەکانی بۆ سەرەوە و سەری بۆ خوارە. لەو ماوەیەدا سەر و دەستەکانی مۆر هەڵدەگەڕێن، دوای ئەو ماوەیە قەرەوێڵەکە ڕێکدەکرێتەوە و پەتەکەی قاچیشی لادەبرێت، پاشان لەسەر قەرەوێڵەیەکی تر لەسەر پشت ڕائەکشێنرێت، پەتێک یاخود لەچکێک لەملی ئەبەسترێت و کەسێکیش لەسەر ڕانی دائەنرێت، دواتر پزیشکە میللییەکە لەپڕ مللی ڕائەکێشێت، بەم کارە بڕبڕەکانی پشت دەچنەوە شوێنی خۆیان و ئازار و فەقەراتەکەی چارەسەردەبێت[2].

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەمە کارێکی مەترسیدارە؛ چونکە ئەگەری زۆرە دڕکەپەتکی مرۆڤ ببچڕێت، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەئەنجامدانی ئەم کارە،

---

[1] لقمان عبدالله علي عبدالله، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، کەڵەشاخی ئایە، إبراهیم پاشا، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٨.

[2] کریم أحمد محي الدین، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانە و کەڵەشاخی شایان، بەکرەجۆ، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٤/٢١. هەروەها (دیار إبراهیم أحمد) گیادەرمانە و جوانکاری نیلۆفەر، سلێمانی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٤/٢٤.

لە ڕوی ئەزموون و خوێندن و قاڵبوونەی زیاتر لەو بابەتەدا، بوێرییەکی لەڕادەبەدەر و شارەزاییەکی زۆری پێویستە.

وێنەی (١٩) خۆهەڵواسین پیشاندەدات



وێنەی (٢٠) پشت و فەقەرە تەقاتدن دەخاتەڕوو[1]



[1] هەردوو وێنەی (١٩ و ٢٠) لەلای پزیشکی میللی (جەلال کەریم ئۆمەر) لەبەرواری ٢٠٢١/٥/٢، چرکێنراوە.

9.لەکاتێکدا لە پزیشکی نوێدا چارەسەری گیرانی دەماری دڵ* بە قەستەرە و باڵۆن دەکرێت، لە چارەسەری میللیدا بە گیراوەیەکی سروشتی چارەسەر دەبێت، ئەویش سرکەی سێوی خۆماڵی ئەندازەیەک سیری تیا بخوسێنرێت بۆ ماوەی دوو هەفتە تا سێ هەفتە دابنرێت، یاخود ئەتوانرێت سیرەکە لە ڕنە بدرێت و لەو سرکەی سێوەدا بخوسێنرێت پاشان بپاڵێورێت، ئەو سرکەیەی کە دەستدەکەوێت ڕۆژانە بەڕێژەیەکی دیاریکراو بخورێتەوە بۆ توانەوەی چەوری دڵ و بۆری خوێن زۆر بەسودە، هاوکات گەڵای گۆیژ بۆ ڕێکخستنی دڵ و لێدانی دڵ و فشاری خوێن زۆر بەسوودە. لە ئێستادا چارەسەری سروشتی هەیە لە ئەڵمانیاوە هێنراوە کە سیر و گۆیژ و چەند گیایەکی تریشی تێدایە کراوە بە حەب و کەپسول بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت. کە لە وێنەی (٢١)دا نیشاندەدرێت.

**وێنەی (٢١) کەپسوولی تواندنەوەی چەوری دڵ و بۆری خوێن**[1]




* یەکێک لە نەخۆشەکان کە تەمەنی ٥٤ ساڵ بوو، لە شاری پێنجوێنەوە هاتبوو، دکتۆر ڕێنمایی کردبوو کە پێویستە دوای ١٥ ڕۆژی دیکە قەستەرە و باڵۆنی بۆ بکرێت، کاتێک هاتەلای چارەسەرکارە میللییەکە ئەو گیراوەیەی پێدا کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆکرا، بۆیە لەوێدا ژمارەی خۆمم پێدا و داوام لێکرد لە ئەنجامەکەی ئاگادارمبکاتەوە، دوای ١٠ ڕۆژ لە بەکارهێنانی دەرمانەکە و لەڕێگەی تەلەفوونەوە پێی ڕاگەیاندم؛ پێویستم بە قەستەرە و باڵۆن نییە و باش بووم.

[1] وێنەکە لەلای کاک (جەلال کەریم ئۆمەر) لەبەرواری ٢٠٢١/٥/٢ چرکێنراوە.

گیراوەیەکی تایبەتیش هەیە بۆ گیرانی دەماری دڵ بەکاردێت و، پێکدێت لە ٢٥٠ گرام زەنجەبیل، ٢٥٠ گرام لیمۆ بە توێکڵەوە بەڵام ناوکەکەی لێدەردەکرێت، سێ سەلکی گەورە سیر، پەرداخێک زەیتی زەیتون، پەرداخێک ئاو، ئەمانە هەمووی ئەدرێت لە خەڵاتە (عصارة) دواتر یەک لیتر ئاوی تێدەکرێت دوای ئەوەی ئاوەکەی هاتەکوڵ بۆماوەی دە خولەک لەسەر ئاگرەکە ئەبێت. ئەو گیراوەیەی کە دروست دەبێت بەیانیان و ئێواران نیو پیاڵە پێش نان دەخورێت، لەگەڵ ئەم دەرمانە سروشتیەشدا کەڵەشاخ بۆ نەخۆشەکە دەکرێت، ئەمە ئیشێکی زۆر باش لەجەستەی نەخۆشەکەدا دەکات و گیرانی دەمارەکانی دڵ ناهێڵێت[1].

10. شایانی باسە ئاوی دومەڵان و ئاوی جاترە تێکەڵ دەکرێت و بۆ چارەسەری ئاوی سپی چاو و لابردنی چەوری چاو بەکاردەهێنرێت. یاخود کەوچکێک هەنگوینی ئەسڵی دێنین و لە ئاوی زەمزەمدا شی دەکەینەوە و، هەموو شەوێک پێش خەوتن قەترەیەک دەکرێتە چاوی نەخۆشەکەوە بەم بەکارهێنانە گۆشتی زیادەی چاو نامێنێت و بینینیش باشتر دەکات، بەڵام توێژینەوە و کاری زۆر کەم لەسەرکراوە[2].

11. دەربارەی قۆڵۆن و نەخۆشییەکانی قۆڵۆن لەپێش بەکارهێنانی دەرمان، پێویستە بە زەیتی زەیتوون لەلایەن چارەسەرکارە میللییەکەوە مەساج و شێلان بۆ ڕیخۆڵەکانی بکرێت، پاشان گیراوەیەک کە پێکهاتووە لە چاترە و سینەمەکی و ڕەشکە و زیرە و نەعنا یان حەبێکە و لە زیرە و نەعنا درووستکراوە، دەدرێت بە نەخۆشەکە، واتە پێش نانخواردن ڕۆژی دوو جار بیخواتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ پاکژبوونەوەی ڕیخۆڵەکانی.

12. هەرچی دەرهەق بە گرفتەکانی ئینزیلاقە؛ کۆمەڵێک زەیت هەیە وەک زەیتی زەیتوون، شملّی، ڕەشکە، گوولەبەڕۆژە یان جۆرەکانی دیکەی زەیت کە لە گیاسرووشتییەکان درووست دەکرێت، شوێنی ئازارەکەی پێ چەور دەکرێت ودەشێلدرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی زیاتری ئازارەکە، لەگەڵ پێدانی

---

[1] فاروق عمر حمەلاو، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانەی شەقایق، زێڕینۆک، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/١١.

خودی ئەم چارەسەرکارە نموونەی بەردەستی لەسەر بەربوونی گیرانی دەماری دڵ هەیە و ناو و ناونیشانیشی دەزانێت.

[2] سارا بختیار خدر، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانەی سەید خلیل، شارەوانی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٢.

پارچەیەک حەبی (حرمل)، کە ئەمەش هەر لە ڕۆنی گیاسرووشتییەکان درووست کراوە. کە لەوێنەی (٢٢) نیشاندەدرێت.

**وێنەی (٢٢) تۆوی حەرمل پیشان دەدا**[1]



3 1. یەکێکی دی لە گیادەرمانییەکان، گەڵای مۆردە لە چارەسەری سرووشتیدا چەندین سوودی هەیە و، بۆ زۆرترین نەخۆشی بەکاردێت، وەک نەزیفی یان خوێنبەربوون، ئازاری جوگەکان، بۆنی ناخۆشی ناو پێ و ئارەقی جەستە، بۆ ڕووتانەوە و بەهێزکردن و تۆخکردنەوەی ڕەنگی قژ بەکاردەهێنرێت. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە بوورانەویان لەگەڵدایە بە سوودە. کەواتە گەڵای مۆردەکە دەکوڵێنرێت و وەک چا دەخورێتەوە، واتە هەم بۆ چارەسەری خوێنبەربوون و ئازاری جومگەکانیش بەو چەشنە بەکاردێت، بەڵام بۆ قژەکە بەشێوەی گیراوەی شامپۆیی بەکاردێت.[2] کە لەوێنەی (٢٣)دا دەخرێتەڕوو

1 وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

- https://m.facebook.com/yai.3li/posts/

(2) بختيار خدر خليل، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانە و کەڵەشاخی سەید خلیل، شارەوانی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٥.

**وێنەی (٢٣) گەڵای مۆرد پیشاندەدات**[1]



4 1 . هاوکات بۆ چارەسەری ئازاری سوڕی مانگانەی ئافرەتان، چەندینکەس پەنایان بۆ بەکارهێنانی چارەسەری سرووشتی هێناوە، ئەویش دەرمانێکی گیاییە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نەخۆشییەکانی؛ گەدە، قۆڵۆن، ژانەسکیش، بەکاردێت، کە لە وێنەی (٢٤) دەخرێتەڕوو، بەوەی یەک کەوچکە چا دەخرێتە پەرداخێک ئاوی زۆر گەرمەوە و دادەنرێت هەتا سارددەبێتەوە، ئینجا دەپاڵێورێت و دەخورێتەوە.

**وێنەی (٢٤) دەرمانی چارەسەری ئازار سوڕی مانگانە دەخاتەروو**[2]




---

[1] وێنەکە لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە:

-https://ar.pngtree.com/freebackground/tree-leaf-wallpaper-background_

[2] وێنەکە لەلای پزیشکی میللی کاک (جلال کریم ئۆمەر) چرکێنراوە لەبەرواری ٢٠٢١/٥/٢٧.

15. هەرچی پەیوەندی بە چارەسەرکردنی نەخۆشی کۆرۆنایە، ئەوا پزیشکیی میللی لە چارەسەرکردنیدا دەستەوسان و کۆڵەوار نەبووە و، دەرمانی تایبەتی بۆ ئەو نەخۆشییە وەک گیراوەیەکی بەسوود، تەرخان کردووە، کە پێکهاتووە لە شرووبێک و سێ ژەمە پێش نان لێدەخورێتەوە، کە لە وێنەی (٢٥)دا دەخرێتەڕوو، هاوکات شرووبەکەش بەکاردێت بۆ چارەسەری قەسەبات و سی و هەناسەتووندی. یان گەڵای کالیب تۆز دەکوڵێنرێت و، دواتر ڕۆنی ڕەشکە و جاترەشی تێدەکرێت و سێ ژەمە بەکاردەهێنرێت.

وێنەی (٢٥) شرووبی چارەسەرکردنی کۆرۆنا دەخاتەڕوو[1]




16. لەمیانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ یەکێک لەو چارەسەرکارانەدا، کەسێک کە ئازارێکی زۆری ملی هەبوو و، توانای لاکردنەوەی بەهیچ لایەکدا نەبوو، ئەویش سەرەتا مەساجێکی نەرمی بۆ مل و پەنجەی دەست و قاچی کرد، دواتر ئەو ئامێرە کارەباییەی کە

[1] وێنەکە لەلای پزیشکی میللی کاک (جلال کریم ئۆمەر) چرکێنراوە لەبەرواری ٢٠٢١/٥/٢٧.

لەوێنەی (٢٦) دەخرێتەڕوو بۆ شێلانی مل، بەکارهێنا و، لەماوەی کەمتر لە پانزە خوولەکدا توانی بە باشی ملی بجووڵێنێت.

**وێنەی ژمارە (٢٦) ئامێری ملشێلان دەخاتەڕوو**[1]



17. سەبارەت بە نەخۆشی مایەسیری کە هەندێ کەس چارەسەری سرووشتی بۆ وەردەگرت، بە تایبەت دوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ کراوە، بەڵام جارێکی دیکە سەری هەڵداوەتەوە، بۆیە چارەسەرکارەکە دەرمانێکی پێدەدا کە لە بەڕوو و جەوت پێکهاتبوو، واتە: هەردووکیان دەهاڕدرێن و دەخرێنە سەر برینەکە. یان بۆ چارەسەری مازو و زەیتی زەیتوون دەکرێت بە گیراوەیەک و بەکاردەهێنرێت.

کەواتە لە چارەسەری میللیدا لەبەرامبەر هەر نەخۆشییەکدا جۆرێک لە چارەسەر هەیە، ئیدی ئەو چارەسەرییە گیادەرمانە، کەڵەشاخ، یاخود دەرزی ئاژنین بێت، ئەوا ژمارەیەک لە خەڵکی لە پێناو باشبوونی باری تەندروستییان، پەنای بۆ دەبەن.

18. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەندێک لە نەخۆشەکان تەنها بەڕێنمایی چارەسەریان پێدەوترا، بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەرمانێک، بۆ نموونە: چەندین نەخۆش سەردانی چارەسەرکاری میللییان کردووە بۆ چارەسەری هەوکردنی منداڵدان و هەوکردنی میزەڕۆ، چارەسەرکارە میللییەکە ڕێنمایی دەکرد بۆئەوەی یەک پەرداخ سرکە و چوار پەرداخ ئاو لە دەفرێکدا تێکەڵ بکات و، بۆ ماوەی بیست خوولەک لەناویدا دانیشتێت، ڕۆژانەش ئەمە دووبارە بکاتەوە چارەسەر دەبێت.

---

[1] وێنەکە لەبەرواری ٢٠٢١/٥/٢٧ لەلای پزیشکی میللی بارام مستەفا قادر ٢٠٢١/٦/٢٧ چرکێنراوە.

1 9. هەروەها نەخۆشێک ئازاری ناسۆری* هەبوو، چارەسەرکارەکە بەوە ڕێنمایی کرد، کە بڕێکی کەم بێشتە تاڵ و سابوونی ڕەقی تێکەڵ بکات و، بیخاتە سەر دوومەڵەکە، بەمەش دوومەڵەکە دەتەقێت و نەخۆشەکە لە ئێش و ئازارەکە ڕزگاری دەبێت.

هەروەها کۆی چارەسەرکارە میللییەکان پێیانوایە؛ ڕێگە و شێوازی ئەو چارەسەرانەی کە پێشکەش دەکرێن، ڕەهەندێکی کلتوریان هەیە و، دواجار مرۆڤیش کاریگەر دەبێت بە کلتوری کۆمەڵگەکەی و جێبەجێی دەکات، بۆیە هانابردنی نەخۆش بۆ چارەسەری سرووشتی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە و، پەیوەندی تەواوی بەکلتوری کۆمەڵگەوە هەیە.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرە میللییەکان ڕەهەندی ئایینی و کلتوریی و دەروونییان هەیە، لەبەرئەوەی میللەتی کورد میللەتێکی مسوڵمانە و لە ئاییندا باس لە سودی ڕەشکە کراوە، مرۆڤ ساغیش بێت حەزدەکات بیخوات، یاخود بەکارهێنانی هەنگوین کە ناوی بەشیفا هاتووە، هەروەها کەڵەشاخ زۆر فەرموودەی لەسەرە بەتایبەت لە ڕووداوی ئیسراو میعراجدا فەرمان بە پێغەمبەر (د.خ) کراوە کەڵەشاخ بکات، بۆیە خەڵکی بە شتێکی پیرۆزی ئەزانن و لایەنە ئایینییەکەی زاڵە بەسەریدا. هاوکات ئەم چارەسەرانە لە کۆنەوە لەلایەن حەکیمەکانەوە ئەنجامدراون و لەیەکتریان وەرگرتووە و گوازراوەتەوە بۆ نەوەکانی دواتر و، بوون بە بەشێک لە کلتوری وڵاتەکان و هەر وڵاتە بەپێی کلتوری خۆی چارەسەرەکان پێشکەشدەکات، هاوکات چارەسەرییەکان ڕەهەندێکی دەروونییشیان هەیە؛ چونکە ئارامی بە دەروونی نەخۆش دەبەخشن، بەڕادەیەک نەخۆش دەگاتە ئەو بڕوایەی گەر چارەسەرییەکەش سوودی نەبێت، ئەوا زیانیشی نییە؛ لەبەرئەوەی دەرمانگەلێکی سرووشتین و کاریگەری لاوەکییان نییە.

---

* ناسۆر وەک دوومەڵێک وایە و لەسەروی سمتەوە دروست دەبێت و ئازارێکی زۆر بۆ نەخۆشەکە دروست دەکات.

# بەشی چوارەم
# ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## باسی دووەم/ پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

١. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

# بەشی چوارەم
# ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1) چارەسەرە میللییەکان ڕەهەندێکی کلتوریان هەیە، هەر کۆمەڵگەیەکیش بەپێی کلتورەکەی چارەسەرەکان پێشکەش دەکات، هاوکات مرۆڤیش پابەندە بە کلتوری کۆمەڵگەکەی، لەبەرئەوە هانابردنی نەخۆش بۆ چارەسەری سرووشتی ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە.

2) چارەسەرە میللییەکان بەتایبەت لە بابەتی کەڵەشاخدا، ڕەهەندێکی ئایینیان هەیە، هەندێ کەس تەنها لەبەر زیندووکردنەوەی سوننەت ئەم کارە جێبەجێدەکەن.

3) چارەسەری میللی پێویستی زۆری بە ئەزموون و زانستە لە پێشکەشکردنی چارەسەر بە نەخۆشەکان؛ چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بەبێ بوونی یەکێکیان چارەسەرەکان سەرکەوتوو نابن.

4) پزیشکیی میللی بەکارهێنانی شێوازێکی چارەسەرییە، خەڵکی ڕەچاویان کردووە، ئەویش بە پشتبەستن بە خەڵکانێکی پێش خۆیان کە پاشخانێکی بۆماوەیی کۆمەڵایەتیان لەبواری تەندروستی و نەخۆشیدا هەبووە.

5) جادوو قۆناغێکە لەو قۆناغانەی کە پزیشکیی میللی پێدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە قۆناغی سیحر و جادوو، قۆناغێک بووبێت و کۆتایی هاتبێت؛ بەڵکو سیحر حەقیقەتێکە تا هەنووکەش لە زۆر کۆمەڵگادا بوونی هەیە، هەرچەندە بەکارهێنانی بەو شێوە بڵاوەی ئەو دەمەی کۆمەڵگە بەراییەکان نییە.

6) لە چارەسەری میللیدا نەشتەرگەری بوونی نییە، لەبەرامبەردا کەڵەشاخ و بەکارهێنانی کرمی زالو، شوێنی نەشتەرگەری دەگرێتەوە.

7) میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی تر سوودی لە ڕووەک و گژوگیا و کەرەستەکانی ژینگەی کۆمەڵگەکەی خۆی بینیوە و، توانیویەتی بیخاتە خزمەتی خۆیەوە و بەکاریان بهێنێت، ئەم کارەش ئەو کەسانە پێی هەستاون، کە شارەزای بەروبوومی خاکەکەیان بوون و چارەسەرییەکانیان پێشکەش کردووە.

8) لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان، کەڵەشاخ دەکەن، بەڵام باوترین چارەسەری میللی لە ئێستادا گیادەرمانەیە؛ چونکە دەرمانە

گیاییەکان ڕووەکی سرووشتین و بێزیانترن، لەکاتێکدا لەوانەیە چارەسەر بە کەڵەشاخ مەترسی پاک و خاوێنی هەبێت.

9) لە چارەسەری میللیدا گرنگییەکی زۆر بە میزاج و دەروونی نەخۆش دەدرێت، بە جۆرێک بەگوێرەی میزاجی نەخۆشەکە شێوازی چارەسەرەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت.

10) بوونی قەبزی و ددانی کلۆر و نەخۆشی قۆلۆن، ڕێگری دەکەن لە سوودوەرگرتن لە دەرمان و چارەسەرە سرووشتییەکان، لەبەرئەوە پێویستە ئەو کەسانەی ئەو دۆخەیان هەیە سەرەتا چارەسەری ئەو بارودۆخەیان بکرێتن پاشان چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەیان دابنرێت.

11) نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و ئایدز، لەو نەخۆشییانەن هەرچەندە هەوڵی زۆریان بۆ دراوە بەڵام هەتا ئێستا لە چارەسەری میللیدا چارەسەریان نەدۆزراوەتەوە.

12) ئازاری ئەژنۆ و قاچەکان یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە زۆرترین چارەسەری میللی بۆ کراوە بە کەڵەشاخ و بەکارهێنانی زەیتی ڕووەکە سروشتیەکان بۆ شێلانی شوێنی ئازارەکە.

13) لەچارەسەری میللیدا هەروەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە شۆردنی جەستەی دەرەوە هەیە، بەهەمانشێوە پێویستی بەشۆردنی ناوەوەی جەستەش هەیە، ئەویش بە زەحیرکردن بێت یان بەڕشانەوە.

14) دەرزی ئاژنین یەکێکە لەڕێگاکانی چارەسەری میللی لەچارەسەرکردنی نەخۆشیەکاندا، کە ئازار لابەرە و گەڕانەوەی بالانسی لەشی مرۆڤ و وزەی مرۆڤە، هاوکات لایەنی دەرونی مرۆڤ بەهێز دەکات و خەمۆکی و بێتاقەتی ناهێڵێت.

15) لەچارەسەری میللیدا چارەسەری شەقیقە دەکرێت بەبەردانی دەماری نێوان برۆکان، بەم کارەش ئەو خوێنەی دێتە دەرەوە فشار لەسەر مێشکی نەخۆشەکە کەمدەبێتەوە.

16) ڕێگەی کارۆپراکتیک لەچارەسەری میللیدا بۆ ڕێکخستنەوەی بڕبڕەکانی پشت بەکاردەهێنرێت، واتە ئەو بڕبڕەیەی کە دەرچووە یان خزاوە، یاخود چۆتەسەریەک، بەدەست دەخرێتەوە شوێنی خۆی.

17) زۆرترین ئەو کەسانەی کە چارەسەری میللییان بۆ کراوە، ئاستی تەمەنیان لەنێوان (٤٦-٥٥)ساڵدایە.

18) بێئومێدبوونی نەخۆش لەبەکارهێنانی چارەسەری کیمیایی هۆکارێک بوو لە پەنابردنیان بۆ چارەسەری سروشتی.

19) باوەڕبوون بە چارەسەری سروشتی و متمانەی نەخۆش بە چارەسەرکارە میللییەکان هۆکاری زووتر چاکبوونەوەی نەخۆشەکانە.
20) نرخی دەرمان و چارەسەرە میللییەکان هەرزاترە بە بەراورد بە چارەسەری کیمایی.

## باسی دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

### ١. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

أ. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ وەک پسپۆڕی لە پزیشکیی میللی بڕوانێت و، بایەخی زیاتر بەم بوارە بدات و، کار ئاسانی بۆ ئارەزوومەندانی ئەم بوارە برەخسێنێت بە کردنەوەی وەرشەی تایبەت دەرهەق بە ڕاهێنان و وەرگرتنی ئەزموون و زانیاری نوێتر لەو بوارەدا.

ب. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ گرنگی زیاتر بە گژوگیا و گەڵا و ڕووەکە سرووشتییەکانی کوردستان بدات، کە دەکرێت جۆرەها دەرمانی گیایی بەسوودیان لێدرووست بکرێت و، هەناردەی دەرەوەشی بکات.

ت. پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی تەندرووستی، کە چاودێری شێواز و چۆنییەتی درووستکردنی دەرمانە گیاییەکان و پاک و خاوێنی لە کەڵەشاخ و چارەسەرە میللییەکاندا بکات.

ث. پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا؛ لە نێو بابەتەکانی کۆلێژی پزیشکییدا بابەتێک تەرخان بکات بە خوێندنی گیادەرمانە و سوودەکانی لە چارەسەری نەخۆشیدا.

ج. پێشنیار دەکەم بۆ هەر یەک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی تەندرووستی، کە هەماهەنگی تەواو فەراهەم بکەن دەرهەق بە توێژینەوەی زانستی ورد دەربارەی ئەو گیاسرووشتییانەی لە شاخ و کێو و نشێوەکانی کوردستاندا هەیە و، دەتوانرێت دەرمانیان لێ بەرهەمبهێنرێت.

ح. پێشنیاز دەکەم بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆی چاودێر دابنێت بەسەر چۆنییەتی درووستکردنی دەرمانەکان و، بکۆڵێتەوە لەماوەی بەسەرچوونیان.

## ٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

أ. ئەنجامدانی توێژینەوە لە زانکۆکان هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، کە سەبارەت بە پزیشکی میللییە لەشاری سلێمانی، لە سەرجەم شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و، بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، بەمەبەستی پەیبردن بە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوانیان.

ب. ئەنجامدانی توێژینەوە لەلایەن توێژەرانەوە سەبارەت بەو کەسانەی بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی تەندرووستی یان وەزارەتی ناوخۆ، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەم پیشەیە و چارەسەری نەخۆش دەکەن.

ت. گرنگیدانی کۆلیژەکانی کشتوکاڵ و سەرجەم بەشەکانی جوگرافیا و لە ناویشیاندا ئەو بەشانەی تایبەتن بە پسپۆڕی ژینگە، بە ژینگەی سرووشتی کوردستان و سوودوەرگرتن لەو گیایانەی تیایدا دەڕوێن.

ث. پاراستنی گیادەرمانەکان لە شوێنی گونجاودا و، ئاگاداربوون لە ماوەی بەسەرچوون و کۆنبوونی دەرمانەکان.

ج. بەکارنەهێنانی ڕێگەی کارۆپراکتیک، ڕێکخستنەوەی فەقەرەکانی پشت، بەردانی دەماری نێوان هەردوو برۆ، لە چارەسەری میللیدا لەلایەن چارەسەرکاری میللییەوە؛ چونکە هەردوو چارەسەرەکە ئەگەری درووستبوونی مەترسی گەورەی لەسەر ژیانی نەخۆش هەیە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: لیستی سەرچاوە کوردییەکان


1) ئانا ماری شمیل: مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا، و. زانا ناجی، هیوا مەحموود، (چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠).

2) ئەکردەمی مەحمودی سالحی ڕەشە، شاری سلێمانی ٢٠٠ ساڵ، چاپی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

3) ئیرەج موورادی (باقلاوایی): پێشەکییەک لەسەر ڕووەکناسی، گیادەرمانی و پزیشکی خۆماڵی کوردەواری (پزیشکیی میللی ): (چاپی یەکەم ٢٠١٦).

4) سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦.

5) جەلال کەریم ئۆمەر: چارەسەر بە دەرمانی گیایی لە نێوان مێژووی دوێنێ و پێویستی ئەمڕۆدا، (بەبێ شوێن و نۆبەی چاپ)، سلێمانی ٢٠١٤.

6) صهباء محمد، کەڵەشاخ لەنێوان زانست و ئەفسانەدا، و: جەلال کەریم ئۆمەر، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپحانە و شوێن، ٢٠١٨.

7) مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و: عبدالله خورشید و ئەوانی تر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

8) محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، کتێبخانەی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥.

9) منار المصري: چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان بە سەوزە و میوە، و. گەرمیان محەممەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چوارچرا ٢٠١٤.

**دووەم: لیستی سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. إبراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 1985.
2. إيكه هولتكرانس، قاموس مصطلحات الأثنولوجيا و الفولكور، ت: محمد الجوهرى و حسن الشامى، الهيئة العامة لقصور الثقافة. مصر، بدون سنة الطبع.
3. آمنة صبري مراد، لمحات من تاريخ الطب القديم، مطبعة الكيلاني الصغير، مكتبة النصر الحديثة، ١٩٦٦.
4. إحسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعى، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2005.
5. أحمد قدامة: قاموس الغذاء والتداوي بالنباتات، ط 2، دار الأنفاس – بيروت، 1990.
6. ابن خلدون (808هـ): ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر، التحقيق: خليل شحادة، ط 2، 1408هـ-1988م ، دار الفكر، بيروت.
7. ابن أبي أصيبعة (668هـ)، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، التحقيق: الدكتور نزار رضا، ط2، دار مكتبة الحياة – بيروت.
8. ابن خلكان (681ک): وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، التحقيق: إحسان عباس، دار صادر – بيروت.
9. ابن قيم الجوزية: زاد المعاد في هدي خير العباد، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ط ٢٧، 1415هـ /1994م.
10. أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل: مسند أحمد، التحقيق: شعيب الأرناؤوط - عادل مرشد، وآخرون إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن

التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، 1421 هـ 2001م، (٢٤٢/٢٠) رقم الحديث (12093).
11. حازم البكري، العقاقير الشعبية والأدوية العطارية، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨١.
12. حسن الخولي، الريف والمدينة في مجتمعات العالم الثالث، دار المعارف للطباعة والنشر، القاهرة – مصر، ١٩٨٢.
13. حسين فهيم، قصة الانثروبولوجيا: فصول فى تاريخ علم الانسان، عالم المعرفة، الكويت، 1986.
14. حميد موراني و عبد الحليم منتصر، قراءة تاريخ العلوم عند العرب، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد – العراق 1974.
15. الجامع الصحيح: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، التحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط ١، 1422هـ (122/7)، رقم الحديث (5680)
16. الخطابي، غريب الحديث، التحقيق: عبد الكريم إبراهيم الغرباوي، خرج أحاديثه: عبد القيوم عبد رب النبي، ط1، دار الفكر – دمشق، 1402 هـ - 1982م.
17. راجي عباس التكريتي، الإسناد الطبي في الجيوش العربية الإسلامية، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤.
18. رينهارت بيتر آن دوزي (1300هـ): تكملة المعاجم العربية، نقله إلى العربية وعلق عليه: محمد سليم النعيمي، ط 1، 1979_ 2000 م، وزارة الثقافة والإعلام، الجمهورية العراقية.
19. زيتون كمال، تصميم البحوث الكيفية و معالجة بياناتها الكترونية، عالم الكتب، القاهرة، 2006.
20. الذهبي: سير أعلام النبلاء، ط2، دار الحديث- القاهرة، 1427هـ-2006م.

21. الزركلي: الأعلام، ط 15، دار العلم للملايين، بيروت – لبنان، 2002م.
22. سيغريد هونكه: شمس العرب تسطع على الغرب، ترجمة: فاروق بيضون و كمال دسوقي، ط8، دار الجيل بيروت 1993.
23. سهيل رزق دياب، مناهج البحث العلمى، (بدون الطبع)، فلسطين، 2003.
24. شاكر مصطفي سليم، قاموس الأنثربولوجي، ط ١، ١٩٩٨١، جامعة الكويت.
25. عيسى الشماس مدخل الى علم الإنسان (الانثربولوجيا)، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2004.
26. عبدالباسط محمد حسن، اصول البحث الاجتماعى، ط3، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، 1971.
27. عبدالحميد لطفى، الانثروبولوجية الاجتماعية، دارالمعارف، القاهرة، 1984.
28. علي المكاوي، علم الاجتماع الطبي في الوطن العربي، إسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٠.
29. عبد الوهاب عبد القادر مصطفى الجلبي، السلوك الطبي والآداب المهني، مطبعة جامعة الموصل، ط 1، الموصل – العراق، 1988.
30. ضحى بنت محود بابللي: الطب البديل، ط1، الرياض – مملكة العربية السعودية 2007.
31. فيصل السالم و توفيق فرح، قاموس التحليل الاجتماعى، (بدون الطبع)، لبنان، 1980.
32. فتحيه محمد ابراهيم و مصطفى حمدى الشنوانى، مدخل الى مناهج البحث فى علم الانسان " الانثروبولوجيا "، دار المريخ للنشر، الرياض، السعوديه، 1988.
33. فاروق احمد مصطفى و محمد عباس إبراهيم، المناهج الانثروبولوجية و تطبيقاتها الميدانية، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، مصر، 2010.

34. فخري الدباغ، أصول الطب النفسي، ط ٢، مؤسسة دار الكتب الجامعة – الموصل، ١٩٧٧.
35. قيس النوري. الحضارة والشخصية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، المكتبة الوطنية، بغداد، ١٩٨١.
36. قراءات معاصرة في نظرية علم الاجتماع، ت: مصطفى خلف عبدالجواد، مراجعة الترجمة: محمد الجوهري، مركز البحوث والدراسات الاجتماعية، كلية الاداب – جامعة القاهرة، 2002، ص86. (pdf) (من دون اسم الكاتب).
37. فوزي العنتيل: بين الفولكلور والثقافة الشعبية، ط 1، القاهرة _ الهيئة المصرية للكتاب، 1899.
38. نجلاء عاطف خليل، فى علم الاجتماع الطبى، ثقاتفة الصحة والمرض، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٦.
39. نادية بالحاج، السحر والتطبيب في المغرب، الشركة المغريبية للناشرين والمتحددين – الرباط، ١٩٨٦، نشرت هذه الدراسة ضمن مواد ملحق ثقافي لجريدة اتحاد الاشتراكي، الرقم ١٧٨، سنة ١٩٨٧.
40. نبيل صبحي حنا، الاتجاهات التقليدية والحديثة في الأنثربولوجيا الاجتماعية، دار المعرفة الجامعية الإسكندرية – مصر، ١٩٨٥.
41. مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري، صحيح مسلم، التحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط1، (1204/3) رقم الحديث (62)
42. مجموعة من الكتاب: الموسوعة العربية الميسرة، ط1 (2010م/1431هـ)، شركة ابناء شريف الأنصاري، بيروت – لبنان.
43. مجيد حميد عارف، في الأنثربولوجيا الطبية، الموسوعة الثقافية تصدر عن دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤.

44. محمد الجوهري، الأنثربولوجيا، أسس نظرية وتطبيقات عملية، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٨.
45. محمد صفوح الأخرس، الأنثروبولوجيا وتنمية المجتمعات المحلية، مكتبة الأسد، ط١، دمشق، ٢٠٠١.
46. محمد بن صالح العساف، المدخل الى البحث فى العلوم السلوكية، مكتبة العبيكان، الرياض، 2010.
47. محمود روح الامينى، مبانى انسان شناسى، ت:محسن ثلاثى، تهران، علمى، ١٣٨١.
48. محمد صفوح الاخرس، الانثروبولوجيا و تنمية المجتمعات المحلية، ط1، مكتبة الاسد، دمشق، 2001.
49. محمد شفيق، البحث العلمى الاسس- الاعداد- المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، مصر، 2008.
50. معن خليل عمر، الموضوعية والتحليل فى البحث الاجتماعى، دار الافاق الجديدة، بيروت، 1983.
51. محمد حسن غامري: المناهج الأنثروبولوجية، ط1، المركز العربي للنشر والتوزيع – الإسكندرية.
52. محمد عبده محجوب، طرق ومناهج البحث السوسيوانثروبولوجى، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 2005.
53. عبدالفتاح محمد المشهداني: الطب الشعبي والطب العلمي –دراسة وصفية تحليلية- تأريخ استلام البحث 2011/4/28، وتأريخ القبول 2011/8/4، دراسة تقدم بها الباحث إلى قسم الاجتماع كلية الآداب – جامعة موصل، (مجلة دراسات موصلية، العدد 34، أيلول 2011).
54. محمد عبدالعبود مرسى، الأنثروبولوجيا العامة، دار المعرفة الجامعية، مصر، الاسكندرية، 1989، ص 69.

55.محمد الجوهرى و آخرون، علم الاجتماع الطبى، ط١، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٨.
56.موفق الحمدانى و اخرون، مناهج البحث العلمى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، اردن، 2006.
57.مهنا يوسف حداد، الانثربولوجيا الدينية، الطبعة الأولى، دار اليازوري، الاردن.

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزی و فەرەنسییەکان:


1) An Introduction to the History of Medicine: From the Time of the Pharaohs to the End of the XVIIIth Century: Cumston: London; Kegan Paul, Trench, Trubner & Co., LTD192
2) Ammar S. En souvenir de la medecine arabe. Quelques-uns de ses grands noms. Ed. Sot. tunisienne de diffusion. Tunis, 1965.
3) Candil, William: Applied Anthropology in Medicine, Anthropology today, Kroeber, A, L. C.ED), Chicago, 1953.
4) Chavoushi, S.H., Ghabili, K., Kazemi, A., Aslanabadi, A., Babapour, S., Ahmedli, R., & Golzari, S.E. (2012). Surgery for Gynecomastia in the Islamic Golden Age: Al-Tasrif of Al-Zahrawi (936–1013 AD). ISRN Surgery, 2012. P 56.
5) Cecil Hellman: Culture, Health and Illnes, an introduction For health professionals, writing PSG, 3ed, London, 1995.
6) Foster G.M: Medical Anthropology, new york, wiley, 1978.
7) Jean copans, lenquete ethnologique de terrain, paris – Nathan, 1998.
8) James L. Levenson, M. D., Stephen J. Ferrando, M.D. Psychopharmacology in the Medically ill, second edition, 2003.
9) Marilyn Bailey Ogilvie: The Biographical Dictionary of Women in Science, Routledge- ISBN 978-1-135-96342-2, volume 1.
10) Medicines: report of a WHO global survey. Geneva, World Health Organization, 2005
11) M. S. Spink and G. L. Lewis, Albucasis on Surgery and Instruments, Wellcome Institute of the History of Medicine, London, UK, 1973.
12) National policy on traditional medicine and regulation of herbal.
13) Theories of Primitive Religion. Oxford University Press. ISBN 0-19-823131-8, 1965.

**چوارەم: لیستی چاوپێکەوتنەکان**

1) إبراهيم قادر حسين، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمان و کەڵەشاخی إبراهيم، صابونکەران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/٢٢.
2) ئاری قیوم عبدالكريم، گیادەرمانی سروشت، شەقامی گۆران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٣.
3) بارام مستەفا قادر، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، کەڵەشاخ و دەرزی ئاژنینی شیفا، شەقامی کاوە، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/٢٧.
4) بختيار خدر خليل، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانە و کەڵەشاخی سەید خلیل، شارەوانی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٥.
5) بەهار مەجید حەسەن، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەرمانخانەی ڕەیان، شەقامی شۆڕش، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٣١.
6) جلال کریم أومر، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەرمانخانەی ژیار، ڕاپەڕین، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٥/٢٧.
7) جميل محمد محي الدين، دەستەی دامەزرێنەر، شەهیدانی ئازادی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/١٩.
8) حميد عمر كريم، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، کەڵەشاخی سلێمانی، دارۆغا، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/٢٧.
9) دیار إبراهیم أحمد، گیادەرمانە و جوانکاری نیلۆفەر، سلێمانی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٤/٢٤.
10) ڕەنج فارووق فەتاح، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمان و کەڵەشاخی ژیار، ڕاپەڕین، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٦/٩.
11) سارا بختیار خدر، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانەی سەید خلیل، شارەوانی، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٢.

12) شیرین باوا هاشم، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانی دایک، شەقامی ئۆرزدی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٦/٥.

13) عمر رشید أحمد، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانی دنیا، شەقامی گۆران، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٤/١٥.

14)فاروق عمر حمەلاو، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانەی شەقایق، زێڕینۆک، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/١١.

15) قەییوم عەبدولکەریم عەبدولمەجید، دەستەی دامەزرێنەر، دەرمانخانەی سرووشت، شەقامی گۆران، چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٢٠.

16) کارزان محمد أمین، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانەی کارزان، بازاڕی ئاوباریک، ٢٠٢١/٦/١٣.

17)کریم أحمد محي الدین، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانە و کەڵەشاخی شایان، بەکرەجۆ، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٤/٢١.

18) لقمان عبدالله علي عبدالله، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، کەڵەشاخی ئایە، إبراهیم پاشا، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٥/٨.

19)هاوژین صبری محمود، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، دەستەی دامەزرێنەر، گیادەرمانەی وەنەوشە، شەقامی کاک أحمدی شێخ، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/١٥.

20)هەرێم عمر صدیق، ئەندامی کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، گیادەرمانی کارزان، بازاری ئاوباریک، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢١/٦/١٦.

**پێنجەم: گۆڤار و ماڵپەڕەکان:**


1) إكستراند، د. المزاجات البشرية الأربعة The Transformed Soul: thetransformedsoul.com. Psychologia: psychologia.co
2) سایتیwww.gksat.tv
3) https://docdro.id/KbUBXnA
4) https://www.google.com/search?source=univ&tbm=isch&
5) https://www.almayadeen.net/health
6) https://ar.wikipedia.org/wiki/
7) https://gallery.janatna.com/
8) https://www.almrsal.com/post/
9) https://www.facebook.com/BIRWRA/photos
10) https://www.webteb.com/article
11) https://m.facebook.com/
12) https://laraprof.com/product
13) https://www.albawabhnews.com
14) https://www.elbalad.news
15) https://www.arrajol.com/content
16) https://news.webteb.com
17) https://www.aa.com.tr/ar
18) منظمة الصحة العالمية، المجلس التنفيذي، الدورة 65 و 120، البند: 4-13 . البند: 10-14، من جدول الأعمال، EB120/36من جدول الأعمال، WHA56.31.

19) منظمة الصحة العالمية: استراتيجية منظمة الصحة العالمية في الطب التقليدي (الشعبي)، منشورات منظمة الصحة العالمية 2014-2023.

20)عبدالفتاح محمد المشهداني: الطب الشعبي والطب العلمي –دراسة وصفية تحليلية- تأريخ استلام البحث 2011/4/28، وتأريخ القبول 2011/8/4، دراسة تقدم بها الباحث إلى قسم الاجتماع كلية الآداب – جامعة موصل، (مجلة دراسات موصلية، العدد 34، أيلول 2011).

## شەشەم: توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا:

### یەکەم: زمانی کوردی

1) بەهادین فەرەج مەحموود، هاوار –توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجی ماستەرنامەیەکە پێشکەشی بەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی کۆمەڵنای کراوە، بڵاونەکراوە ٢٠١٦، ل ١١٤.

2) مەسعود مەحمود حەسەن: شاری سلێمانی( 1988-2003) "توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، نامەیەکی ماستەرە و پێشکەشی بە (بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی)ی کراوە، ٢٠١٨، (بڵاونەکراوەتەوە).

**دووەم: زمانی عەرەبی**


1) عبدالرزاق صالح محمود، الطب الشعبي في مدينة الموصل، دراسة اجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة إلى كلية الآداب–قسم علم الاجتماع، جامعة موصل، ٢٠٠٥.

**2)** عبدالله خورشيد عبدالله، البناء الاجتماعي للقرية الكوردية _دراسة أنثروبولوجية اجتماعية_ لقرية (بحركة)، رسالة ماجستير تقدم بها الطالب إلى كلية الآداب في جامعة صلاح الدين_ أربيل، في قسم الاجتماع، (غير منشورة)، 1416هـ/ 1996م.

3) العلوم العقلية في الدولة العثمانية من عهدالسلطان محمد الفاتح إلى عهد السلطان سليمان القانونى، علوم الطب والجغرافيا والهندسة أنموذجا، رسالة ماجستير.

4) لطرش أمينة، الأعشاب الطبية –ممارسات وتصورات– مقاربة أنثروبولوجية – قسطنطينية، رسالة الماجستير: المقدمة من جامعة منتوري – قسطنطينية، قسم علم الاجتماع 2011 (غير المنشور).

## حەوتەم: پاشکۆ

کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان
لقی سلێمانی
کارگێری

جمعية العشابين الكوردستانية
فرع السليمانية

Kurdistan Herbalists Association
Sulaimanya Branch

ژمارە : (١١)        بەروار : (٦ / ٤ / ٢٠٢١)

بۆ / سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان / بەشی کۆمەڵناسی

بابەت / هاوکاری زانستی

وەڵام بە نەسراوتان ژمارە (٩٢٩/٢٩/٧) لە بەرواری (٢٠٢١/٢/٢٨) کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان بە گرنگیپێدانەوە هاوکاری پێویست پێشکەش بە خوێندکار (خەلات محسن جلال) دەکات کە خوێندکاری خوێندنی بالآیە (ماستەر) لە بەشی کۆمەڵناسی/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، چونکە پێمان وایە ئەو هاوکاریە ئەرکی سەرشانمانە ، لە هەمان کات دا ئە نجامدانی توێژینەوە لە بواری پزیشکی میللی دا کارێکی نوێ یە و پێوستی بە هەوڵ و ماندوبوون و داتا و ئاماری دروست هەیە.

هاوپێچ : ئاماری پیشەوەرانی پزیشکی میللی کوردەواری لە سنوری شاری سلێمانی

قیوم عبدالکریم عبدالمجید
جێگری سەرۆکی کۆمەڵە و بەرپرسی لقی سلێمانی

حكومة إقليم كردستان العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية – كلية العلوم الإنسانية

قسم علم الاجتماع

# الطـب الشعـبي

## -دراسة أنثروبولوجية في مدينة السليمانية-

مقدمة إلى كلية العلوم الإنسانية في جامعة السليمانية، كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في علم الاجتماع – الأنثروبولوجيا

من قبل

خەلآت محسن جلال

بإشراف

د. جوان بختيار بهاءالدين

٢٧٢٢ ك　　　١٤٤٣هـ　　　٢٠٢٢م

## ملخص باللغة العربية

إن لجميع المجتمعات الإنسانية ثقافة متسمة بها، وأنها تعد واحدة من أساليب حياة شعب بعينه أو مجتمع ما، إذ يعرف المجتمع بسبب ثقافته التي تميزها عن الآخر. في الحقيقة هناك علاقة وطيدة ما بين الثقافة والمجتمع، ولذلك أصبحت الثقافة موقع اهتمام بالغ الأهمية من قبل جميع أصول الأنثروبولوجيا وفروعها. وأن الصحة السليمة تعد واحدة من الجوانب المهمة للحياة، لذا أعطى الأنثروبولوجيون أهمية أكثر بالناحية الصحية والمرضية والتي تتعلق بالثقافة المألوفة للمجتمع.

إن الدراسة هذه؛ يدور محتواها حول موضوع الطب الشعبي، والذي باتت ممارستها معروفة و منتشرة في جميع أصقاع المعمورة، وأن ممارسي هذه المهنة ومنشغليها لهم مساهمة ملفتة في تحسين حالة الإنسان الصحية، لا سيما أولئك الذين قاموا بتقديم خدمات الرقابة الأولية، والتي تعد موضوعا حيا ومستخدما في الوقت نفسه أسلوبا علاجيا حيث مارسها الإنسان حينما أصابوا بسقام أو مرض ما. وأن أهمية الدراسة تتجلى في كونها تصبح مصدرا أساسيا للمعلومات المتعلقة بالأنثروبولوجيا الطبية.

والهدف المرجو منها هو عرض مهنة الطب الشعبي في المجتمع الكوردي، وإبانة نوعية الأمراض وكيفية معالجتها والوقوف أيضا بالحد من انتشارها، فضلا عن العرض المتسع للأسباب التي تدفع بالمريض كي يقوم بزيارة الطبيب الشعبي.

إن أهم النتائج المستحصلة التي وصلت إليها الدراسة أنه ليست هناك عملية جراحية في المعالجة الشعبية، وإنما نجد بدلا منها المعالجة بالحجامة واستخدام دودة العلق وكذلك تناول كثير من الأعشاب المفيدة الموجودة في مناطق كوردستان عن طريق الكبسول، وهذا الأخير هو أبرز الطرق العلاجية التي سلكها المريض، لأن الأعشاب الطبية هي نباتات طبيعية غير مضرة ولها خصائص علاجية للأمراض المختلفة، ويمكن إضافتها إلى المشروبات مثل الشراب أو الشاي، أو قد تستهلك على شكل المساحيق أو الكبسولات. يمكننا أن نشير إلى أن الطب الشعبي أعطى أهمية قصوى بالمزاج والصحية النفسية للمريض، حيث إن مزاج المريض نفسه ستؤثر _لا محالة_ على نوعية معالجته وقيامه بالطرق العلاجية السليمة حياله.

تم تقسيم الدراسة إلى مقدمة وأربعة فصول رئيسة، حيث قمنا في **الفصل الأول** منها بعرض عناصر الدراسة ومناهجها، واستخدمنا فيها منهج الأنثروبولوجيا، وكذلك اعتمدنا على انتهاج مناهج أخرى متعلقة بالدراسة حيث تجسدت في كل من المناهج التاريخية والأثنوغرافية والمقارنة. لكن ما يتعلق **بالفصل الثاني** منها فقد تطرقنا إلى تاريخ الطب الشعبي وأهميته وهو بدوره يتضمن مبحثين رئيسين وهما: تاريخ استهلال الطب الشعبي من جهة ومظاهره من جهة أخرى. وكذلك تم عرض الطب الشعبي في هذا الفصل من جهات عديدة وهي متكونة من: الطب الشعبي بوصفه مهنة وراثية، والطب الشعبي بدوره جزءا من ثقافة المجتمع، وكذلك الطب الشعبي بوصفه علاجا للجانب النفسي والديني. أما بالنسبة **للفصل الثالث**؛ فتم تسليط الضوء على أبعاد الطب الشعبي، حيث أشرنا في المبحث الأول منه إلى الأسباب المؤدية لتناول العلاج فضلا عن المعلومات الكافية المتعلقة بالمرضى، وفي المبحث الثاني تكلمنا مسهبا حول المعالجة الشعبية والأمراض المألوفة، وكذلك القيام بتحديد أبرز الأمراض التي تمت معالجتها من قبل ممارسي الطب الشعبي. ولكن بالنسبة **للفصل الرابع** فسلطت الباحثة الضوء على نتائج عدة فضلا عن مقترحات وتوصيات وقائمة المصادر والمراجع. هذا مع القيام بوضع ملخص بكلتي اللغتين العربية والانجليزية.

# Abstract

All human societies have their own culture. The culture is constructed according to the life style of a nation or a society, and the society is recognized by its culture. It is clear, there is a strong relationship between society and culture. For this, the culture is significant and taken in consideration for all anthropological brunches. A good state of health is one of the most important aspects of humanbeings life. So that, the interest of anthropologists of medicine and diseases belongs to the common culture in the society.

This anthropological study is about Traditional Medicine which has been known and popular for thousands of years, and now is being practiced. Those people whom are working in this profession had a great role so as to improve the state of human health. Particularly, all who offered the primitive service and care. This is the popular style of treatment which people used when either they faced a bad state of health, illness or a disease.

The desired goal is to present the profession of folk medicine in the Kurdish society, and to show the type of diseases and how to treat them and to limit their spread, as well as the extensive presentation of the reasons that motivate the patient to visit the folk doctor.

The importance of this study is, it would be a great resource in the field of anthropological medicine, because it is the first anthropological study that would have been written in Kurdish language focused this issue. It also one of the main subjects of anthropological study is to concentrate on traditions, culture, traditional medicine and those treatments used and became an important part of culture which most of people take it in consideration, and a large number of them rely on it as a belief.

The most important results obtained by the study are: there is no surgery in the folk treatment, instead we find treatment with cupping and the use of leeches, as well as taking many useful herbs found in the Kurdistan region through the capsule, and the latter is the most prominent treatment methods taken by the patients, because medicinal herbs are harmless natural plants and have healing properties for various diseases, they can be added to drinks either as syrup, tea or they may be consumed in

as powders and capsules. We can point out that folk medicine has given utmost importance to the mood and mental health of the patient, as the mood of the patient himself/herself will inevitably affect the quality of his treatment, and the proper treatment methods towards him/her.

The study was divided into an introduction and four main chapters, where in the first chapter we presented the elements and curricula of the study, and we used the anthropology approach, as well as we relied on the adoption of other approaches related to the study, which were embodied in the historical, ethnographic and comparative approaches. But with regard to the second chapter of it, we have touched upon the history of folk medicine and its importance, which in turn includes two main topics: the history of the initiation of folk medicine on the one hand and its manifestations on the other hand. Also, folk medicine was presented in this chapter from many sides, and it consists of: folk medicine as a hereditary profession, and folk medicine in turn is part of the culture of society, as well as folk medicine as a treatment for the psychological and religious aspect. As for the third chapter; The dimensions of folk medicine were shed light on, where we referred in the first section to the reasons for taking treatment as well as sufficient information related to patients, and in the second section we talked at length about popular treatment and familiar diseases, as well as identifying the most prominent diseases that were treated by practitioners of folk medicine. . But for the fourth chapter, the researcher shed light on several results, as well as suggestions and recommendations, and a list of sources and references. as well as wrote the abstract in both Arabic and English languages.

Kurdistan Regional Governet-Iraq
Ministry Of Higher Education and Scienttific Research
University Of Sulaimani-College Of Humanities
Department of  Sociology

# Traditional Medicine

## An anthropological study in the city of Sulaymaniyah

This Research submitted to The Council of The College Of Humanities at the University Of Sulaimani In Partial Fulfillment Of The degree of Master in Sociology-Anthropology.

By
Khalat Muhsin Jalal

Supervised by
Dr. Jwan Bakhtyar Bahaedin

2022 C　　1443 H　　2722 K